# ملیکە مزان

# بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ

ڕۆمان

دەقێکە لە ئەدەبێکی ناوازەی یاخی

وەرگێڕانی شێرزاد هەینی

لە سەنتەری نما لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

پێشکەشە بە تۆ:

ئەحمەد عەسید

بۆ تۆ پێشکەشە ئەی هەڤاڵی خەونەکانم و هاوڕێی خەباتم

ئەوە بۆ تۆیە، لەلایەن رەوانبێژی جەستەمان کە دارمان و شکست رەتدەکاتەوە...

ملیکە مزان

ئەو ڕۆمانە لە مەغریب لە ساڵی ٢٠١٣ی زاینی چاپکراوە.

کورتەیەک لە ژیان و چالاکییەکانی ژنە یاخییەکە ملیکە مزان:

لە ماڵپەڕەکانەوە وەرگیراوە.

ملیکە مزان، شاعیر و رۆماننووسێکی ئەمازیگی سکۆلار و چالاکوانە لە بوارەکانی یاسایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، بە زمانی عەرەبی دەنووسێت و دەپەیڤێت. ئەو لە گوندی ئایت ئاعتابی ناو چیاکانی ئەتلەسی ناوەڕاست لە مەغریب لەدایکبووە. خوێندنی فەلسەفەی لە زانکۆیەکی فاسی مەغریبی تەواو کردووە. دە ساڵ مامۆستای زمانی عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامی بووە، نۆ ساڵ لە سویسرا ژیاوە، لەوێ بە نووسین و بەرگری لە کۆچبەرە مەغریبییەکان سەرقاڵ بووە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی یەکەم دیوانە شیعری دەرچووە. لە دەست نائومێدییەکان و پاوانخوازەکانی بوارەکانی رۆشنبیری لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی دەچێتە فەرەنسا، بە یارمەتی هاوسەرە دبلۆماسییەکەی لەوێ دەژیت. لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی ناوی لە پێگەی شاعیرەکانی جیهان، وەک بزاڤێکی شیعری جیهانی بۆ خزمەتی ئاشتی بە سەرۆکایەتی شاعیری شیلی جیهانی لویس ئاریاس مانزو دەردەکەوێت. ماوەیەک دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی، لەناو چیاییەکان دەژیت، تا لەنزیکەوە ژانی خەڵکە

بەلەنگازەکەز زۆرتر هەست پێ بکات. بەردەوام لە کۆڕ و کۆبونەوەکانی لۆکالی و جیهانی، وەک شاعیر و چالاکوان داوەت دەکرێت و پەیامەکانی بڵاودەکاتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ چوارەم دیوانی شیعری دەردەچێت. دیوانی پێنجەمی بەناوی (مەمکە یاخییەکانت لێرەوە گوزەر دەکەن) بڵاودەکاتەوە. بۆ پشتیوانی خەڵکی داماوی پەراوێزکراوی گوندی ئەنفگۆ، لەناو پەرلەمانی مەغریبی ماندەگرێت. دەچێتەوە فەرەنسا بۆ بەشداریکردن لە هەڤاڵبەندی ئاشتی و ئازادی بەشی ئەمازیگی. لە رۆژی جیهانی ژنان خەڵاتێک بەناوی ئەو دەردەکەن، بەڵام لەبەر هۆکاری نادیاری سەنتەرەکە جێبەجێ ناکرێت. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ی زاینی لەسەر خەباتە سیاسییەکانی و ناڕەزایی و گوتارە توندەکانی هاوسەرە دبلۆماسییەکەی تەڵاقی دەدات. لەبەر ئەوەی لەگەڵ سکرتێری حزبی دیموکراتی ئەمازیگی قەدەغەکراو سەید ئەحمەد ئەلدغیرنی لە یونیوی ساڵی ٢٠٠٨ی زاینی سەردانی ئیسرائیل، لە زۆر دیدار و چالاکییەکان بێبەش دەکرێت.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ی زاینی دیوانی شەشەمی شیعرەکانی بەناوی (من و مەلعونەکانی تر) و لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٣ی زاینی و رۆمانی بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ بڵاودەکاتەوە، هەر لەو ساڵەدا بۆ ناڕەزایی لەسەر نەبوونی نووسینی ئەمازیگی لە فرۆکەخانەکانی مەغریب لە فڕۆکەخانەیەک ماندەگرێت.

نووسین و شیعرەکانی ئەو ژنە ئەمازیگییە، لەناو رۆشنبیر و چالاکوانی میللەتانی (ئەمازیگی، عەرەبی، کوردی، نوبی، فەرعونی، فارسی، فەرەنسی) دەبێتە رۆژەڤی نووسین و وتار و رەخنە و لێکۆڵینەوەکان. هەندێ لە نووسینەکانی وەردەگێڕێنە سەر زمانی فەرەنسی و کوردی. لەسەر ئەزموون و هزر و پەیڤەکانی، ملیکە مزان لەسەر هەڵویستە عەقڵانییەتە ئازاکانی، بەتومەتی ناشیرینکردنی رەووشتی گشتی و سۆزانیەت و ئیلحاد و کوفر تاوانبار دەکرێت. ئێستاش رۆژانە و بەردەوام و بە زمانی عەرەبی لە فەیسبوک و ماڵپەڕە ئەدەبی و سەنتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، داکۆکی لە بوون و مافەکانی ئەمازیگییەکان دەکات، یەکەم ژنە لەو وڵاتەش خەم لە دۆز و خەبات و بەرگرییەکانی کوردستان دەخوات، خەباتی میللەتەکەی و کورد بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەش زۆر گران لەسەری دەکەوێت و قسە و سووکایەتی زۆری پێ دەکەن، بەتایبەتی ئیسلامییە توندڕەوەکان و عەرەبە شۆفینییەکان، بەڵام ئەو ئازایانە و سەرکەشانە بۆچوونەکانی دەردەبڕێت و شیعرەکانی دەنووسێت و پەیامەکەی بڵاودەکاتەوە.

بۆ هەناسەیەک لە بۆنی تۆ

ملیکە مزان

ناشیرینییەکان لە هەموو بڵندگۆکان، لە هەموو پەرستگاکان...

تۆ بەس ئازایەتی چۆلەکەیەکت هەبێت، کە بەرگری لە بێچووەکانی دەکات!

ئیزا

بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ

## ١

لە گوندەکەمان ئایت ئاعتابەوە، بەرەو شاری تیزنیت دەڕۆیشتین، لەرێگادا، بە پایتەختەکەی ئێوەش گوزەرمان کرد، بەناو ئامور ئاکوش (مەراکش)ەوە رۆیشتین.

لەورۆژەدا، دایکم بۆی دەگێڕامەوە، من لەودەمانە منالێکی شیرخۆرە بووم، بچووک بووم، تۆش هێشتا لە منالدانی غەیبەوە دەرنەچووبویت، تا لە باکووری ئەفریقیا، بۆ هەلسانەوە و رابوونی مافەکانی مرۆڤ، دەست بە هەلچوون و چالاکییەکان بکەیت، تۆ هێشتا ساز نەبوویت هاوار بکەیت بۆ دیموکراسی و نوێگەرایی و سکۆلار و ... هەموو دروشم و پەیامەکانی تریش.

ئایا ئێستا ئەوە بلێم، دەتوانم ئەوە بلێم... یان ئەوانە تەنها دروشمی بریقەدار بوون؟!

نەخێر، بوار نادەم ئەو رۆمان و گێڕانەوەیەی من لەبارببات، ئێمە هێشتا پێنەگەیوین!

ئەو رۆژە، لەبەر ئاسەواری بۆمەلەرزەکەی سەر شاری ئەگادیر، من لەگەل دایکوباوکم شەوەکەی لە ئامور ئاکوشماینەوە، ئایا مانەوەکەمان لەو شارە و لەو کاروانەدا ناچاری بوو، تەنها رێکەوتێک بوو، یان هەواری یەکەمی کاروان و وێستگەکانی دیمانەکانمانی من و تۆ بوو، رێکەوت بوو لەگەل تۆی خۆشەویست؟! دیمانە و یادگارەکانی ئامور ئاکوشمانم لە خەیال

نەبوو و بیریشمان لەوە نەدەکردەوە، کە بۆمەلەرزەیەکی تر بەرێوەیە، بە هەموو ئارەزوو و سەرکەوتن و سەرکەشییەوە رووبەڕوومان دەبێتەوە!

ئێستا دەزانم و تێگەیشتم، عیشق و سووتانم بۆ ئامور ئاکوش، عیشقم بۆ هەموو گۆشەکانی پەیوەیست بە تۆ، لە ناخمدا دەتەقێتەوە، ئەو عیشقە ئێستا نەخوڵقاوە، بەڵکو لەو رۆژەوە بوو، کە یەکەمجار هەوای ئەو شوێنەم هەڵمژیوە، کە لە وێستگەی گەشتیارانی شەمەندەفەرەکە چاوەڕوان بووین، بەرەو تیزنیت، شوێنی ئیشە نوێیەکەی باوکم بەڕێدەکەوتین.

شارەکەی منە ئامور ئاکوش، پاش یەکەم دیمانەم لەو شارە، شارەکە دەبێتە شاری من، ئای لەو قەدەرە سەیرە!

شارەکە، لەبەر عیشقی تۆ، ئەو شارە و هەموو شارەکانی باشوور!

پاش تۆ، هەموو پایتەختەکانی سەردانم کردن، پاش ئامور ئاکوش، رقم لە هەموو شارەکان دەبێتەوە، کە بەدرەووشتی شارەکان گەمارۆیان دام، بۆیە نامەوێ بیرت بکەمەوە.

قین و رقم لە هەموو پایتەختەکانە ...

هەموویان هەتا (ریبات)یش، کەوتمە بەر سێبەری چاوە بێدارەکانی، خەواڵوو دەبم و لە شیرینەخەوەکانیش بە یادی تۆوە هەڵدەستمەوە، رووبارێکی ئەڤینیت بۆ بەرێدەکەم، وێڵم بۆ تۆ.

رووبارێک و نەمدەزانی سەرچاوەکانی تەنها تۆیە و تۆ و بەس، هەموو لق و جۆگەکانی دەگەنەوە ناو رووبارەکەی تۆ.

رق و قینم لە هەموو پایتەختەکانە ...

ریبات، ئەو شارەش ریبات، هۆگری بووم و زۆری نەمابوو لە تۆم دابپڕێت، هۆگرییەکی گەرم گەیشتە ناو هەناوم، بەڵام چرکەساتێک هەستم بە هەژانێک کرد و تۆم هاتەوە بیر، ئینجا، پاش بەرگری و کەللەرەقیم، منی بە تۆ گیرساندەوە و هەر تۆ و بەس.

ئەو شارەش قینی لە دڵ بوو، تۆم کەوتەوە یاد!

وەک رووناکبیرێک، مۆری رەسەنی لەسەر هزری مەغریبی هاوچەرخ هەبێت، وردەکارییەکانی سەرچاوە و ئیلهامەکەی من بووم، هۆگرییەک نۆژەن و خالیق... تۆم لە یادە.

وانەبێژێک، هەموو جوگرافیای خەونەکانی بینیبوو، بەر لە تۆ هیچ تێکۆشەرێکی مافناس و یاساناسی تر، وەڵامیان پێ نەبوو. تۆم لەبیرە.

شەرەفە بۆ من کە بیرت دەکەمەوە و تۆم لە خەیاڵە... گەورەم!

...

گەورەم...

لەناو سینەم، هەستم نەدەکرد شاری ریبات، بە هەڵامەتی خۆشەویستی لەعنەتت لێ بکات، وا من لەناو ریبات تۆم خۆشویست، وڵاتەکەش لە جۆرها کەمتەرخەمی چاک دەبێتەوە.

کە کاردانەوەی خۆشەویستییەکەی تۆ، گەیشتە ناو خوێنم، داواش دەکەم دەست لەسەر هەموو شتە قەدەغەکراوەکان هەڵبگرن!

گەورەم ...

کە ئەڤینی تۆ دەبێتە هەوێنی من، وڵاتیش واز لە هەموو دارهەنجیرەکان دەهێنێت، واز لە هەموو دارمێوە رەشمیرییەکان دەهێنێت، با لەناو ئەڤینەکەی تۆدا، مەستییە حەڵاڵەکە تام بکەم.

خۆشەویستییە شێتییەکەم دەبێتە هەموو کۆشش و تەقەوکانم!

گەورەم ...

من بەرەو ئەوە دەچم لەناو حەزووری تۆدا سوجدە ببەم، لە ژووانەکەم دواناکەوم.

گەورەم...

بەپێی شەریعەتەکانی بێگەردی، هەتا دەگاتە ویستی شەهیدەکانی رەتکردنەوە و پەرچەکردار، بەپێی راسپاردە و رێنمایی ئەوانەی بە لۆژیکی موخەنەتی شۆک بوون، هەناسەکانی خۆم، تەنها لەودەمانە خۆشدەوێت کە لەبن دەستەکانی تۆم... گەورەم...

چ جۆرە هەتوانێک دەگاتە سەر رۆحم؟!

## ٢

مەغریبی هاوچەرخ و... خەونێک بۆ بەئامێزکردنی ئازادبوون...

لە ساتی لەدایکبوونی ئەو، لە رۆژی ١٨ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٥٦ی زاینی خەونی مەغریب، بۆ گەیشتن بە ئازادییەکی راستەقینەیی بەو رۆژە دەبەسترێتەوە.

موحمەد خەیرەدین و ... (ئەو مەغریبە)...

موحمەد خەیرەدین لە لوتکەی تووڕەیی یاخیبوونەکەی لە رۆژی ١٨ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٥ی زاینی دەمرێت.

موحمەد شوکری و (نانی رووت) ...

موحمەد شوکردی لە رۆژی ١٥ی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٣ی زاینی بە دەردی برسیەتی و تینوویەتی دەمرێت.

ملیکە مزان و ... ( من و مەلعونەکانی تر) ...

ملیکە مزان ئامێزی هەموو مەلعونەکان لە رۆژی ١٢ی دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٨ی زاینی جێدەهێڵێت.

ئیدمون عومەران ئەلمەلیح و ... (ئیلان یان شەوچەرەکە) ...

ئیدمونی ئەمازیگی جوولەکەی شکۆدار لەکاتی لێدوان و پەیڤەکانی، رۆژی ١٥ی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠١٠ی زاینی دەمرێت.

ئەحمەد عەسید و ... (چەند نامەیەک بۆ دەستبژێرێکی مەغریبی) ...

هێشتا ئەحمەد عەسید هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە، هەموو ساڵێکیش کە لە مانگی نۆڤمبەردا یادی رووبەڕوونەوەی مانەوە و خۆراگری دەکاتەوە.

(دوا هەڕەشەی کوشتنی لە مانگی ئەپریلی ساڵی ٢٠١٣ی زاینی پێ دەگات).

ئینجا ...

منم ئیزا، پرۆژەی نووسینی رۆمانی ئامێزێک لە بۆنەکەم بۆ تۆ، بە ناوی بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ... لەبەر دەستە.

ئەو دانی بەوە دانابوو، بەرەسمی وتبووی تۆ مافی ئامێز و هەناسەیەکی بۆنی منت هەیە، لە رۆژی ١٧ی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠٠١ی زاینی هەتا رۆژی ٩ی مارسی ساڵی ٢٠١١ و رۆژی ٢٠ی فبرایەری هەمان ساڵیش.

ئەزیزەکەم یوبا...

بەو رۆمانە، مەبەستم پرۆژەکەی بەنیازم بینووسم، من ئیزا، مانگی فبرایەر پشتیوانمە، ئەو مانگە هەموو مانگێکی یاخی جوان، ئەگەر توانیم سەربکەوم، چیتر مافی ئەوەت نییە، خەون بە سەربەستییەکی راستەقینەیی دژ بە مانگی فبرایەر ببینیت، بۆ تۆ ئەو مانگە هەرەس و پرسەیە...

دەنگە سیحراوییەکەت لە باشوورەوە دەگاتە من...

ئای... ئای لە تۆ و لە راکێشان و باڵکێشی باشوور...

_ هەلوو، سڵاو خۆشەویستەکەم، ئیزا.. ئەوە منم، یوبام... خۆشەویستەکەم... ئەگەر ئارەزووی نووسینی وتارێک ناکەیت، من هانت دەدەم و بژاری نووسینی رۆمانە جوانەکەت بۆ دەستنیشان دەکەم، بەڵام بڕیاردان لەسەر نووسینی ئەو رۆمانە دەبێ شێلگێرانە بێت، سەبارەت بە خۆم، هەر چەندیش دوابکەوم هەر دێم، من قەدەری تۆمە و زۆریش لەبن دەستم راتدەکرد، بۆ ئەوەی بۆم بگەڕێیتەوە!

_ یوبا، ئەزیزەکەم یوبا، دەزانی من... بەر لەوەی بیر لە نووسینی ئەو رۆمانە بکەمەوە، بیرم لە نووسینی زۆرترین کتێب لەسەر

زەلیلی و کۆیلیەتی خۆمان دەکردەوە، بۆیەش کتێبخانەکانی وڵاتیشم شەرمەزار کردووە. ئیتر بەو رۆمانە دەمەوێ موژدەی دەربازبوونمان بۆ هەموو کتێبخانەکانی جیهان رابگەێنم!

**٣**

لە ریباتی پایتەختەوە...

لە دیمانە و ژووانە بەردەوامەکانماندا، کە زۆریش دووبارە دەبونەوە، لەبەر ئەوەی هەردووکمان لەناو یەک بازنەی کات و شوێندا بووین، لەیەک نزیکبووین، بۆیە ناچار دەبووین، دانوستان و پەیڤەکانمان جەخت لەسەر هەموو شتەکان بکات، قسە لەسەر رۆژەڤی رای گشتی نیشتمانی و دەوڵی بکەین، هەڵوەستەیەک لەسەر رووداوەکانی سەردەمەکە بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە، بەر

لەوەی یەکتری بناسین، دوو جەمسەر و دوو نیگای ژیانی تایبەتییمان هەبووە، رابردووی خۆمان و دووریش لەیەکتری ژیابووین.

ببوورە... پێش ئەوەی ئاماژە و نیشانەکانی بیرکردنەوە، هوشیارمان بکاتەوە!

بەڵێ، باسی رابردووی خۆمان بۆ یەکتری نەدەگێڕایەوە. ئەوەمان بینی، وەک ئەوەی نەتوانین بەیەکەوە خاوەنداری یەک رابردووی هاوبەش نەبین، رابردووی نەتەوە و نیشتمان، رابردووەکەی، ببوو بە سەرچاوەی هەموو ژان و کەساسییەکان.

بڕیارماندا بزاڤی دەربازبوون و ئازادی، بەڕووی رابردووی ژانەکان رابگەێنین. بەرەو ئازادییەکان هەنگاومان برد، چەکمان ئیمان و بڕوای شاعیرییمان بوو. بەیەکەوە پلانمان لەسەر وڵات گێڕا، پلانی زۆر جوان وەک چۆن توێژی خائین و خۆفرۆشەکان دەیکەن.

بەیەکەوە بەرنامەمان دارشت خیانەتی جوان جوان ئەنجام بدەین.

خیانەتەکانی لە هەموویان شکۆدارتر بۆمان... تۆ بوویت! ....

...

هەڵشکانی زۆرتری پەرچەکردارەکان، بەس بوو، چیتر سازش لەسەر تۆ نەکەم، ئەوەندەم بەسە ئارەزووەکانم هەست دەکەن، بە نوێژکردنم لەبن دەستەکانی تۆ ئازاد و سەرکەشم... ئەوەندەم بەس بوو...

بە هەموو تووڕەییەکەوە بسوتێیت!

ئەو نەیدەزانی پرۆژە وجودییەکەم، کاتی ئەوەی هات من بەنەفییەوە بۆی بگەڕێمەوە، چەند جەرگبڕ و کوشندە بوو، کە لە هەموو تاراوگەکان دەگەڕێمەوە....

کۆشش بکەم ئاکاری خۆم بەبیربێتەوە و شێوەی ئەویش بەسەربکەمەوە: ئایا راستە ئەوە منم، یان ئەوەش هەر ئەوە؟!

ئاکارم لەناو سڕینەوەدا نەمابوو، دڕندەیی سڕینەوەکەش سەردەکەوێت لەوەی بە یەک شت ئیقناعم بکات:

تا من نەفرەتی ئاکارێکی شێواو بکەم، هەرگیزیش تۆبەی لەسەر دەستی نەکەم!

ململانێیەکە دەست پێدەکات.

ئیتر بەو شێوەیە ململانێیەکە دروست بوو.

بەو شێوەیەش بڕیارمدا ململانێیەکە ببڕێنمەوە.

بە شێوازێکی چاوەڕوانکراو، بڕیارمدا ململانێیەکە ببڕێنمەوە.

لە بەرژەوەندی سۆزی تۆ بۆ هەناسەیەک، لە بۆنی خۆم ململانێیەکە ببڕێنمەوە!

ئیتر بەو جۆرە، لە کاردانەوەیەکی ئەودا، چوومە ناو ناخی ئەو ...

گەڕامەوە ناو بێشەڵان و دارستانەکەم، گەڕامەوە سەر یەکەم وێنەی ناو رووبارەکە، بۆ وەرز و کۆنە هەوارەکەم...

ئەوەندەی لە من ماوە با بۆ ئەو بێت:

گۆرانییەکی ئاوس بە ئارەزوو و چەشەیەکی تر!

سەفەرکردنم بۆ ناو ئەو ماندووی کردم. هەراسانی کردم، ئای ... چەند ماندوو و بێزاری کردم:

هیچ ئەگەرێک نییە، ئەوەی ئارەزوومە و دەمەوێت لەو دەستم بکەوێت. ئەو هیچ ئاسمانێکی بۆ گەشتکردن نییە!

## ٤

ئیتر بەو جۆرە، لە هەڵگەڕانەوەم لەو، تۆم کەوتەوە بیر...

کە تۆم زۆرتر بیردەکەوێتەوە، لەبەر هەژموونی سیحرە باڵاکەت قەناعەتم گەورەتر دەبێت، بۆ دەربازبوونم لەبن چەپۆکە بەژان و کوشندەکەی، لەگەڵ بڕوابوونم بەوە، هێزی ئیمانم بە وزەی دەرکەوتن و ئاوێنەییم بۆ گەڕانەوەی جوگرافیای ئاکارم، لە هەموو رووکارە ون و نادیارییەکانم.

بۆیە دەکەومە ناو هەموو بزاڤە میللییەکانی تۆیان دەویست و پەرۆشی تۆ بوون.

ئیتر دەکەومە ناو تۆڕێک لە پەیوەندی، لە هەموو گۆشەیەکی ئەو گەردوونە.

بۆ گەیشتن بە تۆ، چەندین پردیش ساز دەکەم ... ئای کە زۆر جوان و شیرین بوون، ئەو پردانە!

...

که بیری تۆ دەکەم...

بەر لەوەی دروست تۆم بکەوێتە بیر و بێتە ناو هزرم، تەنها هەواڵی ئامادەیی تۆم دەبیست، پاش ئەوە خەونی ئامادەیی زۆرتر و بەردەوامی تۆم دەبینی، بە چەندین تیرۆژەوە، بۆیە دەرئەنجام خەونم بە یەک چارەنووس دەبینی:

دەرەوشانەوەیەک لە چاوەکانت!

...

که بیری تۆ دەکەم ...

تۆ لەناو بازنەی هزرم بوویت، لەودەمانە هەستم کرد، کە عاشقێکی تریش گەیشتە ناو کاروانەکەت، شۆک نەبوویت:

_ بیر و سۆزەکەت بۆ من، ئەی ژنە عاشقەکە، جورئەتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو.

منیش گاڵتەم بە پەیڤەکەت هات:

_ هەروەها ئازایەتییەکەی تۆش، ئەی پیاوە جوامێرەکە.

نەمتوانی نکۆڵی لە جورئەتەکەی تۆ بکەم و کە وتت:

_ بەڵام منم، کە لە ژێرەوە ئیمزاکەم کردووە ... لە ناخە گران و بارکراوەکەم بە هەموو بار و قوورسایی کاتەکان شاهیدی دەدەم، ئەوەی ناونراوە بە ئیزا، بە ناسکی و نازدارییەوە، هەندێجار لە ناخمدا هێلانەی کردووە، هەندێجاریش توندکار و بەجەبەروتەوە ئاکنجی بووە، ئەو لە ناوەوەمدا دانیشتووە، لە هزرم دوورناکەوێتەوە و هەڵناستێت و ناڕوات، زۆرتر و زۆرتر رەگی دادەکوتێت، لەناو دڵە رەشتاڵەکەم دەمینێتەوە، ئەو دڵەی ببوو بە ماڵی نائومێدی، نائومێدی قێزەوەنترین دەمامکەکانی خەڵک و رێبوارەکانە.

دەڵێم و گەواهی دەدەم، هەموو ماناکانی جوانی و راستگۆیی و پاکی رۆح و گەورەیی نەفسم، لەناو چاوەکانم بینی، ئەوەش لەو زەمانەدا بوونەتە دراوێکی دەگمەن، لە نیگاکانی، ئارەزووێکی مەزنم لە ئەڤین دۆزیەوە، راگەیاندنی ئینتمایە بۆ ناسنامەیەکی هاوچەرخ.

ئیزا.. ئەی کیژە سەرکەشە ئەمازیگییەکە، خۆشتم دەویت!

ئیمزا:

هەژارە داماوەکە بۆ خۆشەویستی...

یوبا

....

ئینجا زمانەکەت روونتر و کراوەتر و ئازاتر ببوو:

ـ بەختیارم بە تیرۆژەکانی دەربازبوونت، ئەی ئاسمانەکەم، ئەی هەموو خاک و زەوییەکانم...

بزەیەکم هاتێ:

ـ تووڕە دەبووم ئەگەر بڵێت:

کەنیزەکەم، ئەی سامان و دەسکەوتەکەم!

زمانت شیرینتر و شیرینتر دەبوو، پەیڤە ئازاکانت روونتر و دیارتر دەبوون:

ـ تۆ موڵک و حەقی منی! تۆ بۆ من دروستکراویت. وڵاتیش لەوە خۆشنابێت تۆ لەناو ئامێزی دڕی تاوانەکان بمینێیتەوە.

ئەزیزەکەم، کاتی ئەوە هاتووە ئەو رەوشە سازبکەینەوە...

ئەزیزەکەم، خۆت بۆ زۆرترین راموسان و ژووانەکانم ئامادە بکە!

بەو قوومە شەرابە مەستبووم. ئای ... چ سەرخۆشییەک بوو؟!

ئاخێک بوو ئەو ساتە، من بۆ تۆم خوڵقاند، قۆناخێک لە نائومێدی و کەساسییەکان:

ـ پیاوە ئەزیزەکەم... تۆ ئاوێزان و دەربازبوونت دەوێ؟!

**چۆن... ئەوەت لە جەستەیەکی داوەشاو و رزیوی من دەوێت؟!**

**چۆن... تۆش بوویتە چرایەکی کوژاوە و خامۆش؟!**

**چۆن... ئێمە لەناو ئاستەنگەکاندا کولاوین؟!**

**٥**

**وەفایەک بۆ ئەو پیاوە..**

**لەبەر مەترسییەکانم...**

**بۆ هەموو وەهمەکانم...**

**لەبەر هۆشیارییەکانی من بوو، رۆژەکان تێر نەبوون لە ئارەزوو و چێژوەرگرتن، بەردەوام دەمپرسی، ئایا من دەتوانم هەڵتمژم، دەتوانم! ئەگەر من هێشتا لەژێر خاوەنداریەتی فەزایەکی تر بم؟!**

**بەداخەوە، لەناو کونە دەرزیلەکانم هێشتا بەرەی بەرگری مابوون... میراتە قوورسەکە، ئەوەی لەناو قەناعەتە کۆنەکانەوە**

چەسپیوون، هێشتا ئەو چڕبوونەوە کوشندە ترسناکەم بەڕووی ڕەووشتی دەستدرێژییەکان تێدا مابوو!

بەداخەوە، لەودەمانە من توانای بزوێنەری بەهێزی دروستم بۆ بانگەشەی ڕەووشتی هەردووکمان تێدا پەیدا نەببوو!

ئەوەش، موژدەی سەرکەوتن بوو، بەسەر گێڵی و نەفامییەکی کۆن ...

بۆیەش ئیمڕۆ داوا دەکەم هەموو جۆرەکانی کالفامی و گێڵییەکان نەمینێن، ئێستاش پێکەنینم بە خۆم دێتەوە، کە پێش ناسینی تۆ وامزانیوە دەسکەوت و سەرکەوتنی باشم کردووە! بۆیەش لە شکان و نسکۆکانم زۆر دەبوون، دەرئەنجام دەگەمە ئەو بڕیارەی تۆ، خەباتەکەت بەردەوام بکە تا ئامانجی باش بە دۆزەکەمان بگەێنین:

سۆز و خولیابوونت بۆ منە!

کە تۆش سواری ناو مەترسییەکان دەبیت، بەدوای دژوارییەکان دەکەویت، جەستەی من لەبیر دەکەیت، بۆیە بەتووڕەییەوە بەرووتا هاوارم دەکرد:

_ تۆ چ پیاوێکی سەرلێشێواوی؟!

...

ئینجا نۆرەی تۆ هات، وەک من سەرخۆش بوویت، مەست ببوویت، کە منت بینی سەبر سەبر دەستبەرداری قەناعەتە کۆنەکانم دەبم.

سەرخۆش دەبیت، کە دەبینیت لە پێناوی تۆدا، بایەخ و رامانەکانم دەگۆڕم و بڕوا بە فەلسەفە و خۆشەویستی دەهێنم، فێر دەبم، کەی بە قسەی خوداکان نەکەم، کەی غیرە و ئیرەیی بە گوڵ ببەم.

ئای من لەودەمانە ببووم بە ژنێکی ئیماندار!

...

لەبەر تۆ، دەستم لەسەر هەموو پیشەیەک هەڵگرت و خۆم بۆ تۆ تەرخانکرد.

خۆم بۆ تۆ تەرخانکردبوو، تا شێتبوونم بە تۆ لەگەڵ بەردەوامییەکانی لێدانی دڵ، نوێ بکەمەوە، خۆم بۆ تۆ تەرخانکردبوو، تا لە مردنی بەهەڵە دووربکەومەوە، بێدەنگ بگەمە ژووانت.

کە خۆم بۆ تۆ تەرخان دەکەم، لەگەڵ وڵات ئاشت دەبمەوە، تەرخانکردنم بۆ تۆ، بوار بە وڵات دەدات نوێژی تۆبەکردن لەبن دەستەکانت بکات..

تەرخانبوونم بۆ تۆ دەبێتە سەرمایەم...

نەفرەت لەوەی دەکەوێتە نێوان من و ئەو سەرمایە!

تەرخانبوونم بۆ تۆ، بایەخی نەبوو، بۆ هەموو هەژان و رووبەڕووبونەوەکانی ژیان، بەڵام بەدڵنیاییەوە، کە خۆم تەنها بۆ تۆ تەرخان دەکەم، جەستەم بە جوانترین و تەڕترین بەهار دەردەکەوێتەوە...

ئیتر بەو جۆرە رادەستی سۆزە بەتامەکەی سوتان دەبم بۆ تۆ، بۆ سەرەتای گەرمبوونەکە.

بەو جۆرە ئازایەتی پەیدا دەکەم، بیرەوەرییەکانم کۆبکەمەوە، بەڵێ هەموو یادگارەکانم..

بۆ سازدانی پردەکان... بەڵێ هەموو پردەکان...

## ٦

خۆشەویستەکەم...

وەک ئینتما، بۆ ئەو زەمەنە بەتاڵی و بەژانەوە خۆشەویستی تۆ گوزەری کرد...

وەک سەرچاوەکانی ئەو خاکە، خۆش و فێنک لەناو دەمارەکانی خوێنم رۆیشت!

هەست دەکەم، رۆحم بۆ ئاینێکی تر هەڵدەپەڕێت، لە جەستەشم هەڵدەگەڕێتەوە و بێزارە، بە هیچ سەمایەکی تر مەست نابێت، ئەگەر لەسەر ریتمی ئازادی تۆ نەبێت...

مەغرور:

ئەو چەند هەستی بە ئاینی دوا قەسیدەکەی دەکرد!

بەڵام وەک مستی دەستەکانی توند و دژوار بوو، چەند جەختیان دەکرد لە من ناوی تۆ بزانن، منیش چەند جارێک پێموتن:

_ بڕۆن لە گۆرانییەکانی چیاکە بپرسن!

ئای کە دڕندە بوون، چەند ویستیان و کۆششیان دەکرد، من لە هەنگوینی تۆ بێبەری بکەن، بەڵام من لەسەر تۆ گەرم و بەجۆشتر دەبووم!

چەند باهۆزی تووڕەییان بەڕوومدا هەڵدەکرد...

کێ تۆی بەو ناساند،

کێ پەیوەندییەکەی ساز کرد!

بەڵام من گاڵتەم بە باهۆزی تووڕەییەکانی ئەوان دەهات!

سوپاس بۆ هەردوو مستەکانی!

مستەکانی نهێنی ترسەکانیان، لەناو ئاسمانی شێتی و پەرۆشی من و هەڵچوونم بۆ تۆ شەرمەزار دەکرد!

...

چاودێری دەکردین، لەناو بەڕەڵایی و نائارامیدا، هەردووکمان لەبەر سێبەری هەڵوێستە نوێیەکەمان، ئەو چاودێری دەکردین.

خۆکوشتنێکی جوانمان کردبوو بە سروود، من دڵنیاش نەبوو بتوانم خوداکان رازی بکەم، ویست و خواستەکانمان ببوون بە سەرچاوەی نیگەرانی و بێزارکردنی خوداکان ...

کۆشش دەکات، بە هەموو هیوا و هەناسەکانی، نەخزێینە ناو جیهانە گەشەکەت، بەڵام ئێمە گەیشتبووینە بن سابات و هەیوانەکەی!

ئینجا دەست دەکات بە هەڕەشەکانی:

ئەو تەنها رووێکی دەویست، لە روو و ئاکاری ئەو بێت، تەنها بە جەستەی ئەو و بۆنەکەی دڵنیا و سەرفراز دەبوو، لەبەر جەستەی خۆم بەرگرییم دەکرد...

لەبەر بۆنی تۆ بوو کە بەرگرییم دەکرد و نەدەبەزیم!

٧

ویستمان تابلۆیەکی جوان بنەخشێنین و بەردەوام بووین.

لەسەر خاوەنداریەتی تابلۆکە، هەردووکمان بەدژواری بەربەرەکانێمان بوو.

ئەو پێی باش بوو، تابلۆکە ناو بنێن بانگەوازێکی روون بۆ ئاشوبەکان،

منیش گاڵتەم پێی دەهات، لەوە و لە هەموو مەترسییەکانی:

_ چەند پێت خۆشە، پشت لەوە بکەیت کە تابلۆکە نیشتمانە، یەکپارچە نیشتمان!

بەڵێ، بە هەموو وێنە تیژ و ئازاکان بەردەوام بووین لەسەر تابلۆکە، بەهەمان جورئەتەوە من بڕیارەکەی خۆم دەدا:

_ تابلۆکە موڵکی هەموومانە، کە بریتییە لە جوانترین ئاشوبە و ئاژاوەکان.

...

بۆ ئەکتیڤکردنی ئاژاوەکە..

ئینسافە دوورەکەت وایە، هەموو ئاژاوەیەک ئاینی خۆی هەیە...

شەمەندەفەرێکی جوان بوو، لە مانگی فبرایەر، جوانترین ترێن بوو، ئێمەی بەیەکەوە لەناو فارگۆنێکدا هەڵگرتبوو.

لەو ساتەی پێمان خستە ناو ترێنەکە، مەست بووین، لە یەکەم ساتدا مەست بووین، هەردووکمان بەو دابڕانە هوشیار بووین، کە وڵات لەسەر حەقە لەو دابڕانەماندا.

ئەوەندەمان بەسە، هەردووکمان بەرائەتی منالێمان لە ناخدا هەبوو!

ئەوەندەمان بەسە، ئارەزووی دوو چۆلەکەمان هەبوو!

ئەوەندەمان بەسە ... ئەگەر وڵاتیش لەتەنیشت ئێمە کورسییەکی هەبێت،

ئەوەندەمان بەسە ... با هەموو گۆشە و ئاسۆکانی وڵات، بزانن کە هەردووکمان نیازپاکین کە سواری ترێنێک دەبین و دەڕۆین!

....

بەیەکەوە سواری ترێنە جوانەکەی فبرایەر بووین...

ئێمەش وەک هەموو ئەوانەی خەون دەبینن، ئامادەبووین، چووینە پێشانگایەکی نێودەوڵەتی شادی و رووناکی...

لەوێ بەڵێنمان بۆ چراکە نوێکردەوە، کۆششکار بوون باهۆزەکان، هەناسەکانمان لێ بکوژێنەوە، کۆششکار بوون ژەهرەکان، بۆ گەمارۆدانی ئەو خۆرەی بە زمانەکەی سەرزەمین پێی دەپەیڤین، بەڵام ئەو رەسەن بوو، جوان بوو، هەر مایەوە...

لە دەرەوشانەوە مایەوە و نۆژەنتر دەبوو!

لەوێش، لە کەمەری چراکە، شادی مناڵیمان موژدەی یەکەمی بۆ ئەو رۆمانە راگەیاند.

....

ئێستاش کە ترێنەکە سەفەرێکی تر دەکاتەوە، من بەهەڵپەوە لە ناخی قووڵی مناڵی عیشقتەوە هەڵدەبەزم، ئارەزووە شێتە

پیرۆزەکەم سەفەری نوێی دەوێتەوە، دەخوازێت بگاتەوە ناو جیهانە نەرم و ئارامەکەت.

جاران لەو جیهانە، نەدەکرا خزمەتی مافی منداڵیت لە گەشەی خود و فێربوونی وانە جوانەکانی وڵاتپارێزی و ژیان ئاسایی و ڕەوا بێت.

نامەوێ بەبیرم بێتەوە، نامەوێ هەڵە و خەوشەکانی ترێنەکە تۆماری کردبوون بەبیربێتەوە، نامەوێ...

نیازپاکم و نامەوێ ئەو ڕۆمانە دووچاری هیچ جۆرە شکست و ڕووخانێک بکەم!

## ٨

لە تێپەڕاندنی ناوەندی خەونەکە و ئارەزووکردنی زۆرترم لە ئامێزکردنت زۆرتر و توندتر، لەودەمانەدا، بڕیار دەدەم زۆرتر ئاوێتەت بکەم!

ئای... تۆ چ جۆرە دۆستێک بوویت؟!

لەسەر عیشقم بۆ تۆ، رۆژێکیان میدالیا وەردەگردم... ئاستی کەمال و جوانییەکانت شکۆدار دەکات..

زۆرترین راکردن بەدوای تۆدا، قەسیدە جوانەکانم بەرجەستەتر دەبن!

...

پاش ئەوەی چەندین کەسم بینی بۆ تۆ رایاندەکرد، منیش بڕیاری خۆمدا، بەپێخاوسی بڕیارەکەم جێبەجێکرد و رامکرد، بەپێخاوسی... بۆ لای تۆ رامکرد!

ساتێکی شیرین بوو، دڵدارەکان ئاگادار و هوشیار بوون، ئاگاداربوونیش دەگاتە رەوشی کرنۆشی ناو نوێژ، کرنۆشبردنێک بوو، زۆر ئاگاییم لێی نەبوو، لە خەون و چرکەساتەکانیش نەمدیبوو.

لەبەردەم ئەو جۆرە دڵدارانە، هەستم بە سامگرتن دەکرد، حەپەسابووم:

دەمویست بگەمە ئاستی تۆ، ئەدی تۆ وڵاتێک نیت قەسیدەکانت بۆ دەنووسرێت؟!

دەگەمە ئاستی تۆ!

بۆ یەکەمجار، دەسەڵاتم، بەسەر شیعری میللی رەسەن دەشکێت...

چەند چامەی دڵداری بۆ تۆ...

چەند چامەی زامدار بۆ تۆ...

چامەکان باشترین و زۆرترین دەنگدانەوەیان لەناو هاونیشتمانییە راستەقینەییەکان پەیدا دەکات.

چامەکان دەبنە چرای شەوە تاریکەکان، بۆ ئەوانەی تەنها دەیانەوێ ئاکارەکانیان ون و شێواو بێت، سێبەرەکانیان دوور و نادیار بێت!

ئینجا من دەگەمە ژووانی تۆ...

لەو ژووانەدا لەبیر ناکەم سەرسامی و حەپەسانی خۆمت پێ رابگەیێنم، شۆک و سامەکەم:

ئەوانەی دیمانە نازدارەکەیان سازکرد، هەر هیچ نەبێت دیارە، یەکێکە لە کەسەکانی ناو کۆشکەکە، یەکێکە لە سەگە برسییەکان، یەکێکە لەناو چڵکاوخۆری چرکەساتەکان. لەوێ سازکەری بەرنامە و سەردانەکەمان باشی دانابوو، لەبیری بوو، لەدوا ساتەکانی دیمانەکە، رێکارەکانی دەستبەرداری تۆی پێ راگەیاندم!

بەپێچەوانەی مەزندە و بۆچوونەکانم، هەواڵەکە وەک بروسکێک بەر تۆ نەکەوت، بەو هێمنییەی تۆ شلەژام، بێدەنگییەکەت، نارەزایی دەرنەبڕینت، تۆ لەودەمانە بوویتە یەکێک لە گەورە پیرۆزییەکانم، هەتا ئەودەمانە تۆ لەو جۆرە کەسانە بوویت بۆ

من، من بڕیارێکم لەسەر خۆم دابوو، بەڵێنم دابوو، جەلالەتی تۆ لە هەموو شەیتانەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بپارێزم!

ئەوەیان یەکەمین نائومێدی و نسکۆکانت بوو:

تۆ چۆن دەتوانیت، لەو کارەساتەدا، بێدەنگی هەڵبژێریت، چۆن؟!

تۆ سەر بە کام جەمسەری؟!

بۆیەش لەودەمانە گومانم کەوتە سەر حیکاتەکەمان... سەر ئەفسانەیی سۆز و خولیابوونم بە تۆ!

...

وڵاتیش لەورۆژانە، لەناو ستەم و زۆردارییەکان دەتلایەوە، بەڵام ناتوانم دەستبەرداری بم، میللەتان چ دەکەن کە وڵاتەکەیان ڕووبەڕووی کارەساتێک دەبێتەوە، من چ بکەم.

من چۆن بتوانم وڵاتەکەم جێبهێڵم، دەستبەرداری بم و تۆی تێدا بێت؟!

چۆن من لەو وڵاتە کۆچ بکەم، تۆش لە هەموو ڕەوشەکانی وڵاتدا وەک موزگانی توند پێوەی بەسترابیتەوە؟!

لەبەر سازشەکانت بۆ دڵنەواییم، تا خۆم ئیقناع بکەم و هەست بە نائومێدی نەکەم، بۆیە بێدەنگی و لایەنگیریم نەنواند، بۆیە

نەهاتمە دەنگ، ناڕەزاییم دەرنەبڕی، وتم دیارە گەمارۆ و گوشاری زۆری لەسەر بووە.

هیواداربووم قەناعەتەکەم گەورەتریش بێت، بەقەد ئەوەی بوارێک بگرێت، من وەک ژنێکی چڵکاوخۆر رازی بکات.

بۆیە ئیقناعکردنم لەلایەن تۆوە هەر ماوە..

٩

ئازایانە ماوەیەکی زۆرە لەناو جیهانە رووناکە پرشنگدارەکەت، لەبەر سێبەرەکانت، لەناو رەنگەکانت، بەڵام هەڵوێستەکانت دیارە سەیر بوون، کە باسی ئەوەم بۆ دەکردی، ئارەزووم زۆرە لە بواری وێنەکێشانا ئاستم بەرزتر بکەمەوە:

_ پێویستە پەیوەندییەکانت لەگەڵ فلانە رەنگدا باشتر بکەیت!

نائومێدی دووەمیشم:

_ سیاسەتی تۆ لە هونەردا ئازاری نەدەدام!

زۆرتر نیگەران و شۆک دەبووم:

_ تۆ لەسەر کام ئاین بۆم شێت بوویت، ئەو شێتبوونەی هەندێجار دەخوازێت لەگەڵ رەنگێکی سارد ئاشتم بکاتەوە، هەندێجاریش ئارەزووم بەرەو رەنگەکانی تۆ دەبات؟!

ئای ... هەست دەکەم پەرستگاکەت چەند بە گومان ئاڵۆزە!

ئای ... لەناو ستۆدیۆیە بکوژەکەت، چەند هەست بە حەیرانی و سەرسووڕان دەکەم!

بەڵام زۆر لە حەپەسان و گومانەکانم دەگۆڕا، کە بە ئاوازێکی سۆزداری پاکەوە بۆم دەخوێندیت:

سەفەر دەکەم..

لێرە لە دڵم دووردەکەومەوە،

مستێک پۆلۆی ئاگر دەگاتە سەر لێوەکانم،

بزەیەکی گوڵە داودی ...

من سەفەر دەکەم و بۆ چاوەکانت و شێت بووم،

ئەی کیژە نیگا بەتیغەکە

لە بەرائەتی سەرەتاکانی گەنجیدا،

ئەی ئەوەی لە شوێنێکەوە هاتوویت شوێن نەبوو،

چەقیووی ناو گۆشەیەکی دڵم

وەک تیرۆژە شۆرشگێڕەکە،

خۆشتمدەوێت، بە ئازارێکی مەندەوە

سۆزم بۆ ئامێزێکی بۆنت هەیە

من شێتی چاوەکانتم

من شێتی ئیزام ...

من...

یوبا ...

بەڵام چەند جار ئیمان و بڕوابوون دواخراوە، سروود دەچڕین و ماڵئاوایی دەکەین و ماڵئاواییشمان بۆ سروود گوتنە:

_ سەفەر دەکەم، تۆش سەفەر دەکەیت، قەدەرمان سەفەرکردنە!

_ سەفەر دەکەیت، سەفەر دەکەم، وەک ئەوەی بەیەکەوە تەنها سەفەرکردن قەدرمان بێت، تەنها شیعرەکان بێت!

_ سەفەر دەکەم، سەفەر دەکەیت... پیرۆزە هەموو ماڵئاواییەک فرمێسکەکەی شەقار شەقارمان دەکات!

_ سەفەر دەکەم... سەفەر دەکەیت.. هەموو سەردەمەکانی ونبوون و سەرگەردانییەکانمان پیرۆزە!

## ١٠

جارێکی تریش ڕۆیشتیت، دووباره بارتکرد.

دەبێ چەند جاری تریش، دەبێ بڕۆین و بگەڕێینەوە پاش هەر دوورکەوتنێک؟!

منیش ڕۆیشتم:

_ (تەنها و بەس لە گۆرانییەکان و زادی ئەو، دڵنیابە!)

بەو شێوەیە بەڵێنم بە هەموو گیاوگۆڵەکانی ئەتلەسی دەدا، ئەوانەی خەونیان هەبوو، ئەوانیش وەک من لە وەهمدا بوون.

...

ڕۆیشتمەوە!

ئەو جارەش دواجار بوو، ئەوم لەناو هەردوو مستی خۆم بینی، بەڵام من، دەمزانی ئەوە دوادیمانە نییە و من بۆ تۆ هەر دەگەڕێمەوە:

گەڕانەوە بۆ تۆ یاسایەکی فیزیاییە و سرووشت و هەڵکەوتەی منیش ناتوانێت لێوەی دەرباز بێت.

من ڕۆیشتم... تۆش زۆر بایەخت بەو کۆچەم نەدا...

من ڕۆیشتم... تووڕەیی گەیشتە ناو دەمارەکانم:

وردەکاریی گەشتەکەم هەمووی لەلای ئەو دەمینێتەوە!

ئەو نە پێغمبەر بوو، نە شاعیریش، وەک دۆزەخ توند و ڕەق بوو...

وەرزەکانی منیش بۆ ئەو بێت، کە هیچ وەرزێکی نییە، وتم، فەرموو هەموو وەرزەکانیش پرسەیان تێدایە!

چاوەکانی کەنارێکن جێگای هیچ دەربەدەرییەکیان لەنێواندا نابێتەوە، وتم، سەیرە چۆن وەهمەکانی بەهاریش لەنێوانیاندا دەربەدەر بوون!

...

دووبارە ڕۆیشتمەوە.

لەوێ، دڵنیام دەبێ زۆرداریيەکانی ئەو سوێند بخۆن، وادەزانێت هیچ پرسینەوە و چاودێرێک نییە.

سەرەتا مست و زەبرەکانتم بەگاڵتەوە دەبینی، بەڵام زۆرتر و زۆرتر روون دەبونەوە:

_ ئێوە گرووپێکن وەهم و خەون دەبینن و بەس. هەر چەندیش کۆشش بکەن جێگاتان نابێتەوە، ئەو رامانە بۆ وڵات و بەرژەوەندە باڵاکانی باشترە لە هورێنەکانتان.

ویستم هەموو کۆشش و چەپۆکە دڕندەکانی پوچەڵ بکەمەوە:

لە بڕوابوونم بە داهاتوو، هەموو کۆششەکانم پشتگوێ دەخست، دوارۆژی خۆم و خۆت، ئەو دوارۆژی دیار بوو، دوارۆژی منیشی لەگەڵ خۆی تا ئەبەد دەرووخاند.

ببوورە، کام دوارۆژ لەگەڵ جەلادەکان چاوەڕوان دەکرێت؟!

بەڵام ئای کە زۆر دەترسم سەردەمانێک بێت تۆ رۆڵی جەلادەکە ببینیت، چ جەلادێک!

...

من رۆیشتم.

زۆرتر دڵنیابووم، مەسەلەکە بەوە بەند بوو کام لەو دوو جەمسەرە سەردەکەون:

من و ئەو..

ئەو و تۆ..

تۆ و ئەوان...

منت بینی دووبارە بیر لە تۆ دەکەمەوە.

منت بینی زۆرتر داگیرت دەکەمەوە.

داگیرت دەکەم و داگیرکەرەکان زۆرتر لە عەرەشەکانیان دەترسن.

داگیرت دەکەم و چەندین چۆلەکە پێشبڕکێ دەکەن زووتر بگەنە ناو ئاسمانەکانم...

بەڵام، لەوێ لەسەر کەنارە شێتەکەی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست، دووبارە دەردەکەویت و تۆ هیچ بایەخێک بەو شەڕە نادەیت.

یان دەرکەوت تۆ حەسوودی بە شەڕەکانم دەبەیت ...

هەموو ئەو شەڕانەی ژنان هەڵیدەگرسێنن!

بێگومان، من، دەمەوێ ببمە خاوەنی هەموو جەنگەکان و تاکە پاڵەوانی مەیدانەکانیش بم.

ئای... چەند ئازار دەخۆم کە دەزانم نائومێدی و نسکۆکانم لەناو تۆدا زاوزێ دەکەن!

چەند ئازارم دەدات!

١١

من رۆیشتم.

لەوێ بە زەبرە گەورە کوشندەکەی سەرسامی کردم. منی بەوەش تاوانبار دەکرد، کە زێدەڕۆییم بەسەر حەقێک کردووە ئەو زۆر بە پیرۆزی زانیوە، هێرشم کردوتە سەر موقەدەسەکانی ئەو، ئای لەودەمانە، چەند لە موقەدەسێکی جوانی دەگمەن دەچیت، من رۆیشتم!

هیواداربووم جورئەتی دەکرد ئاگادارم بکاتەوە، کە من پێشێلیم بە پیرۆزییەکانی کردووە، لە یەکەم زێدەڕۆییەکاندا، بەڵام ئەوەی نەکرد. ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم سەرکەوتنم بەسەر ئەودا، ئەوەش دەبووە سەرمەشقی سەرکەوتنەکانی ترم:

ئەو هەستی کردبوو، تومەتبارکردنم موشەرەف دەکات ...

تومەتەکانی ئەو، من بەهێز و پارێزراو دەکات ...

ئەو مەزندەی دەکرد من لۆمەکەی بێزارم ناکات ...

ئەو یەقین بوو، من ئارەزوومە هەموو جیهان بزانن تۆ منت تومەتبار کردووە!

دەرئەنجام ئەو ئیرەیی بە ئازادییەکانم دەبات، کە خۆی جورئەتی نەکردووە ئەو سەربەستییە پەیڕەو بکات، نوێژێکی جوانە و ناتوانێت ئازادانە و لەبەردەم خەڵکەکە داییبەستێت!

بە بۆچوونی ئەو ئەوەیان بەسە، کە عاشقکێکی بەتوانای وڵاتە ...

عاشقێکە ماوەماوە دەتوانێت کەی ویستی، تۆ لەبەر دەستەکانی ئامادە بیت:

_ بەڵێ، ئیمارەتی موئمنین بڕوایان بە تۆ نییە، کە بە بێ تۆ دروست و ساز نابن، کارەساتەکە لەوەدایە، هەر ئیمارەتێک ژنێکی شێتی هەیە لەسەر حەق بێت، هەموو شێتەکانی وڵاتیش پشتیوانی دەکەن!

...

ئەو تێدەگات، هەموو گاڵتەجارییەکانی، هەڕەشەکانی ناتوانن من بروخێنێت، ئامانجەکانی ناپێکێت، چونکە مەبەستم گەیشتنە

بەو، لەبەر ئەوەی داواکردنی تۆ بۆ من، بوویتە قەڵاتێکی خۆراگر و ناشکێت، بۆیە بیردەکاتەوە:

_ من پێویستم بە چەکێکی تری کوشندە هەیە، بۆ رووخاندنی ئەو ژنە ئیمانداره پەریشانە!

بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە، بە تومەتی خیانەتی مەزن تاوانبارم بکات، من ئاگادارم کردەوە، دڵداری و سوتانم بۆ تۆ، لەگەڵ خیانەتی مەزن ناکرێ لەناو دڵێکی سەلیمی وەک من کۆببێتەوە، بۆیە ئامۆژگاری کردم داوای مافی پەنابەری سیاسی بکەم.

بە ئامۆژگارییەکەی سەرسام بووم و بیرم کردەوە:

_ ئایا من بومەتە مەترسییەکەی کوشندە، تا بچم داوای پەنابەری سیاسی بکەم؟!

ئایا دەگەڕێنەوە ساڵانی گوللەباران، بۆ کپکردن و مامەلەکردن لەگەڵ بڕوابوونم بە تۆ و بە شێتییەکەم؟!

بەڵێ، بە ئامۆژگارییەکەی سەرسام بووم و بیرم کردەوە:

ئایا داوای مافی پەنابەری سیاسی بکەم؟!

دوایی بەتووڕەییەوە:

_ نەخێر، من لەو کەسانە نیم رووبەڕووبونەوەکانم دوابخەم، من لەو کەسانە نیم، سووتان و سۆزە گەرمەکەم دوابخەم!

لەسەر شێتییەکانم بەردەوام بووم.

من شێتێکم، بڕوام وایە کەسانی عاقڵ ناتوانن ئیقناعم بکەن، ببوورە، ئەوانەی خۆیان بە عاقڵ دەزانن!

١٢

بەیانییەکیان بۆ سەرکار دەڕۆیشت ئەو وتی:

_ ئەو بەرپرسەی لەسەر حزبە ئیسلامی حیساب دەکرێت، ئەوەی وتبووی زۆربەی ژنانی ئەتلەس قەحپەن، من وادەزانم قسەکانی تەواوە و لەسەر حەقە کە ئەو قسەیەی کردووە، ئێوە هەمووتان ژنانی ئەتلەسی قەحپەن..

خوێن لەناو دەمارەکانم هەڵچوون، هەستم بە بوونی هێزێک دەکرد بیروخێنم.

ئێوارەکەی ئەو رۆژە، بۆ پیرۆزی و گەورەیی هەموو ژنە قەحپەکانی جیهان شیعرێکم بڵاوکردەوە!

چامە شیعرییەکەم وەک رووبەڕووبونەوەیەکی جوان بەڕووی هەموو زۆڵەکانی وڵات بڵاوکردەوە ...

چامەکەم، وەک وەڵامێک بۆ لێدوانە زۆڵەکەی ئەندام لە حزبی ئیسلامی بڵاوکردەوە!

بەڵێ شیعرەکەم بڵاوکردەوە، بەڵام پێش بڵاوکردنەوەی ...

سوێند و بەڵێنم بە مانگی گەش، بە تۆ دابوو،

بە دوو لێوی برسی،

بە سرووتی ژنێکی عاشقی بێ ئۆقرە!

...

پارچە شیعرەکەم بڵاوکردەوە.

لەودەمانە پێویستم بە هاندان و جۆشی ژنە نووسەری بەنگلادیشی تەسلیمە نەسرین نەبوو، خوێنم گەرم بکات، تا شیعرەکە بڵاوبکەمەوە.

من بەر لە چەند ساڵ، لە ناسینی ئەو گەیشتبومە زەمەنی یاخیبوون، وەک ئەو لەسەر شێوازی نووسین، وەک ژنە نووسەرێکی شۆڕشگێڕ!

کە کتێبەکەی تەسلیمەم بەدەست گەیشت، تێدا داواکار بوو، ژنانی جیهانی ئیسلامی یاخی بن، من لەودەمانە، کە ئەو لە سوید مافی پەنابەری لە ترسی فەتوای ئیسلامییەکان وەرگرتبوو،

نەدەوێرا بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و بچێتەوە بەنگلادیش، من خەریکی سازکردن و چەسپاندنی بوار و بەرنامەکانی ڕەفز و بەرەنگاربوونەوە بووم:

ڕەفزی هەموو پێداگرییەکانم دەکرد، لەوانەی داوایان دەکرد سازش و پەشیمانبوونەوە لە هەموو زەبرەکانی ئەو بکەم و بێدەنگ بم، یان، من بەرامبەر مافی زانینی نامرۆڤایەتی و بەرژەوەندییەکانی هەڵەم کردووە، ئەگەرنا باجێکی زۆر بەرامبەر ئەو ڕەووشتە دەدەم، یان دەبێت داوای لێبووردن بکەم.

...

چەند هەنگاوێکی سەرەتایی لەسەر کاروانی بەرپەرچدانەوەکەم ڕۆیشتبووم، بۆیە ئەو بەدروستی و بەتەواوی لێم تێدەگات:

ئەو ژنە مەغریبییە نارووخێت و ناشکێت!

ئەو ژنە ئەتلەسییە، پەشیمان نابێتەوە و داوای لێبووردن ناکات!

منیش، وەک تەسلیمە نەسرین، چەند جار پەیڤی چاکە و دڵنەواییم بەکارهێنابوو، ئەگەر تاقیکردنەوەی ئەو شتانە لەگەڵ ئەو پیاوە سوودی نەبوو، بۆیە ئەگەرە خراپ و بەدکارییم بۆی هەڵبژارد:

بچمە ریزی ژنە شۆرشگێرەکانی جیهانی، ئەوانەی ژیانیان بە ملکەچی و کەساسی و زۆرداری دەستپێکردبوو، بۆیە یاخی دەبن و دەچنە ناو شۆرش و گڕ دەکەنەوە.

با نەوال ئەلسەعداوی، لە خۆراگرییە جوانییەکەی دڵنیا بێت!

با وەفا سولتان لە فڕین و باڵەفڕەکانی لە ئاسمانا دڵنیا بێت!

ئەوانە و زۆر لە ژنە شەریفە ئازاکان... دڵنیابن!

ئەتلەسە خۆراگرەکەم زۆرترت لێ دەوەشێتەوە،

ئەهرامە نەمرەکانی میسر زۆرترت لێ دەوەشێتەوە،
شاخەکانی کوردستانە زامدارەکە، زۆرترت لێ دەوەشێتەوە!

زۆرترین لە ژنانی شۆخ و شەنگ و شانازی..

لەوانەی لەکاتی خەبات بۆ ئازادییەکانی هزر،

بۆ گەیشتن بە سەربەخۆییەکانی ژیان و بڕیارەکان!

زۆرترین... بەڵام بێجگە لە ڕەفزکردن هیچ برادەریکمان نەبوو،

زۆرترین... بەڵام هیچ هەوارێکمان نەبوو، بێجگە لە بەرگرییە جوانەکەمان:

کێ بیرکردنەوەی و ئاوەزی وەک ئێمە بوو، چاوەڕوان نەکات پشتیوانی شۆرشەکەمان نەکەن بەڕووی دۆزەخی زۆردارەکان، ئینجا ئەوانە لە کام کەلتووری شۆرشگێریش بن.

کێ دڵی وەک ئێمە بوو، بۆ هەڵگیرسانی شۆرشێک، بەبێ ئەوەی زامنی پاراستنمان لە شیری بکوژەکانەوە هەبێت!

لەبەر ئەوەی یاخی ببووین بە نەفرەتلێکراو سەیریان دەکردین.

بەڵام ئێمە، ژنانی موبارەک بووین لەلایەن ئاوەز و دادپەروەرییەوە!

مەلعون بووین ئێمە، هیچ بوارێکی ترمان نەبوو تەنها ئەوە نەبێت لەسەر بتەکان یاخی بین، لەسەر کەسە زەلیلەکانیش.

بڕیارماندا وڵاتەکەم بە بەخشندەیی و سەربەستییەوە هەڵبژێرین، ئێمەی ژن بووین ئەو بڕیارەماندا، بەڕاستی ژنە قەیرەکان، تەڵاقدراوەکان، بەڵام بورکان بووین بەڕووی هەموو زۆردارە دڕندەکان، ئاگرین و شۆرشگێر بوون!

## ١٣

کە ناکۆکی و ململانێییەکانی نێوانمان گەرم دەبوو، داوام دەکرد، ئەو بچێت رێنماییەک وەربگرێت، ئێمەش، وەک هەموو هاوسەرەکان پەرۆشی پەیوەندییەکانمان بووین، ئەوانەی دەیانویست ژیانی ناوماڵەکانیان ئاڵۆز نەبێت، داوام لێ دەکرد، بچێتە لای دکتۆرێک و ئامۆژگاری پێویست وەربگرێت، تا هێڵانە و رەوشی رۆژانەمان لەبن سێبەری ماڵەکەمان ئاڵۆز و خاپوور نەبێت، لە کێشە و قەیرانەکان خۆمان بپارێزین...

ئەو بەردەوام بەو شێوەیە وەڵامی دەدامەوە و دەیووت:

_ نا دەچمە لای زانایەکی ئاینی، فەقێیەک، یان مەلای مزگەوتێک.

هەر چەند کۆششم دەکرد، واز لەو بیرۆکەیە بهێنێت سوودی نەبوو، وتم ئامۆژگاری ئەوانە هیچ بەرهەمێکی نابێت:

_ دیارە شێت بوویت... ؟! دەتەوێ زانایەکی ئاینی رێنماییمان بکات، مەلایەک ئەوەی وەک تۆ، ئەویش لە خەبات و

تێکۆشانەکەم تەنها لایەنی ریسواکردن و تومەتبارکردنم دەبینێت؟!

نەخێر، نا ئەزیزەکەم، من هەرگیز هاوشانت نابم بۆ کن مەلایەک رێنماییمان بکات، رێگای ئاشتبونەوەمان پێ نیشان بدات. هەموو زاناکانی ئاینی لێکدانەوەی بەدکارییان بۆ رامانەکەم هەیە، ئەوان لەمێژە تۆیان دژ بە من هانداوە و داوایان کردووە توندکار و دژوارتر مامەلەم لەگەڵ بکەیت.

...

دیار بوو، ئەو جەختی لەسەر ئامۆژگاری مەلاکان دەکردەوە، مەبەستی بوو دەسەڵات و هەژموونەکەی لەسەر من بگێڕێتەوە، دیارە لەبیرت نەماوە کە ماوەیەکە منیان بە کافیر ناساندووە، بۆیە موستەحیلە قەناعەت بە گەڕانەوە بکەم بۆ ناو ملکەچی هیچ وڵاتێک!

ئەوەی جێگای رامان و سەرەنجە، ئەو، لەودەمانە دانی بە واقیعیەتی شۆرشەکانی بڵێسەیان لە چەندین شوێن بەرز دەردەکەوت روون و ئاشکرا دەربڕیبوو، دەربڕینێکی ئازایانەیەش...

لە ئاوەزم، لەناو دڵم، لە ناندینەکەم، لەسەر جێگە و بالیفەکەم...

لە زۆرترین وڵات و تاراوگەدا، لە زۆرترین ماڵ و لەسەر زۆرترین شەقام...

لە زۆرترین پەرستگا و نمایشگا، لە زۆرترین چاپەخانە و ڕۆژنامە ...

دانی بەوە دانابوو ... بەڵام دەستەوەستان بوو، نەیدەتوانی ناواخنە مرۆیی شۆرشەکانی ئاوێزان بکات، ئەو وا بوو.

بەڵام بە جۆرێک زەوقی لە شێوەکانی نزا و داواکانم بۆ تۆ دەبینی، کە لە هەموو جۆرەکانی داهێنانی ئاسایی تێپەڕاندبوو، بەکەماسی و کەللەرەقییەوە بەردەوامبوونی هەڵبژاردبوو.

لەجیاتی ئەوەی لەناو سۆز و هەڵچوونەکانم، بۆ هەموو شۆرشەکانم، بەڕووی هەموو شێوازەکانی زەبروزەنگ و هەڵوەشانەوەکان، جۆرێک لە ڕاگەیاندن و هاواری ئازایانەیە ببینێت، ئەو پێی باشتر بوو، یان پێی ڕاستر بوو، لەگەڵ گۆڕان و هەڵچوون و سەرسەختییە لزگینەکانم، من بە ژنێکی بەڕەڵا و سۆزانی بزانێت!

ئەگەرچی، کەوتن و لادانەکەم بە بۆچوونی ئەو، تەنها بریتی بوون لە پەناگیری و داکەوتن بەرەو ڕەوشێکی نائاسایی باو...

دوورکەوتنەوە، بە بۆچوونی ئەو، لە هزر، لە ئەڤین، لە شیعر و لە هاوڵاتیبوون!

دوورکەوتنەوەیەک... لادانێک بوو من ئەوەم دەخواست، ئینجا بۆ بەرژەوەندی هەر کەسێک بشکێتەوە.

دووركەوتنەوەیەک... گۆڕانێک بەرەو هەموو جۆرەکانی دەستەمۆکردن و ملکەچییەکان.

من بەناوی ئەڤینەوە، لەبەر خۆشەویستییەوە بواری هەموو تاوانەکانی هزرم دەدا!

من لەبەر گەورەیی ناوی هونەر، دەستخۆشی و پیرۆزییش لە هەموو خەوشەکانی زمان دەکەم!

بە هەموو شێوازەکانی سەردەمەکە، خۆشەویستیم بۆ تۆ، هەتا رادەی شێتبوون، هەموو شۆرشەکانی جیهانیش دڵسۆزییەکەم تێر ناکات!

....

بەڵێ، یەک وێنەی منی لەبەر چاو دەمینێتەوە، وەک ژنێکی لادەر و بەس.

ئیتر لەورۆژەوە، لەبەر ئەو کەوتنە بەردەوام دەچەوسێتەوە!

بۆ هەڵسانەوە و پاڵدانی کاردانەوەی کەوتنەکەم، ماوە ماوە هاوارێکم بە گوێچکە دوورە نادیارەکانی کردووە و وتومە:

_ گوێ بگرە، خۆشەویستەکەم، ئەگەر تۆ بە چاوی ژنێکی لادەر و بەڕەڵا سەیرم دەکەیت، ئەو لادەرییە، بەڕەڵاییەکە زۆرتر من ئازاد و سەربەست دەکات، ئەوەش گەرنتی هەڵسان و بوونم بووە.

وەک ئەوەی ئاوێکی ساردی بەسەردا بکەم، بەردەوام ناکۆک و نارازی بوو و دەیووت:

_ کام سەربەستی، کام بوون و وجوود؟! من تۆ دەبینم لەدوای شەیتانا دەڕۆیت و دەستەمۆی کردویت، بەرەو کار و رەووشتە لادان و بێئابروویيەکان پەڵکێشت دەکات!

لە ژیانی من بچۆرە دەرەوە! نامەوێ ئەو جۆرە هەڤاڵبەندییەمان نۆژەن و زیندوو بێت!

منیش بەزەییم پێی دەهاتەوە:

بەشدارییەکانی ئەو لە شۆرشەکان، بۆ من خەباتێکی تایبەتی بوو، وەک هاوسەرێکی زەلیلی خۆم، بە ملکەچی و گوێرایەلی رابگرم.

ئەو نەیدەزانی کۆت و فشارەکانی توندتر بکات، بوارەکانی دەربازبوونم لەناو دەستی ئەو نزیکتر دەبێتەوە، نەک ئازاد دەبووم و بەس، بەڵکو ئارەزووەکانم دەکاتەوە، تا زۆرتر بەرەو ئاسمانە سەرکەشە بەرزە بەرینە شیرینەکە بفڕم، زۆرتر لەو دووربکەومەوە!

سوپاس بۆ توندکارییە دڕندەییەکەی!

سوپاس بۆ دوورکەوتنەوەکەی... ئازادکەر و فریارەسەکەم!

١٤

لە کۆتایی، پاش ئەوەی سەرناکەوێت ئەو لە ئیقناعکردنم بە نکۆڵیکردن لەو شیعرەی بڕوای بەو هەبوو...

لە کۆتایی، پاش ئەوەی شکستی هێنا، لە تومەتبارکردنم بە شتێک من تۆبەی پێ بکەم یان کۆتاییم پێ بهێنێت...

لە کۆتایی، پاش ئەوەی زانیم، مەبەستی گڵاوە لەوەی من بۆ ڕێنماییکردنم دەنێرێتە لای زانایەکی ئاینی، یان کە داوای لێ دەکردم بچم پەنابەری سیاسی داوا بکەم ...

لە کۆتایی... ناچاربووم سازشت لەسەر بکەم:

_ مەرجەکانت چییە بۆ وازهێنان لەو هوڕێنە و خەونە؟

_ دەستەبەرداریان بە؟!

_ بەڵێ. خەون بە شتێکی ترەوە ببینە، یان کۆچ بکە و بڕۆ!

ئیتر خەونێکی تر دەبێت.

ئیتر هیچمان نەدەنووسی و هیچیشم بڵاونەدەکردەوە، دەنگم بۆ سادەترین ناڕەزایی دەرنەدەبڕی، نەدەچوومە سەر هیچ

سەکۆیەک، هەمووشم بۆ ئەوە بوو مەترسی و هەڕەشەکانی سەرم نەمینێت!

ئەوەش یەکەم خیانەتی منە بۆ تۆ.

چۆن خیانەتت لێ نەکەم، خیانەت بەشێکە لە کەلتوور و بەهاکانمان، بەوەش ناسراوین و بەرهەمەکانیشمان داهاتی ئەوە بووە؟!

ئەوەیە یەکەم خیانەتی من بەرامبەر بە تۆ، خیانەتێک بوو زۆری تری لێوە پەیدا دەبێت و زاوزێ دەکات.

خیانەتەکان ببڕێنەوە:

هەموو پەیوەندییەکانم لەگەڵ (یتوو) رەتکردەوە.

یتوو، لەودەمانە، بەزەیی بە ماندووبوونی هاوارە ئازاکانی، لەسەر هەر ناوێک لە ناوەکانی زۆرداری سەر من، نەدەهات، بۆیەش هەموو نیگاکان ئاراستەی ئەو دەبوون...

لەسەر سنوورەکان و لە دەرەوەش راویان دەنا. هەموو لەڤین و بزاڤەکانی حیسابی بۆ دەکرا، وردەکارییان لەسەر وردترین پەیوەندی و دۆستایەتییەکانی دەکرد، بۆیەش من دڵنیابووم مانەوە و پەیوەندییەکانم بەو مەترسییەکی گەورەیە.

بەڵام من لە هاوار و گازەکانی جۆرێک لە پرسەم دەبینی.

بەڵام من لە خەباتی ئەو، جۆرێک لە پشوودان و وچانێکی کورتم دەبینی، لە عیشقم بۆ تۆش، ماندوو دەبووم و بڕیارمدا لەنێوان یتووە عەشقی تۆ بکەم:

یتوو شیاوی هەموو ژنە عاشقەکانە،

یتوو وەک من خیانەتت لێ ناکات،

یتوو ئیماندارە و لە منیش ئازاترە،

یتوو لە هەموو ئەوانەی بە دڵی خوازراوەوە دەگەنە ناو ئاینەکەت جوامێرترە!

تەنها یتوو ئازاد و سەربەستە...

تەنها یتوو شۆرش و سەرهەڵدانەکەیە...

یتووش دەتوانێت، تەنها ئەو سەمایە باڵایەت بۆ بکات.

چەند رقم لە جەستەی خۆم لە ئامادەیی ئەو ژنە دەبێتەوە!

ئەندامەکانی جەستەم، چەند خیانەتم لێ دەکەن کە لەناو ئامێزی ئەو جەلادە دەمینێمەوە!

من زۆرتر بە ئەڤینی تۆ سەرقاڵ و هەراسان بووم،

بە رۆژ و بە شیعرەکانت هیلاک و پەریشان بووم، من وا بووم ...

بەڵام بۆم نەبوو رابردوومان ئاشکرا بکەم!

١٥

لەورۆژەوە خەونێکی ترم بۆ پەیدا بوو...

شوێنەکە: لەژێر تاڤگەکانی ئەتلەسی ئاوێک بۆ شکاندنی تینوویەتی بابوباپیرانم هەڵدەقوڵێت...

کاتەکە: ساتی ژانێکی کوڵاوی خنکاوە...

نەبەردییەکە: لەو نزیکانە لە هاواری وڵات داتدەبڕێت...

دیکۆرە پشتیوانەکان: بە کوتان و خەم و کەساسی و رەتکردنەوە ژنێکی ئەتلەسی...

...

دیمەنی یەکەمی خەونەکە:

بە زمانێک و بە هەموو هەژموون و هێزێک، بۆ ناخی قووڵی برینەکانم گوێم لێبوو، تاڤگەکەی ئەتلەس چیرۆکی ئەڤینیان بە گۆرانی دەوتەوە.

بە ژانێک، بە حەسرەتێکەوە، بە خۆراگرییەوە گۆرانییان دەوت و دەرەوشانەوەیەکی سەیریش لە هەموو هەڵچوونە مرۆییەکەی ئاوەز و پاکی دەبریسکایەوە.

ئەویش...

گەنجێکی ئەو چیایانە بوو، ئەو یەکێک بوو لەوانەی هێزەکانی داگیرکەر ئیغرایان کردبوو، پاشماوەی مێزەکانی پێ سەفا بوو، لە بەرامبەر ئەوەی سواری پاپۆر و فڕۆکەکانیان بێت، تا بەڕووی خەڵکێک سەربکەوێت کە هیچ زانیارییەکی لەسەریان نەبوو، بێجگە لەوەی دوژمنی دوژمنەکانی بوون، ئەوانە بوون دەستەمۆیان کردبوو و شەڕیان دەکرد.

منیش...

منیش یەکێک بووم لە ژنە قەحپەکانی هێزەکانی داگیرکەران، منیان بۆ ئەوێندەرێ گواستەوە، لەوێ تا سەربازەکانیان تێر سێکس و خۆشەویستی بکەین.

من و ژمارەیەک لە قەحپەکان، ڕۆژانە کاتمان بەوە دەکوشت چاوەڕوان بین، چاوەڕوانی سەربازەکان بین، لە بەرەکانی شەڕ بگەڕێنەوە و هەر یەکە و بە ژنە دۆستەکەیەوە سەرقاڵ بێت، منیش دەبوایە بەشەوقەوە لەناو ئامێزی ئەوەی بەر من دەکەوێت

رابوێرم، لەنێوان کەساسی و کەساسییەکی تردا ئەوم بەبیردێتەوە، چونکە بۆ گۆڕینەوەی گوڵیش بالکۆن هەبوو، گەرمییەک بۆ پرۆسەی سێکس، گەیاندنی شادییەک بە ژیان.

ژنەکەش لەسەر گۆرانییەکەی بەردەوام بوو:

کە وتیان جەنگەکە تەواو بوو، گەڕاینەوە شوێنەکانی خۆمانەوە ...

پیاوەکە ئەویش، ئێستا، کەمئەندامە و ژانەکانی گرانە و بەزەیی پێ ناکەن. منیش بە دەرۆزەکردن لەناو کەژ و کێوی چیاکان، دەمەوێ شتێ پەیدا بکەم، تا بتوانم شەکر و چایەک، بتوانم شەراب و حەشیشی پێ بکڕم، تا بتوانین بەوانە کەساسی و نەهامەتییەکانی رابردووی پێ سووک بکەینەوە، کەساسییەک تەمەنێکی تەواوی لێ بردین و دوایی زانیمان ئێمە بەتەنها و بەنەفامییەوە شەڕەکان دەکەین، ئێمەش بەتەنها بووین بە کەرەستەی ساختەی بکوژی سەرکەوتنەکان دەچووینە ناو مەیدانی شەڕەکان!

ژنەکە لەناکاو رووی لە من دەکرد و دەیویست کۆتایی بە چڕینی گۆرانییەکەی بهێنێت:

_ دوور لەو شیعرە قەحپەیە، چیت بۆ ئێمە لەناو هەناوت داناوە، ئەی ژنە شاعیرەکە؟

منیش رشت بووم و جەختم دەکرد، ئەگەر ئەو لەسەر گۆرانییەکانی بەردەوام بێت، دەبێ کۆتاییان پێ بهێنێت.

ژنە شاعیرەکە جەختی دەکردەوە قەوارە راستەقینەییەکەی خۆی ئاشکرا بکات، پیاوە کەمەکە:

لەبەر ئەوەی ژنە شاعیرەکە لەناو ژنانی چیاکە کەمتر بۆ تۆ شێت ببوو!

## ١٦

دیمەنی دووەمی خەونەکە

ئەو بە سەرهەڵدانی کێ بڕوای بە تۆ هەبوو، منیش لە وەرزی داهاتوو ناچار دەبووم بۆت دەگەڕامەوە.

من جاران پێویستم بە..

خۆشەویستی تۆ وەک کەلتوور و سێکس،

بۆ ئامێزەکەت کە نەخشە و وڵاتێکە...

من جاران پێویستم بە...

شێتی تۆ هەبوو، تا هاوسەنگییەکەم بدۆزمەوە،

پەرۆشیت گەیشتبووە ناو خوێنم تا مێینییەکەم خۆشترین بۆنی لێ بێت، ناسکترین و جوانترین کاتەکانی بێت ...

پێویستم بە ...

ئامادەیی بەردەوامی تۆ لەناو پێکەنینەکانم، لە سەماکانم، لە مەستی و سەرخۆشییەکانم ...

من وا بووم.

پێویستم...

بە کۆتەکانی تۆ هەبوو، تا بگەمە سەربەستییەکی فراوان و هەژموونێکی گەورە...

من وا بووم.

من جاران پێویستم بە ...

تا دڵم بە نازدارترین هونەرەکان و جوانترین ئاینەکان برازێتەوە!

من جاران پێویستم بە... تا لەبیرم نەچێتەوە من بوونم هەیە!

...

بەڵێ بە سەرهەڵدانی کێ ئەو بڕوای بە تۆ هێنابوو، بە جەختکردنی کێ بەو کەرەستانە منت دۆزیەوە، لە وەرزی ئایندەدا، من بۆت دەگەڕێمەوە.

لەژێرەوەی تاڤگە زۆر دەمامکدارەکە بۆت دەگەڕێمەوە.

بە ئیمانی ئەو گوندانەوە گەڕامەوە، ئەو گوندانەی هێشتا چیا و دۆڵەکانی، سەرچاوە و بیرەکانی، زەیتون و بادامەکانی، ئەسپ و مەڕەکانی بەردەوام کۆشش دەکەن، تۆ ببیتە هەناسە و جۆشێک، کە هێشتا توانای ژیان و بەرهەمی ماوە!

گەڕامەوە دەستم بۆت درێژکردووە، وەک چۆن دڵم بۆت ئامادە بوو...

گەڕامەوە پێشبینی یەکێک لە برادەرەکان جێبەجێ بکەم:

_ ئیزا . .. بڕوا بە قسەکەت دەکەم، تۆ هزرێکی ترسناکت هەیە کە گەمارۆی هەموو وردەکارییەکانی تاریکی کەمەری چیاکانی داوە.

ئیزا... بڕوا بکە تۆ زۆرتر لەوەی مەزندە دەکەیت کاریگەریت هەیە، چونکە گومان نییە چیرۆکی تۆ دەگمەن و سەیرە لەگەڵ

خەبات، لەسەر یەقین و دڵنیایی بە ژنە هاوڕێیەکەم، تۆ باجەکە دەدەیت!

بۆیە باجەکەم داوە!

ئەوان ئەوەندە ئاوێتەی ئەڤین نەبوون، تا بگەنە ویستی تۆ بۆ ژیان، تا تێبگەن تۆش مافی رەوات هەیە لە کەرامەتی تەواو و بوون!

لەبەر رۆشنایی ئەو ئاراستە تاڵەدا، بڕیاری سەرگەردانی من دەردەکەن..

رەنگە مەبەستیان بووە دەنگی ئەڤینی خەڵکەکە، بەناوی یەک کەس کەڕ بکەن، بەڵام هەست ناکەن کە ئەڤینەکە ئەستەم و خۆراگرە، ناکرێ دەستەمۆ و داگیر بکرێت، وا بوو!

منیش باجەکەم داوە.

یەک ساتیش بیرم لەوە کردیتەوە تاوانباران سزا بدرێن...

وڵاتەکەمان فێری کردووین لەناکاو ببینە کەسانی زولملێکراو، ناچارکراوین روو لە دادگاکان بکەین، لەوێ هاوار بکەین و بڵێین ئێمە غەدرمان لێکراوە، بێتاوانین، ئارەزوو دەکەین، حەز دەکەین ئەگەر پاش تێپەڕبوونی کاتیش بێت، بە زوڵم و غەدرێکی نوێ بگەڕێینەوە ناو خێزانەکانمان، دوا وانەش لە مافەکانی هاونیشتمانی وەربگرین:

هەرگیز بیر لەوە نەکەینەوە روو لە دادگاکان بکەین!

## ١٧

من سکالام لەسەر تاوانبارەکان نەبووە...

بەڵام دەمویست نوێنەر و پێناوی ئاشتەوایی بدۆزمەوە، قەدەرە کوێرەکەی من و بەختە رەشەکەم، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی مافەکانی مرۆڤ یەکەم و دوا کەس بوو نوێنەرایەتی بۆ کردم!

سەرۆکەکە، وەک من بەرەچەڵەک پیاوێکی ناوچە شاخاوییەکان بوو.

پاش کوژانەوە و خامۆشبوونە راستەوخۆی بزەکە، ئەو دەگاتە ئەو ئەنجومەنە، ئەوەی بەردەوام رامانی وا بوو:

_ دڵنیابن، ئێوە بێ بەرگری و خەبات ناگەنە مافەکانتان!

بزەیەکی تاڵی تاقانە بوو.

پاش ئەوەی دیمانەی خاوەنی ئەو قسەیە و ئەوانی ترم کرد، چیتر لەبیرم نەما.

لەسەر دیواری سالۆنی پێشوازییەکە، بۆچوونەکانی خۆم راستکردنەوە:

_ نەخێر، بەڵام وێنەیەکیان بەنەمری مایەوە!

...

دڵزار و بەژانەوە، بە دوو چاوی بە ئەسرینەوە، گلەیی حاڵی خۆم لەکن ئەو پیاوە کرد.

بەڵام پیاوەکە سەرفراز، بە دەسکەوتەکانی پۆستەکەی، هەستی بە ژان و خەمەکان واقیعی ئێمە نەدەکرد، خۆی بە بەڵێنێکی درۆ و رستەیەکی شیرین دەرباز کرد.

چەند رۆژ تێپەڕین و پیاوەکە هیچی بۆمان نەکرد، دەبوایە دووبارە پەنا ببەمەوە بەر خۆم و بڕوابوون بە دۆزەکەم و دەزگاکانی وڵاتەکەم.

دڵنیابووم و باشم دەزانی، کە ئینسافی من، بەپێچەوانەی لێدوانە رەسمییەکان و هەموو نیازە چاکەکانە، لەناو کارنامە و بەرنامەی ئەنجومەنی نیشتمانی یاسایی شکۆداریش نییە!

فرمێسک بە چاوانم هاتنە خوارەوە:

_ ئایا لەوێ، ئەی ژنانی چیاکە، لەوە تاڵتر و دژوارتر هەیە، لەو ناخۆشتر و کوشندەتر هەیە، پیاوەکانی چیاکەش کەساسییەکانتان پشتگوێ بخەن؟!

گەورەیی و زۆری دامودەزگاکانی نیشتمانەکە، وڵاتی لێ تەسک کردمەتەوە.

هەستم دەکرد، لەبن دەست و زەبری ئەختەبوتە هەزار باڵەکە، لەناو ئاوەکانی نیشتمان و بەرزایی چیاکان، دەربەدەر دەبم و دەرمدەپەڕێنن، ئەوانە یان تیمساحە ترسناکەکان، کەوتنە سەر جەستەم و هەموو مان و مانەوەم، سییەکیان بۆ هەناسەدانم بە کەرامەت و مانەوەم نەهێشتەوە.

شکانی هەموو بێدەنگییەک، دایکی هەموو ژنە کافرەکان، بیرم لەوە کردەوە روو لە تۆ بکەم، بەڵام بۆم دەرکەوت، تۆش لەگەڵ هەموو ئەو رێکخراوە مەدەنییانەی لێرەو لەوێ دامەزراون، هیچ فێڵ و چارەیەکت نییە.

بۆیە، پێم باش بوو دووبارە روو لە تۆ بکەمەوە، روو لە هەموو جەمسەر و لایەنە بێدەنگەکان.

ئەگەر ویستت لەو ساتەدا بێدەنگ بە،

بەڵام کە بڕوام بە خۆمان هەیە، هەرگیز، بێدەنگ نابین!

بەیەقینەوە، کە بێدەنگییەکەم رەتکردەوە، ئەوە یەکەم هەنگاوە لەسەر پەیژەی گەڕانەوەم بۆ تۆ!

## ١٨

کەمێک پێش کازیوە، جارێکی تریش، ڕۆیشتم، ببوورن، بەدزی ئاودیو بووم!

لە شکانی بێدەنگییەکە ئاگادارم نەکردەوە. چونکە دانوستان و دەمەقاڵێیەکە لە کارەکەی بەردەستم دوایدەخستم:

ڕۆیشتم و بەر لەوەش بەشی خۆم لە سۆزی تۆ، تا هەناسەیەک لە بۆنت دەبنە بەخشندەیی ئازایەتی بۆ من...

چەپڵەی بەرز و گەرمی زیندانییەکانی لێبووردنیان قبووڵ نەکرد...

ڕۆیشتم و تۆڵەی ویستراو و داخوازیم بۆ ئەو شەهیدانەی نازانین گۆڕەکانیشیان لەژێر ئەو خۆرە لە کێیە...

لەناو فڕۆکەخانەدا... لەبەر کیژە ناسکەکەی ناو ئۆفیسی پاسپۆرت و تیکتی گەشتەکەم.

ئەوانەم نوێ دەکردەوە و دەمویست دەستم لە لەرزین و نیگەرانی رابگرم.

دەترسام و دەستم دەلەرزی، نەوەک کیژەکە پێم بڵێت، ببوورە پاسپۆرتەکەت ... پووچەڵکراوەتەوە، دەترسام چونکە دەبوایە بۆ سەفەرکردنەکەم دووبارە بگەڕێمەوە لای پۆلیس. بەڵام تۆمارکردنەکە بە هێمنی بەڕێوەچوو، شتەکانی ئاسایی بوون، وەک ئەوەی من هێشتا لە ئەستۆی ئەوان بم!

لەو ساتەدا ترسەکەم بە شادی دەگۆڕێت، شادییەکەم لە ترسی کیژەکەی بەردەمم گۆڕی نەوەک بزانیت، یان هەست بکات من بەو سەفەرە زۆر سەرفرازم، شادییەکەم شاردەوە و بەڵگەنامەکانم لە دەستی وەرگرتەوە و بزەیەکی بەفێڵم بۆ کرد.

لەناو سالۆنی گەشتیاران... چەند ساتێکم لە کاتەکەم بۆ ئەوە تەرخانکرد، داوای لێبووردن لەو هەموو سەنتەر و دەزگاکان بکەم، کە داوەتیان کردبووم بۆ ئامادەبوونم لە کۆڕ و دیمانەکانیان لە وەرزی هاوین، داواکەشم لەبەر یەک مەبەست بوو:

سۆز و ئاواز بچڕم بە هەموو شێوەکانی گەیاندن بە تۆ...

سەماکردن لەسەر هەموو ریتمەکانی بە تۆی بەستومەتەوە...

تەنها سەرۆکی لقێکی نووسەرانی مەغریب لە یەکێک لە شارەکانی خۆرهەڵاتا، لێبووردنم لەو نەکرد، کە ناچارم سەفەر دەکەم و ناتوانم لە دیمانەی لقەکەیان لە سەر نووسینە هاوچەرخەکانی ژنانی مەغریب سازی دەکات بەشدار بم.

ئەو بە شێوازێکی تر ناچاری کردبووم داوای لێبووردنی لێ بکەم:

_ ئەوە باش بزانە، ئەگەر هەموو ژنە نووسەرەکانی مەغریب بۆ بەشداربوون لە دیمانەیەکی رۆشنبیری لە ئیسرائیل داوەت بکرێن، هەموویان داوەتەکە رەفز دەکەنەوە و نایانەوێ بەشداری بکەن، من دەبمە تاکە ژن بەشەرەفەوە داوەتەکە قبووڵ دەکەم!

بەو شێوەیە داوای لێبووردنم لەو کردبوو، کە لێم دەپرسێت، راستە دەڵێن، قسەیەکی وا هەیە، گوایە تۆ، دەتەوێ و پێت ئاساییە، لە کۆنگرەیەکی جیهانی کە لە ئیسرائیل، بۆ قەڵاچۆکردنی هەست و بۆچونەکانی رق و بوغز و ناکۆکی نێوان کەلتوور و میللەتان دەبەسترێت بەشداری بکەیت، دەیویست بەو دەنگۆ و پروپاگەندە رەگەزپەرستیانە من باجی ئەو بژارە بدەم!

لەسەر پایەکانی فرۆکەکە سەردەکەوتم.. بەر لەوەی لە راکردنم سەرکەوتن بەدەست بهێنم، بڕوام نەدەکرد بتوانم یەکەم بەربەست بەبێ ئەو ببڕم، ئەوەشم بە دەرفەت زانی ماڵئاواییت لێ بکەم:

_ بەیانی باش، ئەوە منم، ئیزا... لە فڕۆکەخانەوە قسەت لەگەڵ دەکەم. ئەو بەیانییە دەگەمە ئەوێندەرێ، ئەوەش بڕیاری رزگاربوونمە!

وەک ئەوەی ئەو فڕۆکەکەیە بەرەو بەرەکانی جەنگم دەبات:

_ بەردەوام بیرم بکەرەوە... رەنگە نەگەڕێمەوە!

لەودەمانە وێنەی تابوتی کوژراوەکانمان لە کەناری باکووری دەریای سپی ناوەڕواستم دەهاتەوە بەرچاو، ئاساییە و دووریش نییە، دەرئەنجامی رووبەڕووبونەوە بەردەوامەکانی توندوتیژی بۆ چارەسەکردنی کێشە و قەیرانەکان، منیش وەک جەستەیەکی مردووی سارد، رۆژێکیان بخزێمە ناو سەندوقێکی دار.

ماڵئاوا، ئەی وڵاتەکەم!

تا ئەودەمانەی پەیڤێک بۆ دەربازبوونم یان بۆ لەناوبردنم دەڵێن، ئەی وڵاتەکەم ماڵئاوا!

ئەی ئەزیزەکەم بۆ ئاوێزانێکی زۆر زۆر نزیک!

## ١٩

ئەو بۆ پێشوازییم هاتبووە فڕۆکەخانەکە.

ئاکار و دەموچاوی وەک ساتێکی دۆزەخ خۆی دەنواند.

منیش بزەیەکم بۆی کرد.

بەبێ ئەوەی بایەخ بەو دۆزەخە بدەم، کە رووبەڕوومان دەبێتەوە، هەڵپەم دەکرد خۆم بهاوێمە ئامێزی.

بمبوورە:

لەکاتی دەستلەملانێییەکە، هەموو نەخشەکانی بێدەنگیم، لەو ساتەدا، لەبیرکرد.

لەناو ئوتومبێلەکەوە دیار بوو، بە هاتنەوە لەناکاوەکەم زۆر بێزار و نارەحەتە، وتی:

_ دیارە لە خەباتە مەیدانییەکانت و بڵاوکردنەوە و نووسینەکانت و چالاکییەکانی ترت (مەبەستی کارە جڤاتی و مرۆییەکان بوو) هیچ نەگۆڕاویت و ناگۆڕێت!

بۆ ئەوەی دووبارە نەکەوینەوە ململانێی و ناکۆکییەکان وتم:

_ من تەنها بۆ ئاشتبوونەوە هاتووم و هیچ مەبەستی ترم نییە.

_ ...

وەڵامی نەدامەوە:

ئەو سەرقاڵی دۆزینەوەی بەرنامەیەک بوو، تا لە داهاتوو زەبرێکم لێ بدات.

...

بەیانی رۆژی دووەم، پاش ماندووبوونێکی بێگومان زۆر، ئینجا دەست دەکات بە جێبەجێکردنی ئەو پلانەی لەناو ئوتومبێل و لە رێگای گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە بۆ لێدانم دایدەڕشت:

لە شوێنێکەوە،

لە تەلەفۆنێکەوە،

بە ریتمی دیکتاتۆرێکی عەرەبی شارەزا و بەئەزموون، لە کردەوە توندکارەکانی دژ بە مافەکانمان لە بوون و رێساکان، هاوار دەکاتە سەر ژنێک، پاش ئەوەی لەناکاو و بەغیابییەوە تەڵاق دەدرێت و بێدەسەڵات دەبێت:

_ باش گوێ بگرە، ئەی ژنە لادەرە بێ شەرەفەکە، دەست دەدەیتەوە جانتاکانت و دەگەڕێیتەوە، دوێنێ لە کێ هاتوویت دەگەڕێیتەوە ئەوێندەرێ، پۆلیست بۆ بانگ دەکەم و بەزەبر بتبەنەوە ناو فڕۆکەخانە!

بە داوایەکی سادەی من، بە یەک ئیمزای من، لە ژیان دەرتدەهێنن و دەتگێڕنەوە، شوێنی ژیانت لێرە نەما، تازە تەواو ئەی ژنە لادەرەکە، هیچ بەڵگەیەکی یاسایی تۆ ناگرێتەوە، بەو تەڵاقە تۆ لە ئەستۆی من نەماویت، تەواو و مافت لەسەر من نەما.

ئینجا دەنگی توندتر و تووڕەتر دەکات:

_ گوێ بگرە، ژنە حەقیرەکە، لە ئیمڕۆوە، تۆ، ژیانی شوفێر و ژنە خزمەتکار و ئاهەنگ و سەیران و خۆشگوزەرانییەکانت نەما، تەواو ڕۆژە خۆشەکانی لای من کۆتایی هات...

دەی بڕۆ و دووربکەوە!

## ٢٠

تا ئێوارە چاوەڕوانم کرد بگەڕێتەوەماڵەوە، بەڵام نەگەڕایەوە.

بەیانی ڕۆژی دواییش هەر نەگەڕایەوە... نەهاتەوە.

ڕۆژەکانی پاش پەیڤە توند و هەڕەشەکان هەر نەگەڕایەوە.

ئەو سەفەری کردبوو.

ئەو بڕیاری دابوو بڕوات و نەگەڕێتەوە!

لە شارێکی نادیار، لەوێ هەوارێک هەڵدەبژێرێت تێدا بژیت،

ڕەنگە لەناو نووسینگەکەی بێت، ڕەنگە لەکن ژنێکیش بێت، یان لە هوتێلێک مابێتەوە،

ڕەنگە، ڕەنگە، ڕەنگە...

مەزندەکانم زۆر بوون.

تەنها بەڕێکەوت و زۆریش بەدەگمەن دەمبینی.

ئەوەش بەکوشندەیی ئازاری دەدام:

ململانێیەکانم لە پێناوی تۆ بوو، مانای بە بوون و ئامادەیی من بەخشیبوو، ئێستاش ئەو مەیدانەکەی چۆڵکرد، لە زۆرانبازییەکە دەرچوو، مانەوەی من لەوێ چ مانایەکی هەیە، پاش ئەو، پاش تۆ، پاش هەردووکمان؟!

کە ئەو ڕۆیشت هەستم دەکرد تۆی لەگەڵ خۆی برد.

ئەگەر تۆی لەگەڵ خۆی بردووە، تۆش من لەگەڵ خۆت بەرە، کەلوپەلەکانم بەرە، مانا و هەموو بون و مانەوەم ببەرەوە و سوودیان چییە.

ئەو ململانێیە شیرینەی لە پێناوی تۆدا بوو، بۆ تۆ، وادەزانم دوادەکەوێت.

ئەگەر تۆی لەگەڵ خۆی بردووە و ململانێی و کۆششەکەی بردووە، هیچ ئامانجێکم نەما بێجگە لەوەی پەرۆشانە:

بچمە دەرەوە و بۆی بگەڕێم!

...

گەڕان بەدوای ئەو، لەناو شارێکی خۆرئاوایی کە رۆژانە دەبێتە کرنەڤاڵی ئاهەنگ و یادی سەرکەوتن و سەربەستی، ئەو جۆرە گەڕانە ناکرێ لەوێ مامەلەی لەگەڵ بکرێت، تەنها وەک چۆن مامەلە لەگەڵ هەر کارەسات و شەرمەزارییەکی نیشتمانی دەکەیت، کە ئاراستەیەکی دەوڵی وەرگرتبێت، بۆیە تاکە بژاری بەردەمم ئەوە بوو:

تەنها بۆی بگریێم!

ئیتر بەدزی و بەبێ دەنگی بۆی دەگریام،

کە ماڵەکەش چۆڵ دەبوو، بە دەنگی بەرز تێر بۆ خۆم دەگریام،

بە هەموو چەشنەکانی فرمێسک و بە هەموو زمانەکان بۆی دەگریام،

بە زمانی دایکمان بۆی دەگریام.

کە بۆت دەگریام تۆشم دەگریاند:

ئەگەر من، تۆم لێ ون بێت، لە من ون دەبیت!

لەو شارە خۆرئاواییە گەورە ڕووناکەدا، لەوێ تۆ لە من ون بوویت!

## ٢١

خەون، تەنها خەونێکە لەو شارە گەورەیە بە قەبارە و بە کێش، من تۆ لەوێ بدۆزمەوە، لەو شارە، کە ڕۆژی ڤالانتاین بوو، شارەکە ئەو یادەی دەکردەوە، دەچمە کڵێسایەک:

_ دایە، ئەو چ دەکەیت، ئێرە کڵێسایە!

_ دەزانم کڵێسایە. وەرە دوام، تیلیلی، یان چرکەیەک چاوەڕوانم بکە و دەگەڕێمەوە!

_ دایه، ئێره کڵێسایه، ئەوانەی دەچنه ژوورەوە یادی ڤالانتاین دەکەنەوە، ئەوە جەژنی ئێمه نییه و یادی ناکەینەوە!

_ بەڵێ، تیلیلی، ڤالانتاین جەژنی ئێمه نییه، خۆزگه ئەو جەژنه دەبووە جەژنی ئێمەش! بەڵام بوارم بدە، تیلیلی، با بچینه ژوورەوە و نوێژێک بکەین بەڵکو جەژنەکه دەبێته جەژنی ئێمەش، ئێمەش لەو جۆره جەژنانەمان دەبێت!

_ دایه، ئێمه موسلمانین، لەبیرت نەماوە، موسلمانین، دیاره تۆ شێت بوویت؟!

_ بەڵێ، ئێمه موسلمانین، بتەوێ یان نا، ئەوانه هەموو بۆ نوێژکردن دەچنه ژوورەوە. منیش، ئیمڕۆ، زۆر پێویستم به نوێژکردن هەیه، ئەو شوێنەش گونجاوە نوێژێکی تێدا بکەم، زۆر باشه بۆ من. بەڵام موسلمانبوونمان چ شەرەفێکه بۆمان، ببووره، مەغریبیبوون شەرەفمەندییه، بەڵکو مرۆڤایەتیمان.

چوونه ناو کڵێسا و نوێژکردن و بەشداریکردنی جەژنه جوانەکەیان، یان تەقاندنەوەیان له دوورەوە؟!

چوومه ناو کڵێساکه. بەر لەوەی له دەرگاکەی بچمه ژوورەوە، لەبەر دەرگاکه هەڵوەستەیەکم کرد و حاڵەتی وەستانی مەسیحم کرد، لەکاتی خاچەکەی و زامدارییەکەی، وتم:

_ تیلیلی، تکایه کیژم وێنەیەکی دایکت بگره!

ئینجا چوومه ناو کڵێساکه. ببووره ئینجا چووینه ناو کڵێساکه.

تیلیلی کیژەکە، ناچار بوو بەدوای دایکە شێتەکەی بکەوێت و بچێتە ناو کڵێساکە، چووینە ژوورەوە و ڕێگایان بە هەستی موسلمانی توندکار نەگرت ئەوانەی لێبووردەیی نازانن، ئەوانەی قەدەرە گێڵەکەیان وایکردووە، ویژدانی جیهان ناوی لەناو توندوتیژی نووسیوە، ژن و پیاوەکانی بە توندکار ناسیوە!

بە دەرگا گەورە کراوەکەی چووینە ناو کڵێساکە، کەس ڕێگای لێ نەگرتم بۆ لاساییکردنەوەی مەسیح، نەوەک من گاڵتە بە خۆی و پەیامەکەی و قوربانییەکەی و ژانەکانی بکەم.

چووینە ناو کڵێساکە، کەس موبایلەکەی لەناو دەستی کیژەکە دەرنەهێنا، کە وێنەی دایکی پێ دەگرت!

چووینە ناو کڵێساکە، کەسیان نەهاتن دڵنیابن لەوەی ئێمە بە دڵ و بە جەستەمان، بەر لەوەی بچینە ناو کڵێساکە پاک و بێگەردین، کەس ڕێگای لێ نەگرتین و هاواری نەکرد و نەیووت:

_ قەدەغەیە کەسانی کافر بێنە ژوورەوە!

چوومە ناو کڵێساکە. لە حەوشە گەورە و فراوان و ڕووناکەکەی بوارم بۆ ڕەخسا و ئازاد بووم، لەوەی نوێژ بە زمانی عەرەبی نەکەم. من بەردەوام ڕقم لەو بیرۆکەیە دەبێتەوە، کە بڕوای وا بوو، بە زمانی عەرەبی پێویستە نزا بۆ خودا پێ بکەیت و نوێژی پێ بکەیت، چونکە زمانی عەرەبی زمانی خەڵکی بەهەشتە!

ئەوەی ئەو جۆرە رامان و بیرکردنەوەی هەبێت، تا رادەیەکی زۆر پاشکەوتوویی هزریی و دەمارگیری مەزهەبی و رۆشنبییری هەیە، تا بتوانیت ئەو جۆرە بیرکردنەوەی هەبێت!

چوومە ناو کڵێساکە. لە حەوشە کراوە و رووناکەکە، دەتوانم نوێژ و نزاکەم بە زمانی خۆم بکەم، بەو زمانەی لە ویژدانمەوە نزیکە نوێژ بکەم:

_ ئەی خودا، خودای عیسا و مریەم، دەستم بگرە، ئەوم بۆ بگەڕێنەوە!

_ ئەی خودا، خۆشەویستەکەم بپارێزە، تۆ و ئەو رووبەرێکی کراوەن لەناو زۆردارەکانی جیهان!

گریانەکەم بە مەندی و راستگۆیی و بە زمانێکی جوان بوو، زمانێک بوو منی لەگەڵ ئامادەبووان کۆدەکردەوە، کە جاران لەگەڵ نارەوایی و گێڵییەکانی جیهان دووریاندەخستمەوە!

## ٢٢

_ هەلوو، ئێوارە باش، خاتوونەکەم، من عەمیدی پۆلیسم لە ئۆفیسی نزیک ئێوە، دەمەوێ قسە لەگەڵ بەرێز ئیزا بکەم، تکایە ئەگەر بوار هەیە.

_ هەلوو ئەوە خۆیەتی، فەرموو، گەورەم.

_ خاتوونەکەم، دانەیەکی وەرگێڕدراوی تەڵاقنامەکەتم لە دەستە، بەوەش مانەوەی تۆ لەو وڵاتە هیچ بەڵگەیەکی یاسایی نەماوە. بۆیەش دەبێ بە زووترین کات بگەڕێیتەوە وڵاتەکەت.

_ بەڵێ، گەورەم، بەڵام...

_ بەڵام چی؟ مەسەلەکان روون و ئاشکران، بە پێی هەموو رێنمایی و پرنسیپەکان دەبێ تۆ لەو وڵاتە بڕۆیت.

_ گەورەم، ئێوە وردەکارییەکانی جیابوونەوەکەمان نازانن، بۆیە ناتوانن بمنێرنەوە.

_ بەڵام دەبێت بگەڕێیتەوە وڵاتەکەت، لەوێ دەکرێ بەرگری لە خۆت بکەیت، بەڵام لێرە هیچ بوارێکی مانەوەت نەماوە، تکایە بە ئارامی و بە هێمنی بڕۆ و ناچارمان مەکە بە زۆرداری بتنێرینەوە!

_ گەورەم، دەتانەوێ بگەڕێمەوە ناو گێژاوەکانی ونبوونم!؟ نەخێر، گەورەم، من ناگەڕێمەوە وڵاتەکەم، وڵاتەکەم لەبن جەوری ستەمە.

گەندەڵی لە وڵاتەکەم خاوەنی هەموو بڕیارەکانە. وڵاتێک ئەگەر لە گەندەڵی و زوڵمەکانی نەتپارێزێت وڵات نییە. تکا دەکەم مەمگێڕنەوە وڵاتەکەم، من ئینتمام بۆ ئەو وڵاتە نەماوە، رەگەزنامەی ئەو جۆرە وڵاتەم ناوێت!

گەورەم، ئەوەی من پێویستم پێیەتی وڵات نییە تەنها خاکە، دادپەروەری چ خاکێک من دەپارێزێت، تۆڵەی کەرامەتم وەردەگرێتەوە ئینجا با ئیسرائیل بێت ئەوەیان خاکەی منە!

گەورەم، من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئیسرائیل نییە، تاکە کێشەی من وڵاتی ئێوەیە، ئێرە بوارە زێڕینەکەی دەربازبوونی منە لە زوڵم و ستەم و ونبوونم بەدڵنیاییەوە، ئێوەش لە وڵاتەکەی خۆتانەوە دەتانەوێ دەرمبکەن.

گەورەم، ئەگەر وڵاتەکەتان بە ناوی رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ وەک چۆن بەڵگەنامە دەولییەکانی باسیان کردووە و پێداگری لەسەر دەکەن، تۆڵەی کەرامەتم نەکاتەوە، کێ دەیکاتەوە، گەورەم!؟

...

کیژەکەم بەسەرمدا هاتەژوورەوە و رەنگی زەرد و لێوەکانی سپی هەڵگەڕابوون:

_ دایە، گوێم لە چییە؟ بەڕاستی پۆلیس داوایان کردویت؟ دایە، چییە شێت بوویت؟ قسە بکە!

_ کیژم دڵنیابە، تیلیلی! تۆ باش دەزانیت دایکت پەرۆشی ناوی وڵاتەکەیەتی و قبووڵیش ناکات، پۆلیسی هیچ وڵاتێکی ئەو جیهانە، گەمژەییەک بکەن لەو بگەڕێن و داوای بکەن.

بە هەڵە تەلەفۆنیان کربوو، ژنێکی تریان ویستبوو.

بگەڕێوە ژوورەکەی خۆت و خەریکی وانەکانت بە، دڵنیابە!

...

_ هەلوو، بەیانی باش، خاتوونەکەم، من خۆمت پێ دەناسێنم، من کریستینی پارێزەر و راوێژکاری یاسایی کۆمەڵەی ژنانم...

_ بەیانی باش، خاتوونەکەم، بەخێربێن و سوپاسی زۆرم هەیە، کە زۆر بەپەلە بایەختان پێمانداوە.

_ بزانە، خاتوونەکەم، پاش ئەوەی سەیری دۆسیەی جیابوونەوەکەتم کرد، هیچ هێزێک نییە بتوانێت تۆ بگێڕێیتەوە وڵاتەکەت، تۆ لە شوێنی مانەوەکەت بمینێنەوە و دڵنیابە، من بۆ ئیقناعکردنیان پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەم، منیش بەرپرسی بەرگریکردن دەبم لە تۆ.

هەستم کرد بەڵێن و پەیڤی ژنەکەی پەیوەندی پێوە کردم دەربازم دەکات، بەیەکجاری دەربازم دەبێت، ببوورن، کەمێک لە کێشەکانم.

بە یەکەم سەرکەوتنم لە خۆشی و کامەرانی هەڵدەپەڕیم، لە یەکەم شەڕی کەرامەتم!

بەیانییەکەی و بۆ رۆژی دوایی:

_ هەلوو، ئێوارە باش، خاتوونەکەم. منم کریستین ژنە پارێزەرەکەت. دوێنێ پەیوەندییم بە پۆلیسەوە کرد و توانیم ئیقناعیان بکەم، ناردنەوەی تۆ بێ بڕیارێکی قەزایی تاوانە و لەسەر ئەوەش سازش ناکرێت و لێیان خۆش نابین، دڵنیابە ئێستا تۆ لە ئارامی دەژیت و ترست نەبێت.

زووتریش پەیوەندییم بە پیاوە کۆنەکەتەوە کرد، خۆم پێ ناساند و داوای ناو و ژمارەی تەلەفۆنی پارێزەرەکەم لێ کرد، بەڵام، لە جیاتی ئەوە، ئەو ویستی کاریگەرییم لێ بکات من بەرگری لە تۆ نەکەم.

خاتوونەکەم، ئەو وا دەزانێت من پشت لە تۆ دەکەم، ئەو لەوەیاندا زۆر هەڵەیە!

ئەو لەبیری نەماوە کە لێرە، قەزایەکی سەربەخۆمان هەیە و بڕیارەکانیان دوورە لە هەموو دەستێکی نامۆ!

دوایی دەبێ فێربێت دڕندەیی لە شوێنێکی وا باوی نەماوە، کۆششی زۆرمان کرد، تا بەپەلە دەستبەردارمان بێت، بەس ئێمە،

لەناکاویش، ئارەزووی ئەوانم نەماوە، کە بۆ ئێوە بوونەتە گۆڕەویەکی کۆن و بەس، هیچ بایەخێکی نییە!

خاتوونەکەم، تەڵاقدانەکەی، دەکەینە داوایەک لەسەر ئەو، کە لەویٚ تۆی تەڵاقداوە، دۆزەکەش دەبەینەوە، دڵنیا بە ... زۆر دۆزی وام هەبووە و لە دادگا بردومەتەوە!

بەو رستەیە زۆر دڵم خۆش بوو:

(ئەو دۆزە دەبەینەوە)!

خۆزگە دەیووت:

_ هەموو دۆزەکانیان لیٚ دەبینەوە!

رژێمە عەرەبییە زۆردارەکانی ناوچەکەمان، زوڵمی کەمتریان لەو نەکردووە!

لەناکاو ئەو گەڕایەوە ماڵەکە، هەندێ کەلوپەلی و جلوبەرگەکانی برد، بەوەیان سەرسام بووم:

_ ئازایەتی تۆ گەیشتە ئەو ئاستە ئەو جورئەت بکەیت، سکالام لە پۆلیس لەسەر تۆمار بکەیت ، پارێزەریش بکەیتە نمایندەی خۆت تا بەرگریت لێ بکات؟!

_ ئەدی چاوەڕوانی چیت لە من دەکرد، هەڵەکانی تۆ هەموو سنوورەکانی ئارامی و سەبر و بەزەییەکانی منی تێپەڕاند، هەتا ئەبەد لەسەر خۆشەویستییەکەم بۆ تۆ هەر بمینێمەوە، یان رەحمت پێ بکەم، کە من دوا ژنم لەو جیهانە، تەنها پیاوێک هەبێت ئارەزووی بکات؟!

نەخێر، ئەزیزەکەم... زۆرت ئیهانەکردم، هەتا بۆت گونجا ئازار و ئەشکەنجەت دام!

دەزانی ئێمە یەکترمان ناسی و پەیوەندییمان لە کاروانە سەوزەکەوە بۆ رزگارکردنی بیابانەکەی خۆرئاوامان دەستی پێکرد.

بەئاسانی ژمێریارییەک بکە، وا نزیکەی سێ دەیەی ساڵە بەیەکەوەین...

من زەبری تۆ دەچێژم،

من ملکەچی ئارەزووەکانت بووم،

من لەبەر هەموو قامچییەکانت درێژ بووم!

هەمووش لەبەر ئەوەیە تۆش یەکێکی لە زۆردارانی خۆرهەلاتی ناوەڕواست و باکووری ئەفریقیا...

هەمووش لەبەر ئەوەیە، یەکێک لە میللەتانی ئەو ناوچەیە و ناوچەکانی تر بێ دەسەلاتن و هیچ هەژموونێکیان نییە...

ئەزیزەکەم...

لە جەبەروتەکەت هەڵبستەوە!

ئیتر کاتی کودەتاکردنم لەسەر تۆ دەست پێدەکات، بۆ هەر کودەتایەک چەکی باش و دروستم سازکردووە:

من، هیچ بوارێکم نییە، لەو شەرانە سەردەکەوم!

من بە ئازایەتی ژنێکی ئەفسانەییەوە باکووری ئەفریقیام خۆشدەوێت...

بە زەبر و کۆششی ژنێکی رێزپەڕ لەسەر عیشقی ئەو، بەردەوام دەبم...

من خاوەنی ئەو لێدوانە تووڕە و شیعرە مینرێژکراوانەم...

من بۆیە ئەوە دەکەم، چونکە مەغریبی گەورەمان رقی لە ژنانی لاواز و سست دەبێتەوە!

ئەزیزەکەم...

ئەوانە هەمووی لە حیساباتەکانی خۆت دابنێ، یان دەتەوێ ژیان لەناو یەکێک لە باپیرەکانت لە دەڤەری عەبدە نۆژەن بکەیتەوە،

ئەو سەرکردەی ناسراوەی، لە سەردەمی مەلیکی عەلەوی مولای عەبدولحەفیز لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، یەکێک لە ژنە یاخییەکانی بە جەبرەوتی خۆی زیندەبەچاڵ دەکات؟!

زۆر داوای لێبووردن دەکەم، دەرکەوتنەکەت، ئەزیزەکەم، درەنگ بوو!

لە سەردەمێک دەرکەوتیت، کات و فەرمانی سەرکردەکان نەماوە، ئەوانە و هەموو هەژموون و زۆرداری و چەوساندنەکان!

...

وەڵامی نەبوو.

لەبەردەم ئەو هەموو پەیڤ و لێدوانە توند و بەزەبر و راستییانە، قسەیەکی نەکرد، بێدەنگ بوو، وەک هەڵوێستێک خۆی بە ئارامی دەردەخات و لەوەش زیاتری وەک ئەوەی حیکمەتی لەبەر نەمابوو.

دەرئەنجام تێدەگات هەر پەرچەکردارێک، وەڵام و هەڵسانەوەیەکی توندی هەیە، ئەگەر پاشماوەی زۆرداریەکانی و خۆشی لەناودەبات!

ئەوەش یەکەمجارە، ئەو زەبرە توندەکەی بەڕووم بەرزناکاتەوە!

ئەوە یەکەمجارە، دەیەوێ هەموو مافەکانم بەرەوا بزانێت، بتوانم بە هەموو مافێکەوە ناڕەزایی دژ بە هەموو شێوەکانی توندکارییەکانی دەرببڕم!

**٢٤**

_ هەلوو... بەیانی باش، ئەزیزەکەم، ئەوە منم، ئیزا، داوام لە پۆلیس کرد هەموو سکالا و داواکانم هەڵوەشێنێتەوە، ژنە پارێزەرەکەش دۆزی تەڵاقدانەکەم کە دژی ئەوم بەرزکردبوو، یەکسەر بکێشێتەوە.

ئەزیزم، من دەڕۆمەوە...

من دەڕۆم بەو هیوایەی تۆش هۆشت بێتەوەبەر،

بەو نیازەی دان بەوەدابنێت، کە من هەر کاتێ ویستم لێت خۆشدەبم.

دەڕۆم بەو هیوایەی رۆژێکیان رێزم دەگریت!

_ بەڵکو دەڕۆیت و جانتاکەت رادەکێشیت و دووردەکەویتەوە!

ژنەکە سەرسام:

_ بەڕاستی؟! دیارە من هیچ هیوایەکم بە تۆ نییە، هەرگیز!

وەک جاران و بە هەمان زەبر و کوشندەییەوە:

_ هەموو نائومێدییەکان بۆ تۆ، بخوازە، بەس پێم بڵێ کەی دەڕۆیت؟ دەمەوێ گەڕانەوەکەت بە زووترین کات بێت!

_ کۆشش دەکەم، بەڵام بەر لەوە تکا و داوایەکم هەیە...

_ بڵێ و با دوانەکەوم، شتی گرینگترم لەپێشە...

_ دەمەوێ ئەگەر بۆ دواجاریش بێت هەر بتبینم...

بەگاڵتەکردنەوە:

_ خەون دەبینیت! لێم بگەڕێ با هەتا ئەبەد لە دەست تۆ پشووێک بدەم!

...

ئەو بە پارێزەرەکەی وتبوو:

_ نامەوێ لە تەڵاقدانەکەم پەشیمان ببمەوە و نامەوێ لەگەڵ ئەو ژنە ئاشت ببمەوە...

_ بەڵام تەنها ئاشتبوونەوە لە بەرژەوەندی تۆدایە، یان دەبێ بە پارە قەرەبووی بکەیتەوە!

_ هەموو شتێک دەکەم بەس پەشیمانبونەوە نەخێر، من ژیانم لەگەڵ ژنێکی سکۆلار و نووسەر ناوێت و ناکرێ بەردەوام بم، ئەو کۆشش و خەبات دەکات بۆ رابوونی مافەکانی ژنان، یان خەبات دەکات بۆ میللەتێک ئەو بە رەسەنی دەزانێت، ئەوم ناوێتەوە.

_ دەمەوێ بزانم تۆ لەبەر ئەوەی ژنەکەت خەباتگێڕێکی نووسەرە، بۆیە دەتەوێ تەڵاقی بدەیت؟!

_ بەڵێ...

_ بەڵام ئەوەیان پێشێلکردنە بە مافەکانی مرۆڤ و میللەتان، ئەوەش باش دەزانیت؟!

_ ...

_ ببوورە، بەرێزەکەم، لێرە و لەو وڵاتەدا، ئاسان نییە قەزا و دادگاکان داکۆکی و سازش لەسەر یەکێک بکەن دژ بە مافێک بێت لە مافەکانی مرۆڤ، تاکەکەس بێت یان میللەتێکی گەورە و یان کەمینەیەک.

_ ...

## ٢٥

لە یەکێک لە دیمانەکانم لە نووسینگەکەی ژنە پارێزەرەکەم کریستین، ئەو سەرسام دەبێت:

_ خاتوونەکەم، دەکرێ هەندێ لایەنی دۆزەکە و کێشەکانتان کە بونەتە هۆکاری جیابوونەوەتان، فاکتەرە زەقەکانم بۆ باس بکەیت؟!

سەیرێکی ئانیرم کرد، ئەو تێکۆشەرە جەزائیریەی لە نووسینگەکە هاوشانم بوو، زانی نیگاکەی من، مانای ئەوەیە دەکرێ تۆ لەجیاتی من قسەکانم بکە، تۆ باشتر گوزارشتەکان دەکەیت:

_ کێشەکە، خاتوونەکەم، دۆزی میللەتی باکووری ئەفریقیا و بیابانی گەورە و دوورگەکانی کەنارییە، ئەو میللەتە یەکێکە لە رەگەزە رەسەنەکانی ئەو ناوچانە لە جیهان، میللەتەکانی ئەو

ناوچانە بەرەو لەناوچوون و قڕکردن دەچن، مەترسییان لەسەرە. بۆ پشتگیری و بەهاناهاتنی ئەو میللەتانە بزاڤێکی یاسایی لۆکالی و جیهانی بەڕێوە دەچێت، ئیزا، ئەویش یەکێکە لەو چالاکڤانانەی لەو بوارەدا خەبات دەکەن، بۆ سەرکەوتنی خەباتی رەوای ئەو میللەتانە بۆ مان و پاراستنی کەلتوورەکانیان.

بە بزەیەکی پڕ بەدەمەوە رووی لە من کرد:

ـ خاتوونەکەم ئیزا... دەکرێ بتوانم بڵێم کە دۆزەکەی تۆ وەردەگرم و داکۆکی لێ دەکەم، من لەو روانگەوە بەرگری لە کێشەیەکی مرۆیی گەورە دەکەم، نەک تەنها داکۆکی لە مافەکانی ژنان و ژنێکی تەڵاقدراوی ئاسایی هاوڵاتی باکووری ئەفریقی؟!

ـ بۆ من مایەی شەرەفە... خاتوونەکەم، هیوادارم من کەسێکی شیاو بم بەرگری لەو دۆزە رەوایەی تۆ بکەم...

ژنە پارێزەرەکەم زۆر بەجۆش دەبێت تا بەرگرییم لێ بکات، ببوورە، بەرگری لە هەمووومان بکات:

ئێمە دوو رووی یەک کێشە و دۆزین!

...

ماوە ماوە ژنە پارێزەرەکە، بۆ زۆرتر زانیاری و هەواڵەکانی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە مەغریبی گەورە و دۆزی بیابانی

مەغریب و کێشە ئاڵۆزەکانیان، ڕەوشی ڕەوندە کۆچبەرەکەی پەیوەندی پێوە دەکردم، بەپەرۆشەوە دەیویست ئاگاداری هەموو گۆڕان و پێشهاتەکانیش بێت.

زانیاری زۆری دەویست چونکە، ڕەوشی ژنانی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقیای بە ژنێکی ژوورنالیست ڕاگەیاندبوو، کە ئەو زانیاری و پێشهاتانەی دەکردە فیلمێکی بەڵگەنامەیی، مەبەستی بوو ڕەوشی ناوچەکەی نیشان بدات، بەتایبەتی رووە شەرمەزارییەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ...

زانیاری دەیویست، چونکە ئەو بە ژنێکی میدیاکاری ڕاگەیاندبوو، دۆزەکەی من، وەک ژنێکی چالاکوانی ڕێزپەڕ بکاتە نمونەیەکی کاروانی دۆزەکە، بۆیەش نامەیەکم بۆ دەنووسێت بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەر دروستکردنی فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر کاروان و چالاکی و بۆچوونەکانم...

منیش بیرۆکەکەم بەخۆشحاڵییەوە قبووڵکرد.

لە پێناوی ئەو، لە پێناوی تۆ، لە پێناوی خۆمان بیرۆکەکەم قبووڵکرد.

ژنە ژوورنالیستەکە، بۆ بەڵگەیی بیرۆکەکە مەرجی هەبوو...

ئامادەبوونی تۆ...

بە بۆن و هەناسەکەتەوە، تۆ،

بە پەنجەمۆر و خەسڵەتەکەتەوە، تۆ...

تۆی پەیڤداری رەسەنی رەسمی هەموو دۆز و کێشەکانی میللەتانی مەغریبمان...

تۆ ئەو کەسەی، هەر چەند مەزندە و ئەگەرەکانیش دوورت بخەنەوە، لە هەموو بڕیارەکان... لە هەموو بەڵگەنامەکان، تۆ بوونت هەیە.

## ٢٦

من لە ماڵەکەت و لەناو ژیانت دەرچووم، لە بتی ئاینەکەت و سیستەمەکانت چوومە دەرەوە!

زەبر و توندکارییەکانت منی زامدار کردبوو، بۆیە هەموو بیر و بۆچوونەکانم لە تۆ شووشتەوە.

ئازاری منی دابوو، بۆیە مێینەکەم دڵنیابێت بە تۆی دادەرێژمەوە، من رەفزی دەکەم بە دەرکردنی بۆ دەرەوەی هەموو قودسیەتییەکانی ئەڤین!

ئەو ئازاری دابووم بۆیە لەو توندکارتر دەبم:

هەموو گۆرانییەکانی تۆم پێیان خۆشدەویست دارکاری دەکەم، سەلاواتەکانم تەنزباران دەکەم و عاشقی یاخیبوونە خۆشەویستەکانم دەبم!

...

من لە ماڵەکەت و لەناو ژیانت دەرچووم، لە بتی ئاینەکەت و سیستەمەکانت چوومە دەرەوە!

تۆش سەربازێکی لە سەربازەکانی قڕکردن،

ملکەچییەکی بێ ویژدان، کرنۆشبردنێکی بێ خوداپەرستی.

گریان لەسەر تۆ خیانەتە بۆ خۆشەویستی، ئاینێکی بێ هەوادار.

گریان لەسەر تۆ تاوانێکە دەرحەق بە دڵ،

کەوتنەخوارەوە لە بەرزاییەوە بۆ ژێرەوەی ویژدان.

گریان لەسەر تۆ لاوازییە،

من تۆم وەک گۆرانییەکانم ناوێت، چونکە بە تۆ نە پێشدەکەوێت و نە دوادەکەوێت.

گریان لەسەر تۆ بەدرەووشتییە،

داواکارم و ژنانی ئەتلەس ئاگادار دەکەمەوە و دەمەوێ لە من فێر بن.

گریانیش لەسەر تۆ شوورەییە،

چەند دەترسێم ئەو شوورەییە لەسەر کەلتووری مەغریبییەکان وەک غوفران ئەژمارد بکرێت!

...

من لە ماڵەکەت و لەناو ژیانت دەرچووم، لە بتی ئاینەکەت و سیستەمەکانت چوومە دەرەوە!

بۆیە دەڵێم ماڵئاوا!

خەسڵەتی مێینەیی، بۆنەکەی تۆراند بۆ ئەوەی ئیقناع بێت بگاتە ئەڤینەکەت، بۆم دەگەڕێتەوە ئەو پاکییەی بۆم ماوەتەوە، لەناو سینگە رەقە توندەکەت دەڕەومەوە، کە گۆرانییەکانی تێدا مردار بووە، رۆحت سوورە لەسەر ئەوەی بیابان فراوانتر بێت.

تەنگاوییەک لێرە و یەکێکی تریش لەوێ، گاڵتەشم بەوە دێت رۆژانێک تینووی تۆ دەبووم، شکۆدار و باڵادار دەبووم، کە تینوویەتییم لە تۆ دەشکاند، ئەو تامەزرۆییەی تامی کوفری لێ

دەهات، ئەوەی لەناخی قووڵی مندا پیرۆز بوو، ئەوەی بە تیرۆژەکانی بەهاداری سۆزیان بۆ دەچڕی.

ماڵئاوا...

لە هەموو هەڵفڕین و گەیشتنم بە کەشە تایبەتییەکانی ئاسۆکە دەربازی دەکردم، بەڵام چیتر ئاینەکەی تۆ نامروخێنێت، من لە خۆرسکەوە دەگەڕێمەوە سەرەتاکان، بگەڕێمەوە تا بمپارێزیت، بگەڕێمەوە تا زۆرتر نازم بکێشیت!

ئەگەر لەبەر خەمخواردن خەمت بۆ بخۆم، خائینم و خیانەت لە خۆم و مێینە و ئینتمام دەکەم، خیانەتیشە کە بێدەنگ دەبم لە خیانەتەکانت، بەڵام خیانەت لە بێگەردی مرۆییم ناکەم، بێگەردی و سادییەکەم لەبەر رۆشنایی هەموو ئاینەکانیش بێت، هەر دەگەڕێمەوە خۆرسکی خۆمەوە و بەرووی زەبروزەنگەکانت دەوەستمەوە.

ماڵئاوا!

لەناو ماڵەکەی و لەناو ژیانی دەرچووم،

لە ئاینی بتەکانی و سیستەمەکەی... دەرچووم!

دەرچووم پاش ئەوەی دۆزەکەم بردەوە،

هێشتا ماوە دۆزەکانی تری لێ ببەمەوە!

دەرچووم...

لە سەرەتای پەیوەندییەکانمان کتێبێکی لەسەر سێکس پێشکەشکردم.

بەو کتێبە دەیویست لەسەر رۆشنبیری سێکسی سەربەست راهێنانم پێ بکات، تا لە پرۆسە سێکسییەکان، بەر لە هاوسەرگیرییە پاکیزەییەکە زەحمەت نەبینم.

کتێبەکەی پێشکەشکردم. نەیدەزانی مێینەیەکی وەک من، دوا هیوا و ئارەزووەکانم سێکسە.

کە زانی من ئارەزووی ئەدەبی دەکەم، رۆمان و دیوانە شیعرییەکانی بۆم دەهێنا.

مەبەستی بوو، ببمە نووسەرێکی سەرکەوتوو، بەوەش داهاتێکی باشی بۆ دابین بکەم و قازانجی زۆرمان دەست بکەوێت.

بەڵام نائومێدم کرد، شاعیرێکی بەڕەڵا و نووسەرێکی وام لێ دەرچوو نووسینەکانم لە پێناوی میللەتەکەم بوون و بەس.

کە چوومە کولێژی ئاداب، چەندین سەرچاوەی فەلسەفەی بۆم دەهێنا.

ئاگادار و هوشیار نەبوو، ئەوانە دەبنەوە کەرەستەی رووخاندنی هەموو بت و پیسییەکانی ناو جانتاکانی!

پاش هاوسەرگیریمان، کتێبێکی ژنە بەنگلادیشییەکە تەسلیمە نەسرینی بۆم هێنا.

کتێبەکە، ئێستاش، بۆ ژنانی وڵاتەکەی پەند و پەیامە، لەوێشەوە بۆ هەموو ژنانی جیهانی ئیسلامی، تێدا هانیان دەدات یاخی بن و رەفزی واقیعەکە بکەنەوە.

ئەوەی لەبیر نەبوو، منیش یەکێکم لەو ژنانەی ئەو جیهانە ئامادەم یاخی ببم و شۆرش بکەم.

لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن، ئەو چەند کتێبی تری بۆم دەهێنا...

هەموو شتەکانی، بە خوێندنەوەی کتێبەکان مەزندەی دەکرد، تەنها ئەوە نەبێت، من وەڵامی توندکارییەکانی بەپێچەوانە پێ بدەمەوە.

کتێبەکانی ئەو پێشکەشی دەکردم، لەگەڵ ئەو کتێبانەی خۆم دەمکڕین، دەبوونە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و باشی هزری و زانیارییەکان، بۆ مێینەیەکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز، تا ببن بە ئامرازەکانی هەڵگەڕانەوە و کودەتا لەسەر پیاوێکی عەرەبی موسلمانی توندکار و زۆردار.

ئەوەش دەرئەنجامەکەی چەند کتێبێکی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو جارە بە ئیمزای من.

جۆرە کتێبێک بوون، ناوەرۆکە شۆرشگێرییەکانی بوارێک بوون، لە دەست من دەربازی بێت، کتێبەکان بەهەشت بوون و لەبەر سێبەر و بەرهەمەکانی پشووی باشی دەدا، ئەگەر زۆر خۆپەرست و هەناورەش و موخەنەت نەبوایە...

با ئەڤین لێی ببورێت!

## ٢٨

لە ماڵەکەی و لە ژیانی ئەو دەرچووم.

وەک چۆن داوای کردبوو کلیلەکانم بۆ لەناو بۆکسی پۆستەکە دانایەوە.

کلیلەکانم بۆ دانایەوە وەک ئەوەی هیچم لەو نەدیبێت، وەک ئەوەی هیچ ژان و خەمم لەو نەچێشتبێت.

بۆم دانایەوە وەک ئەوەی من کۆتایی ژیان نابینم.

دەرچوومە دەرەوە.

ئاوڕێکی پشتەوەم نەدایەوە.

لەودەمانەی دوورکەوتنەوەم لە تاراوگە و لە تۆ، بڕیارمدا و بەڵێنێکم لەگەڵ خۆم بەستا:

_ هەر شوێنێک ئەزموونێکی توند و بەئازارم لێ بەرپێکردبێت، لێی دەردەچم و ئاوڕیش بۆ پشتەوە نادەمەوە!

ئیتر لەورۆژەوە ئاوڕی پشتەوەی خۆم نەداوەتەوە:

زیندانێکی گەورە و کەساسیم لەپشتە...

رابردووم بە چەندین هاوار و ژان و برینم دەبەستێتەوە...

...

دەرچووم

کۆچم کرد.

بە زەبرێکی کوشندە و توندەوە پاڵی پێوەنام.

کۆچم کرد و رۆیشتم.

یەک دڵۆپە فرمێسکی خەمگینم نەڕشت!

ئەو بەیانییە بەرەو هەواری نیشتەجێبوونم لە شارەکە دەڕۆیشتم.

شارێک لە شارەکانی ئەو خۆرئاوایە، کە شەیتانە ئیماندارەکانی یەک سات، لە دژایەتی فریشتە کافرەکانی وڵاتەکەم، بۆ رزگارکردنم دوودڵ نەبوون!

لەو چرکەساتەدا تۆم لە خەیاڵ نەبوو، کە بە تەوژمێکی زۆریشەوە ئارەزووی تۆم دەکرد.

بیریشم لە هاوسەنگییەک نەکردووە، کە ئارەزووم دەکرد و نەمدەتوانی.

تۆ هەتا ئێستاش یەکێکی لەناو قەدەغەکراوەکانم،

دواخراو، لەبیرکراوی تۆ هێشتا،

وەک ئەوەی چیتر نەفرەتی نەکەم،

وەک ئەوەی هێشتا خۆڵەکەم بە رەگەکەی بەسترابێتەوە.

وەک ئەوەی چۆلەکەکانم بە دارەکەی هەڵنیشتوون و دەیانەوێ بفڕن!

## ٢٩

لەسەر پەیژەکانی فڕۆکەکە هەنگاوەکانم خاودەبوونەوە:

_ هاوار وڵاتەکەم، دەزانی زەمانێک دێ لەسەر کردەوەکەی پەشیمان دەبێتەوە؟

_ هاوار وڵاتەکەم، دەزانی رۆژێک دێ لەسەر کردەوەکەی داوای لێبووردن دەکات؟

لەناو فڕۆکەکە.

گەنجێکی ئەفریقی لەتەنیشتم دانیشتبوو.

گفتوگۆیەکمان بەیەکەوە نەکرد.

ئەو... بێگومان، دەبێ، بە خەمەکانی رەوش و جیهانی خۆی سەرگەرم بێت، ئاگای لە من نەبوو.

من... بەتەواوی و بەدڵنیاییەوە ئاگام لەو نەمابوو، کە بومەتە خاوەن چەندین بەڵگەنامەی بەهادار، بە سۆزێکی شیرینەوە گوێم لە چرپەکانیان دەبوو:

_ دەبێ ئەو خائینە داوای لێبووردن بکات، یان رەنگە لێبووردنەکە نەکات، ئەوەش گرینگ نییە.

گرینگ ئەوەیە تۆ ئێستاس مافە راستەقینەییەکانت زامنکراوە و دادپەروەری خۆرئاوا چاودێری دەکات!

وەک پەرۆشی کیژۆڵەیەک بەڵگەنامەکانم لە ئامێز گرتبوو، بەجۆش و خۆشییەوە خواردنەکەم دەخوارد، کە لە زەوقی گەنجە ئەفریقییەکەی تەنیشتم کەمتر نەبوو، نانەکەم دەخوارد و لە ئایندەی خۆم نیمچە دڵنیاییەکم پەیداکردووە.

لە یەکێک لە فڕۆکەخانەکانت دابەزیم، هاتمەخوارەوە... گۆرانییەک پێشم دەکەوت.

لە خاڵی پشکنینەکە وشەکانی گۆرانییەکەم شاردەوە.

بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی گرینگیشم شاردەوە:

یەکێک لە بەڵگە گرنگەکان دژی ئەوان بوو. بۆ دادگایە گەندەڵەکەمان بەڵگەیەکی روون و دیار بوو!

بەڵگەیەک بوو لەکاتی پێویست دەمتوانی بەکاریبهێنم. پاش ئەوەی غەدری زۆریان لێم کرد، هەر پێویستم پێیان ماوە، پێویستم دەبێت چونکە وا دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ و ئەگەری ئەوەش هەیە هەموو شتەکان ڕووبدەن، ئەگەرچی گۆرانییەکان گەشبین بوون!

پاسپۆرتەکەم نیشانی پۆلیسێک دا.

پۆلیسەکە بە بزەیەکی تاڵەوە پاسپۆرتەکەی دامەوە دەست:

_ بەخێربێیتەوە بۆ دۆزەخ!

بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو دۆزەخەکان، بەرەو پایتەخت سواری ترێنەکە بووم، وشەکانی گۆرانییەکەشم بەخۆشییەوە دەوتەوە.

ناسنامەی ئەو خۆشییەم تەنها تۆ نەبوو!

...

سەرەتا ویستم لە ماڵ و کەلوپەلەکانم دڵنیابم:

_ شوکر بۆ خودا، هەموو شتەکانی ناو ڤیلاکەم وەک خۆی و لە شوێنی خۆی بوو.

تەنها تابلۆکان، ئەوەی لە گەشتەکانی بۆ پایتەختەکانی جیهان دەیکڕین، بەردەوامیش بۆ دیتنی سەردانی دەکردنەوە و هەرگیزیش نەدەویست تابلۆکان لەگەڵ خۆی ببات، یەکجاریش نەیبردن، تەنها ئەو تابلۆیانە نەمابوون.

ئەو بە ژنە پارێزەرەکەم کریستینی وتبوو:

_ من تەنها دەستەبەرداری تابلۆکان نابم.

بەدڵنیاییەوە ئەو پرسی، کە چووم بەڵگەنامەکانی موڵکیەتی ڤیلاکە و پارەی کۆکراوەی قەرەبووکەی لێ وەربگرم.

_ ئەو تابلۆیانە خۆی دروستی کردوون، ئەوانەی نایەوێت دەستبەرداریان ببێت؟

_ خاتوونەکەم، هتلریش ئارەزووی ئەو هونەرەی دەکرد و تابلۆی دەکێشا، چەندین تابلۆشی ماوە!

## ٣٠

هەفتەیەک، مانگێک چەند مانگێک... تێپەڕین...

من بەردەوام ڤیلاکەم دەپشکنی و لەناو کەلوپەلەکانی دەگەڕام..

من لەوێ هەناسەی خۆشم هەڵدەمژی، کە بە سەلامەتی لەو گێژاوە مەزنە دەربازم بوو:

_ خودایە... سوپاس بۆ تۆ... مولکیەتی ئەو ڤیلایەم بۆ گەڕایەوە، پاش ئەوەی دەیانویست دەربەدەرم بکەن، بەڕاستی بڕوا ناکەم.

لەناو سالۆنە بچووکەکە تەسجیلەکە پێدەکەم.

ئەوە منم، لەسەر ریتمی گۆرانییەکی هونەرمەند ئایور، سەما دەکەم.

من نەوەی ژنە شێخە جوان و کەساسەکانی ئەتلەس، وا سەما دەکەم.

سەما دەکەم و هەست بە جوولەکان دەکەم، کە هەرگیز هەستم پێیان نەکردبوو.

بە بۆنەی سەرکەوتنم بەسەر ئەوان سەما دەکەم، سەرکەوتنم بەسەر نیوەی دووەمی مەغریبییە زۆردارەکەم سەما دەکەم، دەرئەنجامی خەباتێکی توندی نەژادی کەلتووری سیاسی نیوەکەم لە دەستدا... وا من سەما دەکەم.

...

هەفتەیەک، مانگێک چەندین مانگ تێپەڕین...

تۆش چێژوەرگرتن بەقەد پەلاری بەردێکەوە لە باوەشتەوە دوورە، وات لێهاتووە،

منیش، دروست وەک شادییەکی ساز بۆ داگیرسان دیارم، بەڵام کەساسییەکە هەڵدەبژێرم.

سەیرە چۆن پێیەکانم هەنگاو نانێن بۆ سەردانی تۆ؟!

سەیرە چۆن برسیەتی هانام نادات، کە تۆ دەتوانیت جوانترین تێرکردنم بۆ ساز بکەیت؟!

_ ژنێکی نەخۆشم!

بەڵێ تۆ ژنێکی نەخۆشی، هەرگیز جەستەیەکم نەدیوە بۆ دڵسۆزی تەرمی ئەڤینێک، خۆی برسی بکات!

_ بەڵام من شاهیدەی دەدەم، دەترسم دووبارە لە دووری تەرمەکان بفرمەوە، هەموو تەرمەکان...

شاهیدی دەدەم، من هێشتا دوودڵم هەموو رۆح و جەستەم بخەمەوە بەر پێشوازییەکانی تۆ...

**شاهیدی دەدەم...**

**ژان و کەساسییەکانی خۆمان لەبیرکرد...**

**شەهیدبوونی ژمارەیەکمان لە پێناوی ئازادی و کەرامەتەکەمان لەبیرکرد...**

**کۆشش و پلانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانمان بۆ رزگارکردنی کۆیلەکانی جیهان لەبیرکرد... هەموو کۆیلەکان..**

**تۆم... لەبیرکرد!**

**بەڵێ شاهیدی دەدەم کە من...**

**خیانەتم لە تەسلیمە نەسرین کرد..**

**خیانەتم لە نەوال ئەلسەعداوی کرد...**

**خیانەتم لە وەفا سولتان کرد...**

**خیانەتم لە ئەلکسندرا کولونتای کرد...**

**خیانەتم لە سیمون دوبوفوار کرد...**

**خیانەتم لە فاتیمە ئەلمرنیسی کرد...**

**خیانەتم لە مولیکە موقدم کرد...**

**خیانەتم لە یوتوو و هەموو ژنانی باکووری ئەفریقیا کرد!**

**بەڵام شاهیدی دەدەم من... چیتر کەسەکەی جاران نیم!**

**بەڵام شاهیدی دەدەم من... لە تۆ هێشتا دوورم!**

## ٣١

بەڵێ شاهیدی دەدەم، کە من لەنێوان زەوی و ئاسمانی ئەوم، هەڵواسراوم هەڵزڕاوم و چاوەڕوان دەکەم ویژدانی هەڵبستێتەوە، بەڵام نێوانی چاوەڕوانییەکانی من و زیندووبونەوەی ویژدانی ئەو، هەر زۆرتر و دوورتر دەکەوێتەوە.

چاوەڕوانی ئەوم دەکرد، بەڵام ئەو خیانەتی کرد.

خیانەتی دەکرد تا خیانەت بەردەوام بێت، ئەوەش تاکە ئاینی ئەو بوو!

بە گەمەکردنی بە دروشمەکانی چرکەساتەکە خیانەتی دەکرد.

ئەو وایدەزانی هەر ئەکتیڤکردنی دروستی  ئەو دروشمانە، باج و نرخی هەر دەبێت. منیشی بۆ ئەو باج و نرخەش دانابوو!

چاوەڕوان ئەوم دەکرد بەڵام ئەو خیانەتی کرد.

بەڵام ئەو بواری دابڕانی هەڵبژاردبوو، نەک گەڕانەوە و ئاشتبوونەوە.

خیانەتی کرد و پەردەش لەسەر دوا دیمەنی کارەساتە درێژەکەش هاتە خوارەوە، کارەساتی ژنێک رکابەرایەتی هێزێکی دەکرد، کە زۆرترین جەبەروتی بە لۆژیکێکی نەخۆشی هۆڤیانە ئەنجام دەدا.

خیانەتی کرد و دڵنیابووم ناتوانم لەو دیوەزمە هەڵبستمەوە ئەگەر کۆششێکی جوان نەکەم:

پەرچووی نیشتمان، منی فڕێدایە ناو باوەشی تۆ.

بەڵێ فڕێدان، بە هەموو هیستریایەکی ئەڤین و حەنین و تۆڵەسەندنەوە، بۆ ئامێزی تۆ!

فڕێدان بۆ ناو باوەشی تۆ، وامدەزانی تۆ، تاکە چێژ و تامێکی بۆ سەرکەوتنم داوام کردبێت.

هەموو تام و چێژەکان، تا دوا ئیحتماڵیش، بێجگە لە تۆ گونجاو و ویستم نەبوو!

ئیتر وەک دوا قەدەر و بێ دەربازبوون کەوتمە ناو باوەشی تۆ...

ئایا میللەتان لەبن دەستی قەدەرەکانیان دەتوانن رابکەن؟!

...

تیلیلی لە گەرماوەکە دێتە دەرەوە و وەڵام دەداتەوە:

_ بەسەرچاو رۆحەکەم، دایە. دڵنیابە، لەسەر خوێندنەکەم بەردەوام دەبم و پارەشم ماوە بۆ مەسرەفی رۆژانەی خوێندنەکەم خەمت نەبێت.

تافسوت داوای لێبوورن لە مایکلی برادەری لە لەندەن دەکات و دەڵێت:

_ بەسەرچاو، دایە، من لەگەڵ برادەرەکەم یادی جەژنی میلادی مەسیح دەکەینەوە، لەناو کەشێکی خێزانییدا، دڵنیابە، تۆ چۆنی دایە، چۆن؟

_ نیگەران مەبە، چیتر، بۆ من نیگەران مەبە، من لەوپەڕی کامەرانیدام.

تیلیلی: چۆن... دایە؟!

_ لە کۆتایی گەیشتمە ناو ژیانی چیرۆکێکی خۆشەویستی شێتانە، چەند تەنگاو و پەریشان بووم!

تافسوت: بەڕاست، دایە؟! ئەوەیان باشە، دیارە بەختیاری؟!

تیلیلی: دایە... ژیان و ئەڤینەکەی خۆت ببەسەر!

تافسوت: بەڵێ، دایە، لەناو خۆڵەمێشەکەت هەڵبستەوە لەناو برینەکانت!

تیلیلی: تکایە، دایە، خۆت لە رابردووە بەژان و ناخۆشەکە دەرباز بکە و راپەڕە، دەی دەرپەڕە!

## ٣٢

لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن، کە پێویستم بە تۆ دەبێتەوە، پەنا دەبمە بەر تیرۆژێک.

تەنها تیرۆژەکەی تۆ ئیلهامی منە...

تەنها تیرۆژی تۆیە وەڵامی پرسیاری برسیەتی میوەی جەستەم دەداتەوە و ئیقناعم دەکات، کە باخچە نهێنییەکانم بۆ ئارەزووی چاو و سێبەرم چ دەچێنێت...

لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن، قسەت لەگەڵ دەکەم چۆن سیسەمەکەم بە تیرۆژی تۆ پڕدەبێتەوە، چۆن دەتوانیت لەجیاتی تۆ جەستەم گڕ بدات، چۆن سۆز و کڵپەکانم خامۆش دەکاتەوە.

لە تیشک و تیرۆژەکانیش دەترسیت و غیرە دەکەیت...

پەرۆش بوو تەنها هەتاو و رووناکییەکان، تەنها لە ئاکاری ئەو وەربگرم، لە ئاکارە شکۆمەندەکەی، لەبەر ئەو ئاکارە بوو من عاشقی بووم!

ئارام نەدەبوو تا ئەو عاشقەی بەپەرۆشەوە لە جەستەم دەگەڕا، جەستەشم لەناو ئەودا ڕەگی کوتابوو، ڕەگی لەناو خاکدا بوو!

منی وەک جەستەیەکی ئاسایی برسی دەکرد و ئەوەی دەویست!

منیش وەک جەستەی عاشقێکی ئاسایی ڕەفزت دەکەم، بەردەوامیش دەتورووژێنم:

_ منت وەک کەرامەت و نیشتمان دەوێت؟! کەواتە لەبیر بکە من تەنها جەستەیەک و ئارەزوو و چێژوەرگرتن بم!

...

منیش، لەورۆژانە، هەڵگەڕابومەوە.

کاتی کودەتاکانم بە ماچێک دەست پێ دەکات، تەنها یەک ماچ.

(لە شوێنێکی تریش، کودەتاکانم بە شەقێک دەتەقنەوە!).

ماچێکت لێکردم، بەبێ ئاگاداری خۆم، لەسەر ڕوومەتی ڕاستیش بوو. تۆ ئەو ماچت بۆ ئەوە بوو، لەسەر مکیاژە کۆنەکەم ئازاد بیت، پاش ئەو ماچە سێ ماچی ترت لە لێوەکانم کرد، ماچەکانت بە برسیەتی دەکرد، بۆیە ماوەیەکی درێژی خایاند و تا منت وەک خۆت کردە عاشقێکی برسی، شۆرشگێرێکی مەغریبی، بارکراو بە بارێکی زۆری بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێزگرتنی مافی برسییەکان، منت وەک خۆت چەکدار کرد...

ماچەکانت بۆ ئەوە بوو، تۆی تینوو ئاوێزانی ئاسۆیەکی باشتر بیت، کەلتوورێکی نوێ فێربیت و بگەیتە شکۆکانی ئەڤین، تا هەموو بۆشاییەکانی مەغریب بکەیتە ناونیشانێکی ئازایانە بۆ شارەکانی رووناکی.

ماچەکانم بۆ ئەوە بوو، بەختیارت بکەم، کە دەبینیت عاشقانی شارەکانی خۆرئاوا لەگەڵ دەستلەملانێ و ئاوێزاندا ئاوێتە بوون و بایەخ بە نیگاکانیش نادەن کە سەیریان دەکەن، ماچم بکە تا لەوێ شاناز بیت، ئەوانەی لەژێر عەبا رەشەکانیانەوە نەخشەی تکفیری جیهان دادەرێژن، با ئەوانەش نارەزایی دەرببڕن، بێجگە لەوانەی مێشک و هزریان لەناو ئەشکەوتە تاریکەکان دەرهێناوە و داوا دەکەن، رووناکبیرەکان بەرەو تاریکستانەکان ببەنەوە، یان هەڕەشەی کۆمەڵکوژی و سەربڕینیان لێ دەکەن، پاش ئەوەی کاتی شرۆڤە ئایدولۆژیاکانی چەکدار بە شیر و تیرەوە کۆتایی هات.

بەو ماچانە دەتویست بموروورژێنیت.

بە زەبری پێداگری بۆ گۆڕان دەتویست شۆکم بکەیت.

دڵنیابە: هەموو سپرایزەکان هاتنەدی، ئەزیزەکەم!

بەڵێ ماچەکە کرا، رەنگە بەو ماچەش، من هەموو پرۆسەکانی ترت بۆ فەراهەم دەکەم.

ماچێکت دەویست ترسناکتر لە کودەتایەکی سەربازی!

ماچێک بۆ شکۆداری عەشقێک، لەودەمانەی شارەکانمان ناوی شکۆداریان هەبوو، سەرهەڵدەدات، لەودەمانەی خاک ناوی وڵاتی ئازادی و شکۆداری بوو!

ماچەکە تیشکی یەکەم بۆمەلەرزەیەکی سیاسی بوو، حکومەتە زۆرداره عەرەبییەکان، بۆ ژان و هاواری میللەتە چەوساوەکان ئەگەر کز و سستیش بێت، هەزار حیسابیان بۆ بکات.

ماچەکەم، نارنجۆکێکی دەستکردی ناوخۆیی مەغریبی بوو...

ماچ/ نارنجۆک/ کودەتایەک بوو، لەسەر هەموو شارەکانی گەندەڵی و دواکەوتن، لەسەر هەموو لۆژیکێکی نەخۆشی، فێریش ببوو لەکاتی تەنگژە ئاڵۆزەکان سەردانی دەکردین!

ماچ/ نارنجۆک/ کودەتایەک بوو لەسەر دەمامکەکە، دەمامکەکە ئێستا تەنها وەک بیرەوەرییەک ناوی ماوە، وەک کەسێکی بێلایەنی بێگانە دەتوانیت بۆم باس بکەیتەوە؟!

هیوادارم ئەوەش ببێتە پایەدارترین یەقینەکانم!

با ئەوە بکەینە پێچانەوەی رێگایەک، پاش ئەوەی هەموو رێگاکانمان لێ ون دەبن!

دەیکەم بە کودەتایەک، لەسەر ئەو توندوتیژییەی هەموو جەستەمی زامدار کردبوو...

بەو ماچە، چەندین پردی پێ رادەگیرێت!

بەو ماچە، چەندین سەنتەری هەموو ئازادی و هونەرەکانی پێ دادەمەزرێت!

## ٣٣

ئەزیزەکەم...

تەمەنێکی درێژە تۆ، بە دارستانەکانی ئەتلەس و دۆڵەکانی سوێندم دەدەیت...

تەمەنێکی درێژە، بڕیارێکی نوێت پشتیوانی لە بڕیارێکی رابردووت دەکات، بڕیارێک بوو، کە لە یەکەم دیمانەمان تۆ دەرتکردبوو، بڕیارێک بوو دەبوایە و پێویست بوو کۆیلیەتی ناوەوەمان ئازاد بکەین!

ژنێکی ترسنۆک دەبم ئەگەر، لە ئازایەتی ئیمزاکردنی ئەو بڕیارە بترسم...

تەمەنێکی تەواو... وا من بۆ وەرزەکانت پەنجەرە و باخچەکانم دەکەمەوە...

تەمەنێکی تەواو... وا بۆنێکم و سازشت بۆ دەکەم، سەرخۆشت دەکات، با یەکتری ببینین، تا ببینەوە بەوەی پێی دەڵێن (ئێمە)...

تەمەنێکی تەواو... دەرئەنجام دەتوانیت بە ئاڵاکانم خۆت برازێنیتەوە، بە رەنگەکانم، بە هاوارەکانم...

تەمەنێکی تەواو، هەموو شتەکان گونجاو و ئاسانە، تەنها دانوستان نەبێت لەسەر دەرەوشانەوەی چاوەکانت!

ئای لە تۆ، لە چاوەکانت/ شیرینترین ئازادییەکانم!

ئای لە شەرابە شیرینە توندەکانی!

بەردەوام بەبیرم دێتەوە، کە شەرابە شیرینە توندەکەت بە هانام هاتووە...

بەردەوام لەبیرمە، هەڵسانەوە و رۆیشتنم ئامێزی تۆ بوو...

من، پێشتر، لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان تۆم گرتەوە، لەوێ هەموویان بۆم گریان!

من، پاشتر، فەوج فەوج مناڵانی ناوچە شاخاوییەکانم بینی دەهاتنە سەر ئاینەکەم و ناوەکانیان دەگۆڕی!

ئای... ئەگەر دەزانی... چ رووبەڕووبونەوەیەک، چ داهێنانێک، چ سەرکەوتنێک، پاشان بووم بە چ!

سوپاس بۆ تۆ، کە سەرەنجت بۆ ئەوە راکێشام، چەند موڵک و مەلەکوتمان لە دەستداوە!

سوپاس چونکە سۆزی تۆ بوو، بواری نەدام دوابکەوم لە سەماکردن لەناو دەستەکانت!

سوپاس بووکی شیعرەکانم، لەبەر تۆ بوون دەردەچوون، تۆش بۆ هەموو شیعرەکانم زەماوەند ساز دەکەیت!

چیتر، ناپرسیت:

_ ئەوەی بۆمان ساز دەبن، یەقینە یان وەهمێکە و دەبێتە رووکار، کە مەسەلەکە پەیوەست دەبێت، بە کردنەوەی زۆرترین و گەورەترین پەنجەرەی خۆشەویستی، بۆ بێگەردبوون؟!

مەپرسە، بەڵکو بە زانین و دانانەوەی خۆت، من عاشقێکی برسیم لە ئامێزم بکە، بە هەموو سۆزەکانی مەزندە دەکرێت!

من وەک عاشقێکی تژی لە هەموو رەوشەکانی بەندبوون و ئاڵوودەبوون، لە بەهێزترین پلەکانی یاخیبوون و کۆڵانەکانی، بۆ تۆ ئامادەم.

من ئەو پێغمبەرەت پێشکەش دەکەم، تۆش ئاینەکەی ساز بکە و وێنەی بکێشە...

جەستەیەک تێدا بژین و بیژێنین، جەستەیەک پەرۆشی بووین و دەستمان نەدەکەوت، جەستەیەک گڕدار و بۆمەلەرزە و شۆرشێک،

جەستەیەک دەسوتێنێت، هەموو پاشماوەی ئاکارە دەستکردەکان، لە ناوە ساختەکان، لە بیرەوەرییە هەڵبەستراوەکان...

جەستەیەک بەرزونزمییەکانی، دوور لە گەندەڵییەکان ساز دەکاتەوە، بێگەرد و بێ پاشماوە و کەلاوەکان!

## ٣٤

کێ بوو سەردانی کردم، ئەو ئێوارەیە مەغریبی گەورە بە جلی خەونەکانی عاشقێکی گەورەی شۆڕشگێڕەوە...

ببوورە، ئەو ئێوارەیە کێ بوو سەردانی کردم، ئەوە تۆ بوویت.

تۆ وڵاتە گەورەکەی.

بەڵێ، سەردانت کردم، چەند شیرین و بەتام بوویت کە بەرووتی سەردانت دەکردم، چەند گەڵای داربی دەتوانن برسیەتی تۆ داپۆشن، یان هاژەی رووبارێکی سەرخۆش!

_ بەڵێ سەردانت کردم. ئەوەندە بەسە بۆ ژنێکی فاڵگەرەوەی مەغریبی وەک من، گوێ لە هەست و لێدانی دڵت بگرێت، هەست بکات تۆ بەردەوام لەناو هەموو ئامێزە توندە رەقەکانەوە بۆم دەگەڕێیتەوە!

_ سەردانم کردی منیش. ئەوەندەم بەسە، سەیرێکی چاوی کەسێکی شێتی وەک من بکەیت، تا دڵنیام بکەیتەوە من دڵسۆزی ئەبەدی خەونە بەرزەکانی تۆم!

_ سەردانی منت کرد. خۆت بەستبوو بەو سۆزەی شێرەکەی ئەتلەسی بۆ بێشەکەی هەیەتی، سەردانت کردم.

دەستووری وڵاتیش گۆڕا بوو!

بەڵام ماف لە ئەڤین، ئالوودەبوون بە شیعر، ناڕەزایی دەربڕین، بەکارهێنانی فەیسبوک، ئاوەگربوون و دەستنوێژەکانیان بەتاڵ دەکرد، ئەوانە روژووەکانیان دەشکاند!

_ سەردانم کردیت. ئەوەندەم بەسە بە هەموو برسیەتی و سۆز و چێژەوە لە ئامێزم گرتیت، ئەوەندەم بەسە، کە تۆ بەرهەڵستی رژێمت دەکرد و لە باڵکۆنەکەتەوە ماڵئاوایت لێ دەکردم!

_ سەردانی منت کرد. شادییم شێتانە بەرز دەبێتەوە و دەگاتە ئەوپەڕی بێگەردی و شکۆ!

_ سەردانم کردیت. هەر چەند سەردانت دەکەم مێژووی وڵاتەکە تۆماری جەستەیەکی شۆرشگێری رادیکالی ناکات، بێجگە لەوەی

من دەیورووژێنم و چیتر نانوسێت، بێجگە لەوەی هەردوو لێوم بە لێستنەوەی زامەکانی کەعبەکەی چاک نابێتەوە!

_ سەردانت کردم. تەنها تۆ و بەس، تۆ دەتوانیت جەستەکەم لە یاخییە زەق و ئاشکراکە و لە هەڵچوونە باڵاکە ئیقناع بکەیت، تەنها تۆ!

_ سەردانم کردیت. وەرە با زۆرت لە ئامێزت بگرم، تۆ شێتی منی، بە هەموو ئەو شێتییەی لەسەرم هەیە!

_ سەردانت کردم. منیش بەسۆزترین و بەتامترین برسیەتی جەستەکەم لە ئامێزم گرتی، بەبێ ئەوەی مقەسی سانسۆر ئامادە بێت سەمام لەگەڵ کردیت!

_ سەردانم کردیت. لە ئامادەیی من، لە غیابی من، ئەی ژنەکە، کانیاوی ئاوەکە و زەوییە بەپیتەکە، هەموو گۆرانییەکانم بۆ تۆیە، ئەی ژنی سۆلاڤی ئەڤین و ئاشتی!

_ سەردانت کردم. عاشقێک بووم بەبێ ئەوەی زامدارم بکەیت و ئازار بە جەستەم بگەێنیت، هەموو شیلەکەم دەمژیت، پێم خۆشە سەردانم بکەیت!

_ سەردانم کردیت. تۆش لەسەر چڕینی گۆرانییەکەت بەردەوامی:

(تکایە خیانەت مەکە! نازانم کە ناپاکی دەکەیت بۆ رووبارەکان وشک دەکەن، شیعرەکانم دەمرن!

ئایا ژنەکە، تۆ هێشتا یادگار و بارانی؟! ئایا تۆ منی؟! ئایا من تۆم؟!).

_ سەردانت کردم. ناپاکی تۆ، وڵات لە رووبار و گوندەکانی حەرام دەکات، گوند و شارەکانی لە زەماوەند و سەماکانی بێبەش دەکات، تکایە.. نا.. خیانەت مەکە!

_ سەردانم کردی. بۆچی گەشتەکانت ئێستا بەردەوامە، ئەسپەکانمان هەتا ئارەزوو دەکەین بەرزمان دەکەنەوە، هەتا حیلاندن دەخوازین؟!

بۆ و لەسەر چ، پاشگەز دەبیتەوە، ئێمە، ژنە شاعیرەکە و شەیتانەکەی، لەناو راپۆرتی جاسووسەکان دەمینێینەوە؟!

_ سەردانت کردم. هەر جارێ میوانم بیت، من دەستبەرداری هەموو شیعرەکانم دەبووم. لەنێوان هەردوو جەستەمان پرسیار نیگەران و حەیرانە:

_ ئەزیزم... ئایا دەتەوێ سۆز و چێژێکی گشتی بین، یان بە یەکێکیان تێر دەبین؟!

_ ئەزیزەکەم... ئایا وڵات نائومێد دەکەیت، لەکن مەمک، یان دەتبینم لە شۆرشەکە بەردەوام دەبیت؟!

## ٣٥

بە یادی تۆ..

لە پێداگیری لە تۆ...

سەردانی ژمارەیەک لە هاوڕێیە دڵسۆزەکانتم کرد.

موحاند، ئەویش تیشکەکانی بەهاری پێ گەیشتبوو، ئەویش وەک هەموو دڵدارەکان، گۆرانییەکانی سەربەستی رایهەژاندبوو و خەونی پێوە دەبینی.

بەتەنها بوو، لەناو ماڵە سادەکەی و لەناو سەرکردە راستەقینەکان، لەوێ دۆزیمەوە.

تازە گەمارۆکەی سەری سووک کرابووە، پلانە پیسە ترسنۆکەکە شکستی هێنابوو خوێنی لە دەمارەکانی زەوی برێژێت، عەشقی بۆ خاکی مەغریب دەبێتە ویژدان بۆ ئەو.

بە سەردانەکەی من بەختیار بوو، بەڵام نەیتوانی هەست و سۆزە بەردەوامەکانی بە هەموو گەمارۆ و پشتگوێخستنەکان بشارێتەوە:

_ ئەزیزەکەم ئیزا... بڕوا دەکەیت، هێشتا مەرجی ئەوەم لەسەر دادەنێن دەستبەرداری ناوی یەکەمم بم، بڕوا بکە، من تەنها بە بۆنەکەت، تۆ لە هەموو ژنانی جیهان جیادەکەمەوە!

زەوق لە بۆنەکەت وەردەگرم، ئەزیزەکەم ئیزا، کە بوویتە تاکە شیلەی راستەقینەیی هەموو نیەتە راستییەکانی باخچەکانی وڵات.

منیش بەبزەوە:

_ من وا لەبەر دەستت وەستاوم، تۆڵە بۆ زەوقە ناسکەکەت بکەرەوە!

من لێوەی نزیک دەبومەوە، تا موژدەی زۆرترین هەناسەی گوڵە شۆرشگێرە گەڕاوەکەی بکاتەوە:

_ دەی لە ئامێزم بکە، تۆڵە بۆ چەشە ناسکەکەت بکەرەوە!

بڕوام بەوە هەبوو دڵسۆزمە و ئەوەندەش سەرسامی سیحرەکانمە، هەستم کرد یەکسەر و بەسادەییەوە باوەشم بۆ ئامێزە پەرۆشەکەی بکاتەوە:

_ کێ هەیە ئەو پرۆژەیە قبووڵ نەکات، پرۆژەی گوڵێکی وەک تۆ، بەو بۆنە میللییەکەی تەنها ئاشنای تۆیە؟!

ئەو بە سیحرە پەخشانەکەی، بە هەڵوێستە دڵسۆزەکانی سەرسامی کردم:

_ ئەزیزم ئیزا، رەنگە بتوانن ئازادییەکانم کۆتبەند بکەن، زۆرتر لە هەوار و ماڵ و خانوویێکم لەسەر خاپوور بکەن، زۆرترین منالّی بەستەزمان، لە دەشت و چیاکان بکوژن، لە شەڕ و ململانێی نەگریسم وەربدەن، بەختیارم کە ناتوانن مرۆڤایەتی و ولاتپارێزیم بەیەکجاری هەرەس پێ بهێنن:

ناتوانن دلّم قەدەغە بکەن لە کرنۆشبردن بۆ شکۆیی بۆنەکەت، بۆ چەمینەوە بۆ رێزی مەقامی هەموو باخچەکانت!

بەلّێ، ناتوانن!

وەک عاشقێکی شکۆداری بەشەوکەت بەرەو پیرم هات:

_ لە ئامێزم، ئەی گولّە تاقانەکەی ناو باخچەیەکی رێزپەڕ، تکا دەکەم مێژوو بۆنە خۆشە ئارامە بەجۆشەکەت ریسوا نەکات و حەقی خۆی بداتێ!

بەقەد برسیەتییم بۆ تۆ، دەکەوتمە ناو باوەشی موحاند...

ناو ئامێزی ئەو شاخە!

لەودەمانەدا هەستم دەکرد، تەنها لەو سەعاتەدا، وامدەزانی سۆزم زۆرە بۆ باوەشی بۆنێکی سەرکەوتوو!

من لەناو هەموو توندوتیژی و زۆردارەکانەوە دەگەڕێمەوە لای تۆ!

## ٣٦

### ئینسافێک بۆ تۆ...

نووسەرێکی قوبتی ئاوارەی کەندا، ئەوەی ساڵانێک بوو لە تاراوگە دەژیا و لە دەست زەبر و زۆدارییەکانی دەسەڵاتی زۆرداری حاکمەکانی لە میسر رایکردبوو، منی بە (ئەمازیگ)، نووسەرە سکۆلارە مەغریبییەکە ناساند.

ئەمازیگ، فێرببوو، کە تەلەفۆنی دەکرد، پاش سڵاوکردن و هەواڵپرسی، شیعرە جوانەکانی بۆم دەخوێندەوە، لەسەر خەتەکە دەمامەوە، گوێم لەو شیعرانە رادەگرت، کە بۆی دەخوێندمەوە، بە بیانووی هاتنی یەکێک و جێبەجێکردنی داواکەی، وا راهاتبوو کە دەڕۆیشت، بە زاراوەی هاوڕێیە جوولەکەکانمان ماڵئاوایی دەکرد:

_ شالوم، ئەی نازدارەکەم، ئەی عیشقە نەمرەکە، شالوم!

ئێوارە لەدوای ئێوارە، ئەمازیگ لە هوتێلی (روح الجبال) تەلەفۆنی دەکرد، دەیویست هەواڵم بپرسێت و دڵم خۆش بکات، لەنێوان پەرداخێک و یەکێکی تری تەلەفۆنی دەکردەوە، دەیووت من عاشقی چاوە ئەتلەسییەکەتم، ئامادەم لە پێناوی پرشنگە لۆکالییەکەی چاوەکانت، شەهیدیش بم.

ئەو ئەمازیگە بە روح و بە جەستەوە، هاوسۆزی هەموو ئاکارەکانی خاک و میللەتەکە ببوو.

باوکی هاوڵاتییەکی رەسەن بوو، دایکی بەرەچەڵەک عەرەب بوو، داپیری (دایکی دایکی) بەرەچەڵەک ئیسرائیلی بووە و عەرەبێکی دەرکراوی بەرەچەڵەکی ئەندلوسی خۆشدەوێت و شووی پێ دەکات، بەڵام ماڵەوەیان قبووڵیان نابێت، ئەو شوو بە کوڕێکی موسلمان بکات، بۆیە لێی بێبەری دەبن.

ئەمازیگ زۆر شانازی بە داپیرەکەی دەکرد:

_ لەبەر ئەو داپیرەم، من کوکتێلێکی خوێنی مەغریبی و ئیسرائیلی لەناو دەمارەکانم دەگەڕێن، ئەوەش شەرەفێکە و کەمتر نییە لە شکۆیی هاوڕێیە مەغریبییەکانم، شەرەفێکە ئەو جۆرە ئاوێتە خوێنە، دەبێتە ناسنامەی مەغریبە گەورەکە.

وەک بەرهەڵستیکردنێکی جوان، ئەو، ماوەماوە پێی خۆش بوو بڵێت:

_ ئەوەش مایەی شەرەفە، کەستان ناتوانێت، کۆشش بکات بۆ قڕکردن و دوورکردنەوە و ریسواکردنمان، بێ ئەوەی تاوانی خوێناوی دژ بە بوونی تایبەتی بکات، دژ بە مافەکەی بۆ کەرامەت و ئاسایش و دەربازبوونەکانی.

ئەمازیگ هەموو ئەندامی بنەماڵەکەی ئیقناع دەکات، بۆ مانەوەی ئەو شەرەفە.

تەنها دایکی، ئەوەی بەڕەچەڵەک عەرەب بوو، نیگەران دەبوو، کە کوڕەکەی لەبەردەم بێگانەیەک باسی رەچەڵەکە ئیسرائیلییەکەی دەکرد، دەگەڕێتەوە سەر رەچەڵەکی دایکە کۆچکردووەکەی و ئاینە جوولەکەیەکەی.

ئەمازیگی منی بەو ناساند، لە سەردانە مەیدانییەکەم بۆ زێد و هەواری منالێم، بەو جۆرەش رەفتاری کرد، شوێنەکە شارێکی چیایی لادێی بوو، ئەو شارانە قەڵات بوون، موحمەد شوکریش دوودڵ نەبوو، لەودەمانەی ئەو دەگەیشتە سەر زامەکان، لەوێ هاوارە ئەدەبییە ناودارەکەی دەردەبڕێت.

للا فاتیمە _ ژنەکە ئەو ناوەی هەبوو _ تووڕە دەبوو و نەیدەزانی هەڵسوکەوتی کوڕەکەی لەبەردەم ژنێک، لە هەموو خەڵکەکە زۆرتر دان بە مافی کەسانی تر لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیش دەنێت، ژنێک لە هەموومان هەستیارتر بوو بۆ بەزەیی، بەڵکو هەست بە تووڕەیی دەکات، کە کتێبەکان دەخوێنێتەوە، کە فیلمەکان دەبینێت، یان هەواڵەکان دەبیستێت، لەسەر کارەساتی خەڵکێک قەدەر روویان تێدەکات، زەمەنەکە خراپە و ئەوانە دەبنە قوربانی ئاسان، بۆ هەموو جۆرەکانی توندڕەویی، ئینجا لە کام ئاین و رەگەز بن، لە هەموو خەڵکی تر بەوانە تووڕە و نیگەران دەبێت، ئەو لەو جۆرە ژنانە بوو.

## ٣٧

بۆ سەرکەوتنی تۆ...

بۆ خۆشەویستی و دژ بە هەموو داخستنە رۆشنبیرییەکان، داوام لە ئەمازیگ کرد بچینە زیارەتی گۆڕی داپیرە جوولەکەکەی. لەوێ ئەمازیگ، شۆکی کردم کە وتی، با بچینە سەر زیارەتی مەزاری عومران بن دیوان.

_ چی؟! من هەرگیز بۆ نێوانمان لەگەڵ خودا، کەسم لە پەیامنێر و پێغمبەرەکان دانەنابوو، ئێستا بچم پیاوچاکێک بکەمە پێناو؟! قەیدی نییە با ئەوەیان یەکەمجار بێت، ئەوە دەکەم، با ئەو پیاوچاکە جوولەکەیە ببێتە یەکەم پێناوی من! بۆ ئەوە نەکەم!

شوێنەکە ڤالا بوو، ئێمەش ئارەزوویەکی زۆرمان هەبوو، بچینە ناو مەزارەکە.

بەڵام دەرگا ئاسنەکە، بەسەر فەزا و نهێنییەکانی خۆییەوە داخرابوو، شوورەکەشی ئەستوور و زۆریش بڵند بوو...

**ئای... چۆن بچینە ژوورەوە، چۆن بگەینە عومرانی گەورەمان ؟!**

لەناکاو دەرگا ئاسنە گەورەکە کرایەوە، لەپشتەوەی چەند درکێکی پاشایەتی دەرکەوتن، سێ گەنجی مەغریبی، بە هەیبەتێکی نازدار و جلی رەسمی و پۆشاکی جوانی پاسەوانی دەرکەوتن. پەیڤەکانی ئێمەیان پێ سەیر بوو، تەقەتەقی گەڕانمان بەدوای دۆزینەوەی دەروازەیەک بۆ چوونە ناوەوەی مەزارەکە، سەرنجی راکێشابوون:

یەکێکیان لەگەڵ سڵاوکردن لێمان هاتەپێش:

_ سڵاوتان لێ بێت، پێویستان بە خزمەتێک هەیە؟

_ سڵاو لەگەڵ خۆشەویستی بۆ تۆش. تکایە، ئارەزوو دەکەین بچینە ناو ئەو مەرقەدە و زیارەتی گۆڕی گەورەمان عومران بن دیوان بکەین...

_ نەخێر تکامان ئەوەیە خاتوونەکەم، لەوەندە زیاتر مەهێنە پێشەوە، ئەوەندەی هاتوون بەسە، ئێوە دیارە هەردووکتان موسلمانی مەغریبین؟!

ئەمازیگ وتی:

_ بەڵێ، هەردووکمان مەغریبی و موسلمان و ئیمانداریین، مولانا عومرانیش کەسێکی ئیماندار نەبووە، ئەمیرەکەی ئەو ئیمانی ئەمیری ئیمەش بووە...؟!

بە شێوازە تایبەتییەکەی خۆمەوە قسەکانی ئەمازیگم بڕی:

_ بەڵام کە هەردووکمان مەغریبین ئەوەش بەسە.

پاسەوانە درکەکە، بەدوودڵییەوە و بەبێ ئەوەی دڵنیا بێت:

_ کە دوو کەسی مەغریبین ئەوەندە بەسە؟! ڕەنگە، بەڵێ، باشە، ئەوەندە بەسە، بەڵام ...

_ بەڵام! بەربەست چییە لە چوونە ژوورەوەی ناو مەزارەکە؟! ئێمە مافی تەواوی خۆمان هەیە، هەموو مەزارێکی ناو مەملەکەتی مەغریبی زیارەت بکەین، لێرەولەوێ مەزار زۆرە و ئاساییە، جوولەکەیی، بە هەموو شکۆکانییەوە دەبێتە کەلەپووری هەمووومان، وەک چۆن قسە لەسەر ئەمازیگیش دەکرێت، وەک ناسنامە و کەلتوور، ئەویش کەلەپووری هەموو مەغریبییەکانە، وایە یان نا؟!

یەکێک لە پاسەوانەکان، بۆ ئەوەی هاوڕێیەکەی لەو کێشەیە دەرباز بکات و بەشداری دانوستانە نیشتمانییە هەستیارەکە بکات:

_ خاتوونەکەم، هەموو جۆرە سەردانەکان قەدەغەیە! نازانیت شەپۆڵی تیرۆر و توندڕەوییەکان چەند پەرەی سەندووە، لەورۆژانە ئەوانە زۆرن؟!

_ ئای، ئێستا تێگەیشتم. بەڵێ، ئاگاداری پێویستە لە هەر زەبرێکی خیانەتی نامەردانە، بۆیەش چوونە ژوورەوەی ناو ئەو مەزارە قەدەغە کراوە، زۆریش سوپاست دەکەین، بیر لەو جۆرە پاراستنە دەکەنەوە، لەو مەزارە پیرۆزەی برا جوولەکەکانمان،

بەڵام دڵنیابن! ئێمە تیرۆریست نین، هەردووکمان نووسەرین و خەبات دەکەین، بۆ نەمانی هەموو جۆرەکانی رق و بوغز و توندڕەوی و نەژادپەرستی، نەک ئەوەندە و بەس، بەڵکو حەرامیشی دەکەین، بۆیەش ئێمە وەک دوو کەسایەتی بەو جۆرە، بۆ دەبێ بێبەش بکرێن، لەو جۆرە سەردانە بۆ مەزاری گەورەمان عومران.

درکی یەکەم:

_ خاتوونەکەم لەگەڵ لێبوردنەوە، مەسەلەکە وایە، هەموو جۆرە سەردانێک قەدەغەیە!

ئەمازیگ وچانە کورتەکەی تەواو دەبێت:

_ هەموو جۆرە تیرۆریستێک مەلعونن!

بەگاڵتە و خۆشییەوە، لەسەر ناڕەزاییە ئارامەکەی دەڵێت:

_ بەڵی، هەردووکمان دوو نووسەری سکۆلارین، ئایا دەوڵەتی مەغریبی ئیسلامی بیر لەوە ناکاتەوە، وەک دوو رووناکبیری علمانی، پارێزگاریمان بکات، وەک چۆن ئەو مەزارە دەپارێزێت؟!

نەمتوانی بزەکەم بگرم، قسەکانی ئەمازیگ دەبڕم:

_ دەکرێ وێنەیەکمان بەیەکەوە بۆ بگرن؟

درکی دووەم بزەکەی منی بە درەفەت دەزانێت، بۆ رزگارکردنی دانوستانە تەنگاوەکە:

_ وێنەگرتنیش لێرە قەدەغەیە.

_ باشە چ بکەین؟!

درکی یەکەم، وەک سەرکەوتنی لەو نەبەردییە زەحمەتە، شادمان دیار بوو:

_ دەکرێ مانگی مایو لەگەڵ وەرزی هایلولا بگەڕێنەوە...

_ وەرزی هایلولا؟! بیرۆکەیەکی باشە! با بڕۆین ئەمازیگ! شالوم، ئەی گەنجەکان شالوم!

## ٣٨

بە خۆشییەکانی تۆوە...

من لەوێ بووم...

فیستڤاڵێکی نیشتمانی سازکرابوو، کەلتوور و هەمەرەنگی کەلەپووری میللەتانی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست تێدا کۆکرابووە، ئاهەنگەکە لە حەوشەی دەزگایەکی رۆشنبیری بەناوی

نووسەرێکی گەورەی جوولەکە بوو، ڕەوشەکە بە ئاوازی موزیکی کلاسیکی جیهانی ئاوێتە ببوو، کە کەشێک بوو ئامادەبووانی مەست و حەیران دەکرد...

لەوێ چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئوزولاییم دەکرد.

ئەو بۆ بەڕێکردنی براکەی لەوێ دەرچوو بوو، نەدەکرا ئەو ئیلتزامە نەکات، زۆرتر لەلامان بمینێتەوە.

کە گەڕایەوە، وەک ئەوەی تازە دەیبینم، بۆیە بەگەرمییەوە پێشوازیم کرد:

_ ئوزولای... حەز دەکەیت بەیەکەوە سەمایەک بکەین؟!

_ بێگومان، ئەزیزەکەم ئیزا، بۆ نا...؟!

...

بەو سەمایە... جەستەیەک بۆ دیمانە، نەک قەڵایەک بۆ خۆپاراستن... من تۆم دەویست.

بەو سەمایە... تۆم وەک بانگەوازێک بۆ بەشداریکردنم لە جەستەیەکی ڕۆحی دێرین وێنا کردبوو، جەستەی منی دەرباز کرد، بۆ ئەوەی بگاتە جەستەکانی بەشداریان دەکرد لەو کەشە بێگەردە، ئەویش تۆ بوویت.

ئەو دوو جەستەیە، خەونیان بەوە دەبینی چرکەساتە کۆنەکە بژێنەوە، بۆیە لەسەر سەماکە بەردەوام بووین...

لەسەر شەرەفی ئەتلەس سەمامان دەکرد...

لەسەر شەرەفی ئەفریقیا سەمامان دەکرد...

لەسەر شەرەفی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست سەمامان دەکرد...

لەسەر شەرەفی مرۆڤایەتی سەمامان دەکرد...

لەسەر شەرەفی ئەو چرکەساتەدا سەمامان دەکرد!

هەندێ لە ئامادەبووان، هەموو مەبەستە مرۆییەکانیان سنووردار کردبوو، بەڕێوەبەری فیستڤاڵەکە، لە زانینی پێشوەختەوە، ئەوەی بۆ میهرجانەکە دانابوو.

هەندێکی تریش لە ئامادەبووان، سەماکەیان بە ژووانێکی تری خۆشەویستی بۆ ئێمە دەبینی:

_ دوو کەسی مەغریبی، بە پۆشاکە تایبەتییەکەی خۆیانەوە، هەر کەسە و بە جوولە تایبەتییەکەی جەستەیەوە، هەردووکیان تینووی ئاشتی و ئاسایش بوون؟!

جوانە لەو زەمانە قەحپەیەدا ئەو تابلۆیە هونەرییە ببینین!

_ بەڵێ هاوڕێیەکم، ئەوەیان واقیعێکی مرۆیی شادییە، بەڵام... ئایا بواری سەرکەوتنی لەپێشە؟!

...

ئەو دوو جەستەیە خەونیان بەوە دەبینی، چرکەساتێکی کۆنی پاک نۆژەن بکەنەوە و لەگەڵ سەماکە ئاوێتە بووین...

لەسەر شەرەفی تۆ چووینە ناوەوەی سەماکە:

_ ئوزولای، تۆ خەونێکی و لە ژیانە رۆحییەکەم چاوەڕوانم دەکردی، دەمویست لە تۆوە مانای سەرکەوتنی ئازادی ببینم...

_ ئیزا، کەرامەتی تۆیە، کە مرۆڤ لە بەهاکانی مرۆڤایەتی مەحروم دەبێت...

_ ئوزولای، تۆ لەگەڵ کۆششت بۆ کەمال و پێگەیشتن، من بڕوام بە تۆ هەیە، من بانگەوازی کەمال دەکەم، ئەگەر تۆ دەستبەردارم بیت، بێگومان دەکەومە ناو چاڵی بۆگەنی و زەلیلبوون...

_ ئیزا، ئەرکی منە پشتیوانی تۆ زۆرتر بکەم، لە سێبەری جەستەیەکی بەهادار، لەنێوان پێکهاتەیەک، بۆ ئاسۆیەکی ڤالا، لە هەموو نەفامییەکی پەریشان، ناکرێ بێ خۆشەوستی کۆببینەوە...

_ ئوزلای، لە تومەتێکەوە بۆ تومەتێکی ترەوە، ئەوە بووە بە ئەرکی من، تا ئەو جۆرە هاوسەنگییە بەیەکەوە ساز بکەین، ئەو هاوسەنگییە چرکەساتێکی بنچینەیی منە لە پرۆژە مرۆییەکەم...

_ ئیزا، کە من سەما لەگەڵ تۆدا دەکەم، بە لۆژیکی ئەوان، من سەما لەگەڵ هەموو موستەحیل دەکەم!

_ ئۆزولای، من ئامادەم ئیمزات بە هەموو رۆحمەوە، بە هەموو جەستەمەوە و لەگەڵ دەرئەنجامە ترسناکەکانی بکەم!

_ ئیزا، کەواتە، دەبێ، هەموو شێوەکانی توندکاری و تێکچوونەکان بروخێت!

_ ئۆزولای، دڵنیابە، هەتا ئێستا شەڕەکانی بۆ ئامێزگرتنی تۆ بەرپامکردووە، ماندووی نەکردوم!

تەنها سەمام لەگەڵدا بکە و بەس، ئۆزولای، سەمام پێ بکە:

سەماکردن لەو شێوازە تایبەتییە، کە باش، لە چیرۆکە مرۆییە گەورەکەدا شارەزاییمان هەیە، چەند هیواخوازم من یەکێک بم لە گیراو و دیلەکانی.

ئۆزولای بەسۆزەوە بزەیەک دەکات:

_ ئیزا، ئای تۆ ژنە عاشقێکی چەند ئیماندار و شێتی!

ئوزولای سەمای دەکرد و دیار بوو زنجیرە زێرەکەی ملی، سەندوقێکی بچووکی پێوە بەسترابوو.

ئوزولای سەمای دەکرد و سێبەری خەمێکی کۆنی بێگەردی رۆحە هەنگوینییەکە تەماویی کردبوو.

ئوزولای سەمای دەکرد و ...

دەمزانی من دەتوانم تەنها کەمێک لە خەمەکانی سووک بکەم، ئەوەی قەسیدەکانی، لە بێدەنگی قوربانییەکان و لە زەمەنێکی زۆر خراپی نزیک و زۆریش دوور نا، وتووە.

_ ئوزولای، چ دەبوو ئەگەر سارا لەناو ئەو سەندوقەی ملتەوە هاتە دەرەوە و ئێمە بۆ ئەو سەمایە ساز بکات، تا بەو ئاوازەوە سەما بکەین؟!

_ سارا، ژنە و مرۆڤە لەو خاکوخۆڵەی تۆیە، من نایشارمەوە، کە لە سەردانەکەی فەلەستین دەگەڕێتەوە، من وا لەو جەژنە کەلتوورییە جوانەدا هاوبەشین.

سەندوقە بچووکەکەی توند گرتبوو نەوەک لێی ون بێت:

_ داپیرم مادلین لەناو ئەو سەندوقەوە دێتە دەرەوە، رەنگە ئەو بڕواش نەکات، من و تۆ، بەو جۆرە چەسپ بووین ئەگەرچی زۆریش هاوسۆزین.

وێنەکەی ناو سەندوقەکە وێنەی داپیرمە.

تەنها داپیرم ئەو وێنەیەی ماوە، ئەویش یەکێک بوو لە کۆمەڵکوژییەکەی ئەڵمانیا، لە رۆژانی جەنگی دووەمی جیهان دەربازی نابێت.

من، وەک ئەوە وام ناتوانم لە کەساسی و نەهامەتییەکانی رابردوو، دەربازم بێت، ئەگەر بگەمە ناو دیوەزمەکانی ئێستا:

_ ئوزولای، ئای چەند پەریشانم و نازانم بە چ وەسفەیەکی سیحری ئەو جیهانەمان، لەبن دەستی ئەو جۆرە چەتانەی توندوتیژی رزگاری دەبێت...

ئەوانەی دەیانەوێ سولتانە دڕندەییەکەیان بەسەر هەموو بستێکی ئەو زەمینە دابگرن...

ئەوانە شەرم ناکەن و هەموو هەژموونە دڕندەکەیان، بەڕقەوە تەرخان دەکەن بۆ خاپوورکردنی جوانییەکان...

ئەوانە، نەخۆشییەکیان هەیە، بۆ خاپوورکردنی هەموو وەفا و دڵسۆزییەکانی بەخۆرسکەوە ماون و دوورن لە راسپاردە و چاودێرییەکان...

بۆ تێکنەدانی جوانی کەشەکە، ئوزولای بەو قسانە پەیڤەکە دەبڕێت:

_ سەماکردن، ئەی فریشتەکەم، سەما و هەموو هونەرەکانی تری خۆشەویستی پێناسەیەکی سیحرییە، با تەنها هونەرەکان بکەینە

پشتیوانی، هونەرەکانمان بەشدارییەکی جوانە، لە چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایشی ئەو جیهانە گەورەیەمان و موڵکی هاوبەشمان!

مەستبوون بەو خۆراگرییە دەگمەنە، لە حەزووری خۆشەویستییەکە زۆرتر ئوزولام گرتە ئامێز:

_ بەڵێ، ئوزولای، پشت بە هونەرەکەمان دەبەستین، بە هەموو هونەرەکەمان!

هونەرەکەمان هەموو گوللەکانیان دەکات بە باڵندە، دەکاتە گوڵ...

هونەرەکەمان ئارەزوو و دڵیان بۆ سمفۆنیای خۆشەویستی دەکاتەوە...

وەک ئەوەی بمەوێ نهێنییەکی مەزنی پێ بڵێم، بە گوێیەکانیم چرپاند:

_ ئوزولای، لەبەر تۆیە نەخشەیان داناوە، تا من یەک ئاین بپەرستم و یەک پەرستگام هەبێت...

بەڵام ژمارەی ئاینەکان لەلای من، لە ژمارەی پەرستگاکان زۆرترە...!

من ژنە ئیمانداریکی شۆڕشگێرم، هەموو نەخشەکانیان خاپوور دەکەم...!

_ ئیزا، پیرۆزی و دەستخۆش، ئەی مەلائیکەتەکەم، نەمدەزانی دڵت ئەوەندە گەورەیە!

٤٠

بۆ گوزارشتکردن لەو، وتت:

بەڕاستی جەلادێکە، بۆ جەستە و بیرەوەری، لێرەوە گوزەریشی کرد...

هەروەها دەڵێم:

من سۆز و هۆگرییم بۆ تۆ بوو، لەبەر شیعرەکانمە مناڵانی چیاکان قەرزباری تۆن...

بە تۆ لەعنەت و کوفری هەموو ژانەکانی رابردوو و خەمە کۆنەکانم دەکەم.

بەخێربێن، لەلای پەرستگاکانی سازشکردنم لەناو تۆدا، تۆ جوانترین ئاینەکانی منی،

بەشێتییەوە دەڵێم بەخێرهاتی، دەبوایە وا بکەم تا منت لەکیس نەچێت:

هەموو ئەوانەی قەسیدە شیعرییە فریودراوەکان دۆڕاندیان، بەو شێوەیە من تۆم دۆڕاند...

من ئامادە نیم، ئێستا، بەرگەی نسکۆکانی ئەو رۆمانە عاشقە بگرم!

من ئامادە نیم:

ئەوەی لەنێوانماندا هەیە، سازشێکی جەستەیی نییە، بۆ مەستبوونێکی کاتی رێبوارانە...

نەخشەی عەشقێکی نهێنیمان لەنێواندایە، دەبێ وڵاتیش، لەو عیشقەوە، سنوورەکانی بگێڕێتەوە!

...

ئێستا ئەگەر بنمیچی خەمەکانی رابردوومان بەیەکجاری دارما و نەما...

لەبەر رۆشنایی لۆژیک وەک ناسنامەیەکی رەسەن بۆت دەگەڕێینەوە...

ئەو ئاوێزانییەی ئێستا، کە لە قووڵاییەکانی یادگارەوە هەڵقوڵاوە، کە هەردووکمان هەستمان بە حەتیمیەتی دەکرد، بەرگری ژان و بڕوابوونی کردبووین، ئاوێزانەکە هەڵاتووی ناو تاڵییەکانی نەفی و برینەکانی کەسەرە، ئاوێزانەکە بە هەموو ئازایەتی و دروستی چێژ و تامەوە خۆی ئاشکرا دەکات، پاش ئەوەی لە کەشی زۆر نهێنییدا، تامی زۆری غەیبیی دووری بە ئێمە بەخشیبوو...

وەک ئەوە وایە پلانگێری دژ بە وڵات بکەیت...

لەوە دەچێت سەرکەوتن نەبێت بۆ بەهاکانی نازداری دونیا...

وەک ئەوەی دەرەوشانەوە نەبێت، دەبوایە بۆ ناسینی تامی وڵات، بزانین ئەوە بکەین، ئەوە بکەین تا بتوانین لە چوارچیوەی مرۆڤایەتی لێبووردەیی دەسەڵات و بوارمان هەبێت...

ئێستا زمانێک دەژین تێیدەگەین و تێماندەگات...

ئێستا بیرەوەرییەک دەنووسینەوە، ڕێک لە ئێمە دەچێت...

ئێستا لەناو هەڵچوونێکی عیشقدا دەژین پاکە، لە هەموو نسکۆیەکی دەمانگرێت و دەمانبەستێتەوە...

ئیستا بە هەموو نەوەکان دەڵێن، ئەوانەی وردەکاری ونبوون و ئاوارەیی و دەربەدەرییەکانی ئێمەیان نەزانیوە، بۆ ئەو نەوانەی نەبووە شاهیدی چرکەساتەکانی یاخیبوون و نارەزایی و شۆرشەکانمان، ئەوانە لەناو ئاوێزان و ژووانەکانمان دەگێڕینەوە...

بۆ هەموو نەوەکانە ئەو وەسیەتە زێرینەمان...

بوار مەدەن وڵات بگەڕێتەوە جەبرەوتی جاران!

بوار مەدەن، چیتر دەرحەق بە مافی رۆح و جەستە تاوانەکانی دوێنێ دووبارە بکەنەوە، خۆشمان بڕوا ناکەین لەژێر خاکمان شاردونەتەوە!

وڵاتەکەم... دەتبینم، بگەڕێیتەوە کاتی جەبرەوتەکانت، دەبێ رۆژێک بێتەوە؟!

## ٤١

دەگەڕێتەوە، بە ئەستۆی هەمان تومەتە کۆنەکانەوە دەگەڕێیتەوە:

_ ئیزا، تۆ عاشقێکی توندڕەویت، عاشقێکی بۆ ئەڤینەکەم، ئەدەبێک دەنووسیت هەرگیز ژنە عاشقەکانی تر ئەوەیان بۆ

خۆشەویستی نەنووسیوە، تۆ وەک سەربازێکی شێت، دەستڕێژی گوللە دەکەیت، شیعری وا دەنووسیت.

ئەزیزەکەم...

هەموو جۆرەکانی شێتی پیسی و نەگریسە بۆ دڵم...

تەنها شێتی لە تەلقینی پیتەکانی ناوت بۆ چۆلەکەکانی وڵاتەکەم نەبێت...

لە دابەشکردنی چامەکانی بە هۆگریی تۆ نووسیومە، بەسەر دەربەدەر و بەڕەڵاکان، لەودەمانە توندڕەوم...

تەنها ئەوانە نەبێت، ئەوانەش تەواوی میانڕەوابیەکانی منن!

ئەزیزەکەم...

لە ناو نەریتەکانم ڕەووشتێکی پێویست هەیە، ئەویش رادیکالییە کە ناشیرینییەکان دەردەکەون...

لەناو نەریتەکانم، نابێ هەموو شەڕەکانی لە پێناوی دڵداری دەکرێن رابگیرێن...

ئەزیزەکەم...

کە بۆ تۆ شێت دەبم، زمانی دیبلۆماسییەکان نازانم...

ئەو زمانە چۆن بزانم، من لەو سەری سەرەوەی گێڵی و نەفامییەوە هاتووم؟!

چۆن بزانم، هێشتا شێتبوون و شەیدابوونم بە تۆ، نوێژەکانی بە کوفر بانگ دەدرێت:

_ ئەوە منم بە هەموو توندڕەوییەوە، بەرگری لە هەژار و داماوە نائومێدەکانت دەکەم، ئەوە منم؟!

بەڵێ، لەبەر ئەو فاکتەرە مرۆییە نیشتمانییە زۆر مەعقوڵە، من گەورەترین خائینم، هەرگیز و بەردەوامیش توندڕەوم، بۆ هەتاوەکەت، منیش و بەردەوام داوام لەسەرە، کرنۆش بۆ حەزرەتی رووناکی خودای مەقامی باڵا و خاوەنی هەموو شکۆکانت بەرم!

ئەزیزەکەم...

پێویست ناکات بە چرکەساتێکی کرنۆشبردن نوێژیان بۆ دابەستیت، دوایی کەسانی نەناس دادگات بۆ دادەمەزرێنن، بۆ سادەترین بەرژەوەندییەکانت چەندین قەوارە و پلەدارەکان بە ئینسافی کەمەوە بڕیارێک دەدەن!

...

ئینجا دەگەڕێیتەوە، لەگەڵ خراپترین بەدحاڵیبوونی تێگەیشتنەوە دەگەڕێیتەوە...

ئەوە تۆیت، تۆش وەک ئەوان، ترست لێ نیشتووە ئازایەتی من ببێتە دیوەزمەیەک، من ڕەوشەکە جوان دەبینم، تۆش وادەزانیت هەوارەکەت شپرزە دەکات...

تاوانی من چییە، کەواتە، ئەگەر چەشەی نیشتمانیتان ئەوەندە خراپ بێت؟!

تاوانم چییە ئەگەر تەنها منی عاشقی خۆکوژ، ئەگەرنا، کەسی تر نییە بەرنامەکانی لەناوبردنی تۆ هەڵوەشێنێتەوە؟!

ئەزیزەکەم...

دەزانیت وەک چۆن ئەوان دەزانن، دوور لە هەموو دامودەزگانیان، من جۆرێک تۆم خۆشدەوێت، هونەرێکە کەس پەراوێز ناکات، ئەو ژاوەژاوە دەستکردە لەسەر خیانەتکردنی پەیامەکە، یان پەیامێک لە خیانەتت بۆ چییە؟!

لەوانە باشتر نییە، ئەوانەی هیچت بۆ نادەن و تەنها بەدیار خەم و پەژارەکانتانەوە دادەنیشن، دەیانەوێ تا دەرفەتێکی تر، تۆ هەتیووی ناو ئەو وڵاتە بیت؟!

دیسان دەگەڕێیتەوە، بەڵێ دەگەڕێیتەوە...

هەڵویستت لەگەڵ ئەو کەسانە دەبێت، کە بڕوا بە مەترسییەکانیان بهێنیت، هەڕەشەکانی ئەوانت پێ باشتر بێت...

ئەگەر بمینێیتەوە قازانجەکەت لەگەڵ ئەوان زامنە!

ئەگەر بمینێیتەوە.. دەبیتە دژی هەموو رەوشەکانی خۆشەویستی!

## ٤٢

دەگەڕێیتەوە... بەنەوازەش و تۆبەکاری و دەست بەدیارییەوە...

بەڵام... گوڵەکان، مەشروبەکان، فیلمە پورنوگرافییەکان، کەرەستەی کردە سێکسییەکان، ببوورە ریسواکردنی ئەڤین... دیارییەکان بەردەوام ئەوەیان لێ دەوەشێتەوە!

دیارییەکانت وەردەگرم، هەندێک لە دیارییەکانت.

ئەوانی تر لە دیارییەکانت، بە هەستێکی مێینانە، هەموویان مینرێژ دەردەکەوتن:

جوانە ئەگەر چاوتان لەوە بێت، گۆشە و کەلاوە تاریکەکانی ژنێکی وەک من پاک بکەنەوە، کە بەرووی کودەتا مەزنەکانی تارماییەکان، خۆراگر بووە، بەڵام بۆ هەموو ژنێک باش و شیاو نییە، بە ئاراستەی کەلتوورێکدا بڕوات بە نیگای تۆ ئەوە سەربەستییە، تێدا بەئاسانی دەکرێ جەستەکەی دەستەمۆ بکەیت، ژنێک بێت تەنها بۆ جەستەکەی ژن بێت...

ئینجا... بەرەو جەستەی تریش... دەڕۆیت!

دیارییەکانت رەووشتێکی توندکارانەیە، ئەوەم لە عاشقێکی گەورەی خاوەن دروشمی گەورە مەزندە نەدەکرد، عاشقێک و رۆژانە ریسوایی و کردەی قێزەوەنی شاراوەی لێ ئاشکرا ببێت:

_ ئیزا، تۆ و هەموو ژنەکانی تر، بەتایبەتی ئەگەر وەک تۆ شاعیرێکی سەنگین بێت، تەنها بۆ ئەوە باشە ببیتە بووکەشووشەیەکی سۆزدار بۆ سێکس و بەس...

شۆک گرتمی!

عاشقێکی شۆرشگێر، هەموو هەواڵەکانی کەشوهەواکەی تەنها پێشبینی هارمۆنی زۆرداری لێوە دەکرێت، هەتا داواکانت بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەڤین، لەگەڵ جەستە، زۆریش دوورکەوتیتەوە لە ئینسافی راستەقینەیی جەستە، بۆ ئەڤین!

هەموو ئارەزووەکانت پرسیارێکی کەم و ناحەزە ...:

چۆن میوەی جەستە لێدەکرێتەوە؟

کام جەستە، تەنها ئەو جەستەیەی مەرجی ئارەزوو و چێژی بۆ تۆ تێدا بێت!

...

هەموو ئارەزووەکانت هاتنەدی.

بەدزی گەیشتیتە ناو قودسیەتی جەستەکە، تەنها گەیشتن!

چەندین درز و کوون هەبوون، ئاسانکاری دەربازبوونیان بۆ کردیت...

بۆشاییەک هەبوو هانای جەستە برسییەکانی دەدا بگەنە نێوان دەستت ...

هەستکردن بەنائومێدی و هەتیووی جەستە و وڵاتەکە، بوارم دەدات سازشت لەگەڵ بکەم و بگەمە بەر جەستە رەق و دژوارەکەت بەڕووی ئەو مردنەی، من و جەستەی میللەتەکەمی شپرزە کردووە.

جەستەکە دەیویست کوونەکە، بۆشاییەکە... ببنە شاهیدی مانەوەی ئیمان و خۆراگرییەکەی.

کەیفی بە سازشەکەم دەهات...! بۆشاییەکە پڕ دەکاتەوە...!

تۆش وەک ئەوان، چێژت وەردەگرت، چیت دەوێ لە بۆشایی و پاشماوەکان، منیش ناچار بووم چیتر تۆم نەوێت، من و هەموو ژنەکانی نیشتمان، ببوورە، هەموو ژنە تێکۆشەرەکانی وڵات، خوێنی ئەوانت بۆ ئارەزووەکانی خۆت دەویست ...

بەوەی درۆی لەگەڵ ئەڤین کردووە... بەوەی دڵزارە بە ئەڤین...

بە هەموو قۆناخەکانی یاخیبوونم، دەمویست جەستەکەم بۆمان ببێتە بوارێکی گۆڕان، بەڕووی هەموو شێوە دڕندەکانی و لەبەر بەرژەوەندی مرۆڤایەتی هەمەجۆر. لە هەموو قۆناخەکانی یاخیبوونم تۆم دەبینی، سەرەتا، هاوپشتی مەرام و هەڵوێستەکانم بوویت و دروشمەکانی منت هەڵدەگرت...

لەو ساتانە وامدەزانی ئەوەش دەستپێکی کرانەوەی ئەڤینێکی نوێ و چاوەڕوان نەکراوە...

بینیم هێڵی سوور بۆ هەموو ئەڤینەکان دادەنێیت...

دەرچوو ئەڤین لەگەڵ تۆدا، بریتییە لە هێمایەکی تری زۆرداری کۆن!

ئەزیزەکەم... لەبەر رۆشنایی بوون و داواکانی کەرامەت، تۆ بێدەسەڵاتی لە هەموو ئامێزگرتنێکی جەستەیی!

## ٤٣

تۆی مەست و سەرخۆش، لەنێوان مەمک و  ئیمان و کوفردا ون بوویت و دەڵێت:

_ دەبێ شەڕی گەندەڵییەکان بکەین!

منیش پشتیوانیت دەکەم:

_ بێگومان، بەڵام بەر لەوە، دەبێ تۆ رێزی سیسەمەکەم بگریت!

لەسەر سیسەمەکەم... بەردەوام رەخنە لە حکومەتی ریشدارەکان دەگریت، بەڵام تۆ رەخنەکانت ئاراستەی ئەو دەکەیت بەهۆی جەستەکەی و کەمتەرخەمیش ناکەیت لە رووخاندنی بڕوابوونی، کە بانگەشەی رزگارکردنی وڵات و میللەت دەکات.

تۆ ئەی فێڵبازە تاڵەکە...

تۆ بۆ من... خودایەک بوویت، منیش بۆ تۆ عەرشێک بووم...

گاڤێک ئیمانم بە تۆ هەیە، گاڤێکیش تۆ ئیمانت بە من هەیە.

چ لەو نێوەدا گۆڕا؟!

ئەی فێلبازە تاڵەکە...

بۆت دەنووسم تا ئیقناعت بکەم، کە دۆزەخ ئیرەیی بە من دێتەوە...

دەنووسم تا بتکوژم، بەڵام فاتوورەکەی بەرزە، گرانە...

بۆچی نووسین خۆشەویستیە بۆ تۆ یان رقە، بەو جۆرە، بەردەوام، نرخەکەی گرانە؟!

ئەی فێڵبازە تاڵەکە...

چونکە لەناو دۆلابی خەم و کارەساتەکانم زۆرتر لە جەستەیەکم هەیە، بەسەرهاتەکە دەڵێت:

_ ئیزا... چ دەبێت ئەگەر لێتبووری؟! تکایە، ئەوەش لەبەر چاوی من بکە، من وادەزانم هیچ کۆتایی و دەستبەردانێک بێ ژیانەوە و ئاشتبوونە نابێت، بەبێ ئامادەیی ئەو، تەنها بە مانەوەی ئەو دەبێت!

_ سەبر بگرە ئەی ژنە دڵباشە سادەکە، دەمەوێ کۆتاییەکی شەرەفمەندانەت بۆ بدۆزمەوە، هاوسەنگی خیانەتەکانی و هەموو تەرمەکانی بێت!

_ نەخێر، نەخێر من هیچ کۆتایی ترم ناوێت، دوایی من لەگەڵ هەڵچوونی ناو ململانێیەکانی ماندوو بووم، لە ئیدانەکانی تۆ بۆ ئەو، هەراسان بووم، لە کۆکردنەوەی تەرمەکانی ماندوو بووم!

_ ئەوەیان کێشەی تۆیە! سەبارەت بە من ئیقناع بووم کوشتنی ئەو ویژدانی هەردووکمان ئاسوودە دەکات، بەوەیان پاک دەبینەوە!

ئامادە بە با تەرمەکانی بنێژین...

هەموو جەنازەکانی!

...

ئەی فێڵبازە تاڵەکە...

نامەوێ ئەو کۆتاییە بکەمە شۆکێک بۆ ژنانی چیاکە...

بەو کۆتاییە تەنها مەبەستم ئەوەیە زیانەکانی وڵات سنووردار بکەم!

دەمەوێ وا بەد و ناشیرین بمینێمەوە!

مەجولێوە، با وێنەکەت بگرم پاش ئەوەی نێرینەکەتم وەرگرت...

مەجولێوە! دەبێ وێنەکە لە هەموو رووێکەوە تەواوترین وەفای پێوە بێت...

لەو نزیکانە پێشانگایەک لە کارە رێزپەڕە سەیرەکانی تۆ دەکەمەوە...

لەو نزیکانە رۆمانەکەت/ رۆمانەکەمان بڵاودەکەمەوە...

لەو نزیکانە دوا نسکۆ و شکانەکە، بەنێوان خۆم و تۆدا بە قیست دابەشدەکەم...

یان هیوات وایە لە رابردوو ببوورم؟! مەغرورەکە! نەخێر، بواری لێبووردەیی نادەم بەو جەستەیە!

...

ژیان بۆ دڵدارێک، من زەمانێک چاوەڕوانم کرد، جەستەیەکم دەویست.

بۆ رەزیلکردنی هەر جەستەیەکی هاوکێشەی خۆم، من ئەو کەسە پەرۆش و سەرشێتە بووم.

بەو جۆرە، کەواتە، جەستەیەک بوو، لە هەڵوێست و بۆچوونی تۆم دۆزیەوە...

هەمان جەستە بوو، کە هەراسان و پەرۆشت کردبوو...

هەمان مەمک بوو، بە درۆ بە جیهانت چرپاند کە لێدوانت دەدا، کە دەتنووسی:

_ منم دەتوانم سەربەستی بکەم، منم دەتوانم حەقی خۆی بدەمێ، منم بۆ ئەو دەبمە بەخشندە؟!

بەو جۆرە، کەواتە، مێینەکەم کاروانسەرای گەشتەکەت بوو...

تەنها ئەو سێبەرە، تەنها ئەو ئاوە!

تەنها ئەو نانە، تەنها ئەو دەرمانە!

تەنها پشوودانی پاش شەڕە زۆرەکانت، شەڕەکانت ئەوانەی کەمترین مانا و شکۆیان پێوە بوو؟!

ئەزیزەکەم...

نارەحەت و سەخڵەت دەبیت، کە هونەرێکی مێینەیی هەست پێ دەکەیت و زووتر لە هزری نێرینەی خۆتا، بیرت لێی نەکردبێتەوە!

ئەو ژنە چەند ئازارت دەدا، بەڕووی هەموو زەبرەکانت، توندکاری لێ دەردەکەوێت، لەوانە زەبرەکانی تۆ!

ئێسکوپروسکی ژنێک، نایەوێ خیانەت لە ژانی بەرد و خاکەکەشی بکات، بەردەوام دەبم.

تۆ رەنگە تەنها وەک شەمشەمەکوێرێک ئەگەرنا، ناتوانیت هەموو چێژەکان لەناو ئێسکوپروسکیشم بەتاڵ بکەیت و خۆت تێر بکەیت، ئەوە نابیت!

ئەزیزەکەم..

ئەگەر وڵاتێک، هەتیووەکانی گەرمبوونەوەی تێدا بە کوفر بزانێت، تۆ، بەڵام من، لەنێوان کوفر و کفرکردنی هەتیووەکاندا، هەموو هیواکانی وڵات و بڵاوکردنەوەی ئارامی و گەرمبوونەوە نۆژەن دەکەمەوە.

٤٤

لەبەر ئەوەی تۆ بڕوات بەوە هەیە، من دەتوانم، لە سەرکەوتنی هەموو شۆرشەکانا رۆلێک بلەیزم، بەڵام ئیمانەکەت تەنها بە قسە و بیردۆزەکان بوو...

لەبەر ئەوەی تۆ، بەردەوام داواکار بوویت پشتیوانی من بکرێت، بەڵام رێزی هیچ هاناکانی منت نەدەگرت...

لەبەر ئەوەی تۆ خەباتگێر بوویت، تا بتوانیت هەژموونی خۆت لەسەر هەموو دامەزراوەکان، لە خۆشەویستی، لەسەر سیسەم زۆرتر بکەیت...

لەبەر ئەوەی تۆ، بەردەوام پەرۆش بوویت یاساکانی حەریم لەسەر هەر ژنێک توند بکەیت، ئەو ژنەی لە زیرەکی و لە عیشقی بۆ وڵات، لەگەڵ تۆ هاوسەنگە...

بۆیە زۆر ئاساییە، بڕوام بە هیچ لە شۆرشەکانت نەبێت...

ئاساییە و دەکرێ پاش هەموو شۆرشەکان لەعنەتت بکەم...

رەوشی ناکۆکییەکە، لەنێوان ئامادەکارییەکان، بۆ سازکردنی چەمکە کەونییە باشەکان، بەڵام بە بیردۆز، هەڵوێست و بۆچوونە نێرینە دڕندەییەکانت، بەڵام بە پراکتیک...

ئەوانە هانام دەدات دژت بم...

ئیقناعم دەکات پاش هەموو شۆرشەکانت توندکار بم...

ئەزیزم...

سەبارەت بە ئاشتەوایی و گەیشتن بە حەقیقەتی تۆ، هیچ بڕوام نەماوە، چاوەڕوان مەکە، چیتر، گەمەی هاوڵاتیبوون لەگەڵ تۆدا بکەم!

کۆشش مەکە ئیقناعم بکەت، لەسەر بێدەنگبوون لە بەها ناکۆکەکانت!

کۆشش مەکە، هیچ پێشڕەوییەکی شۆرشگێری نوێی تۆ ئاشنا بکەم!

چونکە من لێرە کارەکتەرە ئەکتیڤەکەم...

من وا خەریکە هەموو ژان و نائومێدییەکانم سازبکەمەوە، بۆ رووبەڕووبونەوەیەکی نوێ لەگەڵ تۆدا.

پیاوێکی وەک تۆ، شایستەی ئەوەیە هەموو ژنانی جیهان دژ بە تۆ کۆببنەوە...

کۆببنەوە بۆ کەرامەتی جەستەکان...

بۆ ئەوەی دەربکەوێت خۆشەویستی رەوشی چۆنە...

بۆ هەموو ئەدەبێکی ژنی شۆرشگێر کە ملکەچ نابێت...

بۆ هەموو ئازادییەکان، ئەوانەی پەیوەندیان نەبێت بە ئازادییەکانی تۆ...

تا بە حەق دان بەوەدابنێم، هەموو ئەوانەی تووشی داوی عیشقت بوون، ژنە نازدارەکانی وڵاتەکەم، ئەوانەی بەشیان لە بەشداری شۆرشەکاندا هەیە، بەشیان لە تۆش هەیە...

رەنگە تۆ دانوستانکاری پسپۆری یاسایی تیژ بیت، بەڵام ناکرێ ببیتە پسپۆر و شارەزا لە ئینسافکردنی پراکتیکی ژنان، کە شۆرشەکەیان بەسەر هەموو ژان و کەساسییەکانی ئەڤین سەردەکەوێت!

تۆ لە هەموو جۆرەکانی ویژدان داشۆراویت!

تۆ بێبەشی لە زۆری دڵ و زەوق، تا لە مافی مێینە لە کەرامەت و لە ئەڤین تێبگەیت، خۆشەویستییەک هەموو بێباکی وەهابییەکی

سەلەفی رووخێنەر رەخنەی بکات، خۆسەویستییەک بێباکی رۆشنبیرێکی سکۆلاری گەورەی وەک تۆ لەبیر بکات، تۆ!

٤٥

پێناسەی سزا و دەرکردن. ئەو دەیووت:

_ بریتییە لەو کۆششەی ئەگەری ئەوە هەیە لایەنێک بیکات، بۆ چەسپاندنی قەناعەت و چەمکەکانی لەسەر یەکێکی تر...

_ بەڵام تۆ من دوور دەگریت، کە باس لە سازکردنی چەمکێکی جوان دەکەین بۆ شۆرش، بۆ جەستە، بۆ ئەڤین!

_ چارەسەرێک دەدۆزینەوە، ئەگەر جیاوازییمان لەنێواندا هەبێت!

_ چۆن ئەوە بکەین و شۆرشەکەمان رایکرد، چۆن ئەوە بکەین تۆ هەموو مەبەست و بەرنامەکانت چەواشە کرد؟!

ـ ئەزیزەکەم ئیزا، باشە با بە پێویستی بزانین، جارێکی تریش دان بە تۆ دابنێمەوە، کە تۆ کەرامەتت لە من کەمتر نییە!

ـ بەحەق داوای هەموو کەرامەتێک دەکەم، وامزانە بۆ ئیهانەکردنی تۆیە؟!

ـ هەرگیز! ئەوەندە پەیڕەوی چەمک و خەونەکانیشت دەبم، تەنها خەونەکانی ئیزایە دەربازمان دەکات!

ـ ببوورە، من ئەو ژنەم لەو جۆرە قسانەی تۆ راهاتووم، بەڵام، بە پراکتیک، تۆ لە هەموو دانپێدانانەکانت پەشیمان دەبیتەوە، تۆ بەردەوام خائینی لە هەموو دروشمی وتارەکانت!

ـ من ئامادەم دژ بە زۆرداری نێرینەکان بەرگریت لێ بکەم، دژ بە هەموو جەور و توندکاری و بێبەشەکانم بەرگریت لێ بکەم!

ئامادەم، بڕوا بکە، ئیزا!

ـ باشە ئەدی چ لە خەونە کۆنەکەت بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی خۆشەویستی دەکەیت، کە تەنها بە خۆت هەژموونت تێدا هەبێت؟!

ـ لە سەرەتاوە بایەخە گرانە شکۆدارەکە تۆ بوویت، پاش تۆ هەموو ئیمپراتۆریەتی نێرەکان دەرووخێت، خاتوونەکەم!

ـ ئەدی چ ناوێک لە ئەدەبی رادیکالی شۆرشگێر دەنێیت، ئەوەی ناکرێ شەرمەزار بکرێت، ئەوەی خزمەتی سەربەستی ناکات، وەک

چۆن تۆ تێیدەگەیت، تۆ لەسەر یەقین بە، من سازشی لەسەر ناکەم!

_ سەربەستی راستەقینەیی، وەک چۆن دەزانیت خاتوونە ئەزیزەکەم، پرۆژەیەکی مەزن و خەونێکی گەورەیە، لەگەڵ شکان و رووخانی تەنها یەک نێرینەی کوژراوی بڵێسە بەرزەکانی تۆ نایێتەدی، دانەی کۆپکراوی وەک من، لە هەموو زەمان و شوێنێکدا هەیە، هەموو بوار و شێوەکانی دوورکەوتنەوەی من لە تۆ، زاوزێ دەکەن و نابڕێتەوە.

_ با چاوەڕوانی دانە کۆپیکراوەکانی تۆ بین، ئینجا دانەی سەرهەڵدانەکانی منیش دەردەکەون!

من ئەڤینە بکوژەکەی چەواشەکانم

من وڵاتی شۆرشە پەرتەوازەکانم.

ئیزا... بەڵێن بێت، ببمە ئاستی چاوەڕوانییەکانت، ببوورە!

تێبینی:

واقیعی خۆت بسلمێنە، پاش هەموو ئاشتبونەوە و لێبووردییەکانت، تۆ بێجگە لەوەی بەڵێنەکان ریز بکەیت هیجی ترت لە دەست نییە.

تەنها بەڵێنەکان!

هێزێکی پارێزگار هەیە، هەموو شۆرشێکمان دەردەپەڕێنێت، دەبن بە بەرژەوەندی پیاوە نێرەکان، بەرژەوەندی هەموو داپلۆسینەکان، ئەزیزەکەم، هێشتا تۆ ماویت!

سەیر نییە، کەواتە، نەهامەتییەکی رابردوو هەموو ئاشتبونەوە و غوفرانەکانی هەڵوەشاندەوە!

## ٤٦

بۆ راستکردنەوەی شۆرشەکە، شۆرشی من و تۆ، پێویستی بە رەووشتی شۆرش دەبێت، دەبێ چەمکی ئەو ئەڤینە دەرباز بکەین، ئەوەی ئاینەکەی تۆ ئیقناع ناکات ئەگەر نیوەشەوان سەردانم نەکەیت، ئاینەکەت ئەوەی لە من دەوێت، وەک چۆن دەگەیتە نزیک ژنێکی قەحپە و لەناو دۆزەخی وڵاتا خۆت خزاندبێتە ناو سیسەمەکەی، منت بەو جۆرە دەوێت.

دەپرسم، لەبەر تێگەیشتنە چەواشەکەی تۆ بوو بۆ ئەڤین، کە هەموو ژنە برسییە شۆرشگێرەکان، کە رازی دەبێت دەستبەرداری

پاڵەوانییەکانت ببیت، ژنەکان بەوەندە ناوەستن لەسەر سیسەمەکەیان دەرتبکەن، بەڵکو وەک دوژمنێکی گەورەش سەیرت دەکەن.

ئەدی لەبەر ئەو چەمکە نییە، وڵاتەکە هەتا ئەبەد لەناو هەژاری ئەڤیندا دەمینێتەوە؟!

...

بەڵێ، بۆ چاکسازی شۆرشەکەمان، شۆرشی من و تۆ، پێویستمان بە چەمکی باڵاتر هەیە، دڵت خۆش نەبێت بەوەی شۆرشەکەمان (شۆرشە بچووک، خراپەکە) بەرهەمی هەبووە، چونکە پاش ئەوەی تۆ هاتیتە سەر سیسەمی ژنە شۆرشگێرەکە، ئەوەی وەک من بێ دەستنوێژ و بێ بسمیلە...

لەگەڵ هەرزانترین جەستە و بە قەحپەترین ئاستەکانی خۆشەویستی بینرابوویت!

ئەزیزەکەم...

لەبەر ئەوەی خۆشەویستی ئەو شتەیە، بۆیە هیچ شۆرشێک نەیکردبوو بە دروشم، سەرسامیش مەبە ئەگەر شۆرشەکانت

نەخشەیەکی نوێ بۆ ژانەکانمان، لەسەر دوو جەمسەر و جەمسەری سێیەمی نەبێت بەرجەستە بووە:

جەمسەری من...

و جەمسەری تۆ...

لە جەمسەری یەکەمدا منی ژنی تێدایە، ئەوەی سۆزی بۆ ئەڤین وەک ژنێک هەیە!

جەمسەری دووەم، هەژموونە نێرییە چەکدار بە فەلسەفە داروخاوەکەیە، فەلسەفەیەکە رێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤی پێ دروست نییە، بێجگە لە بەها خۆرئاواکەی لە پێکهاتەدا شیاوی ژنانی ولاتەکە نییە، فەلسەفەیەکە بەردەوام پەنای بردوتە بەر شەریعەتی نێرەکان، گێڵییە ئەگەر سازشی لەسەر بکرێت، یان خەباتی بۆ نەمان و گۆڕانی بکەن!

لە جەمسەرەکەی خۆمدا، کۆشش دەکەم بەردەوام رووبەڕووی زۆردارییەکانت ببمەوە:

هەستکردن بە ترسێک لەلایەن هەموو نێرەکان لەسەر ئەڤین هەیە.

لەسەر منیش، ئەگەر، لەسەر سیسەمی خۆشەویستی دوورت دەخەمەوە، دوور لە جەستەی هەموو شۆرشەکان...

لەسەر منیش، ئەگەر، ئەڤێنێک نەفرەت دەکەم بۆ تێرکردنی نێریی خۆت بێت...

وا دەکەم، تا خۆی لەگەڵ هۆشیارییەکی نوێی کەلتووری کۆیلیەتی دەگونجێنێت...

تا بێدەنگ بێت، هەر کاتێ هەموو ماناکانی جوانی ئەوت پشتگوێخست!

ئەزیزەکەم

من سوود لە هەڵەکانم دەبینم...

ئەو مەکر و فێڵانەی دەستەمۆم دەکەن سوودیان لێ وەردەگرم...

نێرێکی وەک تۆ، بڕوای بە یەکسانی لە خۆشەویستیدا نییە، لە سەر سیسەم، لە هونەر، لە خەبات نییە، زەحمەتە زەمانەتی هیچ کەرامەتێکی لەگەڵ بکەیت!

ئەزیزەکەم

تەنها ئەو دوورکەوتنەوە نەمرەت لێ دەوەشێتەوە و ئەوەش شێوازت دەبێت!

## ٤٧

تۆ جەستەت ریسوا کرد... ئەڤینت شەرمەزار کرد...

ئەوەی زووتر ئەزموونی هەبێت لە خیانەتی ڕۆح! ئیهانەی جەستەش دەرئەنجامێکی دڕندەییەی ئەو خیانەتەیە، ناکرێ داوای هیچ کۆششێکی شەیتانی نوێی لێ بکرێت.

تۆ جەستەت ریسوا کردووە. ئیهانەکانت بە بۆنە بریندارەکەوە گیرساوەتەوە، تەنها بە باسکردن و شوێنهەڵگرتنی دەرئەنجامی ئیهانەکانت، دەتوانم لە گرتنت سەرکەوتن بەدەست بهێنم.

ئەوەی سەیری لاپەڕەکانی دۆسیەی سکالاکەم لەسەر تۆ دەکات، مەزندە دەکەم، داوای سەرچاوەی بەڵگەنامەییم لێ بکات. نازانم بۆ تەنها بە دڵسۆزییم بۆ چیاکە ناکەنە هەموو سەرچاوە و بەڵگەنامەکانم؟!

بە گرتنت دەدەم. گرتنی تۆ رووبەڕووی زەحمەترین وەڵامدانەوەت دەکات:

_ تکایە فێڵ و حیلەمان لێ مەکە، تەنها یارمەتیمان بدە و بەس! وەڵام بدەرەوە، ئیهانەکانت بۆ جەستە، لەکییەوە بۆ تۆ بوویتە ناسنامەیەکی نیشتمانی، ریسواکردن و ناشیرینکردنی هەموو مانا نازدارەکانی ئەڤین، کەی بووە بە رەگەزنامەی دووەمی تۆ؟!

...

ـ بەس بڵێ، لەسەر کام جەستە پاش جەستەکەی من، تەراتیلی درۆکانت وتووتەوە؟ قسە بکە و بڵێ، شاعیری وەک تۆ، تەنها خەونی دیوە، ببوورە، درۆ مەکە... ئەو تەنها ئەو کەسەیە خیانەت لەسەر سیسەمی ژنێک دەکات؟

ـ چونکە وڵات و سیسەمی ژن دوو رووی یەک خەباتن...

ـ دەتەوێ بڵێییت... دوو رووی یەک درۆن؟!

ـ ئیزا... ئایا تۆ راستیت دەوێت؟

ـ بەڵێ، هەموو راستییەکان، هیچم ناوێت تەنها راستی نەبێت!

ـ باش تێبگە، کەواتە، لە جەستەی تۆ جوانترین شاعیری سەماکەرم لە گیانبازی و راوەکانم دیوە، هەروەها دڵنیاش بە، سیسەمە برسی و شۆرشگێرەکەت لە من راستگۆترە، بەڵام، بەداخەوە، لەگەڵ من هیچ زەمانەتێکی نییە. چرکەساتەکە، ئەزیزەکەم ئیزا، دیارە لێم نابووریت، چرکەساتەکە ئەوەندە پیس و قێزەوەنە، لەوەی تۆ مەزندەی دەکەیت، بۆیە من جەستەکەم بەسە، بۆیە ناچار دەبووم بێجگە لە سیسەمەکەی تۆ بچمە سەر سیسەمی تریش، بەردەوام ئەوەم پێوە دیار بووە!

...

بە هەموو پاکییەوە، دەمویست دڵسۆزی جەستەکەم بمینێتەوە، گرێدراو بە ئەڤین...

بە هەموو خۆشەویستییەوە، دەمویست لەسەر عەرشی ژنێکت دابنێم لە من بچێت...

بە هەموو دڕندەیی کەللەرەقییەوە دەتویست، من گەمارۆ بدەیت بۆ سنووردارکردنی من لەسەر شکۆداریی، لەسەر ئەڤین!

سەیر نییە تۆی شاعیر، سازش لەسەر زیندەبەچاڵکردنی شیعری شۆرشگێرەکان بکەیت ...

سەیر نییە تۆی بانگخواز، خیانەت لەوانەی دروشم و هزرەکان بەرزدەکەنەوە بکەیت...

سەیر نییە تۆی مافناس، دەستبڵاو بیت لە زەلیلی هەر شتێک پەیوەند بێت بە کەرامەتی جەستە...

سەرسام مەبە...

من بەبێ تۆ هەموو دەروازەکانی زەلیلکردنم دادەخەم،

هەموو خیانەتەکان دەردەکەم لەوانە تۆش!

سەرسام مەبە، ئەگەر پارچەپارچەش بم، نەک چەکەکانم لەبن دەستت فڕێ بدەن.

یان چاوەڕوان دەکەیت، بە جەستەکەی جارانمەوە سەمات لەگەڵ بکەم/ ئێسکوپروسک؟!

چی بکەم، من، بە جەستەیەک نینۆکەکانی بە سەرپەرشتی تۆ درێژ بوون؟!

...

هەر بزانە یەکترمان بینی... هەر بزانە دەستمان لە گەردەنی یەکتر کردەوە..

لەبن زەبری دووڕوویی تۆ، لەگەڵ هەڵکشان و داکشاندا ون دەبێت...

هەڵکشان... کە من دەبینی لەبن دەستەکانت، ژنە شۆڕشگێڕە ناودارەکە، سەما دەکەمەوە.

داکشان... چەند لەبەر ئامادەیی تۆدا، منی مێینە بە ملکەچی یادت بکەمەوە.

سەیرە، چۆن دەتوانیت وا دڕندەش بیت، کە عاشقێکی شۆڕشگێڕیت؟!

_ من بەتەنها نیم:

دوورڕووییە دیار و روونەکەم بوویتە کێشەی زۆربەی رۆشنبیرەکانی ئەو وڵاتە، فەلسەفە گەمارۆدراوی هەموو مێینەیەکی شۆرشگێر، کەلەپووری جیهانی هەموو مرۆڤایەتییە و بەرهەمی نێرینەییە، هەموو سنوورەکانی بەزاندووە.

_ بەستەزمانن داواکارانی مافەکانی مرۆڤ، هەر چەند هەنگاوەکانمان لە سەکۆکە نزیک دەبێتەوە، دووبارە ئەوەی بۆیان دەگونجێت لە سورەتی ئەلنساء بۆمان دەڵێنەوە.

بەو شێوەیە، فەیسبوکی ژنێکی عیراقی، ئەو دووڕووییە دیارەی رۆشنبیرە شۆرشگێرەکانی لەسەر هەموو پارچەیەکی ماندووی ئەو خاکە، پوخت و کورت کردیتەوە.

لەبەر ئەوەی من، ئەو کۆتاییە ناخوازم، بۆیە لەسەر نووسینی برینەکانم بەردەوام دەبم...

دەتنووسمەوە و دەزانم تۆ رێزی برینەکانی خەڵکی تر ناگریت، ئەگەر ببن بە کتێبیش، رێزیان ناگریت، بڕوات بە هزرێک هێناوە وادەزانیت دوا دەرئەنجامی چەرخەکەیە، بڕوادارت بووم، من، ئەگەر سۆزدار بومەوە ئاگرەکانم دەگاتە ناو باخچەکانت، من کەوتمە دژایەتی نائەڤینەکە، سوودی نابێت پەرستگایەک بۆ دڵداری بکەینەوە.

بۆ ئەو جۆرە دڵدارییە!

## ٤٨

ژنـه شـاعیرەکـە...

چەند بوارێکی بـەرینـی بـە تۆ بـەخشی!

چەند بە خـالقـە مـەزنـەکـەی ئـەڤین ئـاودێری کردیت!

چەند بـەو نوێژانـەی ئـاین بـەتـاڵـی نـەدەکردن، تێری کردیت!

وەک چۆن دایکی بـەرووتـی دەبێت، چـەندجار بـەو شێوەیـە لـەسـەر سیسـەمـەکـە بـەپاکییـەوە بۆی دەرچوو!

ئـەو ژنـە شۆرشگێرە، بێ سوود هیوای بۆ وڵات دەخواست و دەیووت:

بـەو نزیکانـە... دەبینـە شمشاڵ و شـەراب...

بـەو نزیکانـە ... لـە چەکـەرەی ئامێزی عاشقێکی تـەڕ تێر دەخۆینـەوە، لـەنێوان پـەنجـەکـانـی، شیعرەکـانـی!

دەرئـەنجام ئـەو ژنـە شاعیرە چراکـانـی شارەکە دەکوژێنێتـەوە.

دەرئـەنجام ئـەو شۆرشگێرە، دوا دێرەکـانـی وەک دوا میوان دەخوێنێتـەوە:

ئەزیزەکەم..

ڕێک و بەدروستی مەبەستم تۆیە، کە دەکەویتە بن میکرۆسۆبەکەم...

تکایە، باسی دەستبژێرێکی ڕۆشنبیری مەغریبیم بۆ مەکە ...

تکایە، بانگەشەی ئەوەش مەکە تۆ ئەندێشەی ئەوانی ...

تکایە، مەڵێ من زانا و دانای ئەوانم!

شتێک لێرە بەناوی دەستبژێر نییە، ئەگەر وابێت میللەتی مەغریب بە دز و هەموو زەلیلەکەنمان دەستبژێرن!

ئەزیزەکەم...

ئەندامانی دەستبژێرەکەت، ببورە، چەتەکانت، بێجگە لە خەم و هیوایە تایبەتییەکانی لیستی پرۆژەکانیان، هیچی تری تێدا نییە.

ئەندامانی گرووپی چەتەکان، یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش خوان و دەعوەتە...

لەناو گیرفانم... یان لە مەتبەخم.. یان لەسەر سیسەمەکەم...

کەی تێدەگەن من پێویستم بەوە نییە، یەکێک جەستەم، بە جۆرێکی پیس و خراپ داگیرسێنێت؟!

کەی هوشیار دەبنەوە:

_ کاتی ئەوە هاتووە شۆڕشەکەمان هەڵگیرسێنین، کەی پەیوەندی بە هەرزانی جەستەیەکی یاخیبووی ئەو ژنە شاعیرە، رووناکەکە هەبووە!

ئەزیزەکەم...

کە تۆ ناگەیتە ئاستی هیچ چەمکێکی باڵای ئەڤین، منیش، ژنە شاعیرە شۆڕشگێڕەکە، هاوڵاتییە هەتیووەکە دەمینێمەوە تا عیشقێکی تر!

منیش تاکە ژنە شاعیرە شۆڕشگێڕەکە نیم، خیانەتی لێ دەکەم، هەموو ژنانی نیشتمانەکەم بایکۆتی بۆنەکەی دەکەن، سیسەمەکانیان دەسوتێنن، مانگرتن لەدژی تۆ دەکەن، کوفریش بە تۆ دەکەن!

تکایە، بۆنەکەت هەڵگرە و بڕۆ!

بڕۆ... بڕۆ و پێویستمان بە وانە تایبەتییەکانی عیشق نەماوە، تۆ بوویتە وڵاتیک لە نزمترین حاڵەتی نەفامی و گێڵی!

بڕۆ... من بەتەنها دەتوانم هەموو تاقەکانی ئەڤینی ئەو شارە پاک بکەمەوە!

## ٤٩

**بڕۆ!**

ئێمە دوو کەسی جیاوازین:

شۆرشگێرێک پەلاماری تەنیاییم دەدات، قەسیدەکەم، برسیەتیم تێر دەکات، نەک وەک ئەوەی تۆ، کەسە تێرەکان دەبینێت، تینووەکان تێر دەکات نەک وەک تۆ، بۆ تێربوون پێشنیارت دەکرد...

ئەوەیان باشترە لەوەی بەردەوام جەستەی خۆمت بۆ نمایش بکەم.

جەستەیەک، جەستەی من، وەک میوەیەک بۆ لێکردنەوە پەرۆشت دەکات و بەس...

بەردەوام لەسەر ئەوە رشت بوویت و ئەوەت دەویست.

**بڕۆ!**

ئێمە دوو کەسی جیاوازین:

پێغمبەرێک ... لەدوا فەلسەفە جوانییەکانی فێربووم، کە دەبمە بورکانێکی شۆرشگێر، چۆن بەهانای بانگەوازی مێینەی خۆم بێم ...

حەزدەکەم بەو جۆرە بیرت بکەمەوە.

نەک سیسەمێکی سەرەڕێی پشوودان، بە ئاوریشم و شەرابەوە، نەکەومە نێوانێکی دووری ئاڵۆز و ئارەزوویێکی گەورەی تۆ و واقیعێکی چاوچنۆکانە...

تۆ نامبینیت.

بڕۆ!

دوو کەسی جیاوازین ئێمە...

ئیتر لێرەوە من بەزەییم بە هەموو ژنە یاخییەکانی وڵاتەکەم دێتەوە...

لێرەوە بە پێغمبەرێکی شۆرشگێر لە کێشی تۆوە سەرسامم، گوتارەکەی یەکپارچە دڕندەیی بێت. گوتارێکە، بە بۆنەی چەشە نێرینە زۆرداریيەکانی دژ بە هەموو گوتارەکانی پێشووتری، مەبەستیان عەقڵانیەت و رووناکبیرییە، دەرفەتێک دەدۆزێتەوە گوزارشت لە خۆی بکات...

بەڵام... تەنها لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و کتێبەکاندا...

بەڵام... تەنها لەبەردەم مایکروفۆنەکانی وانەبێژی و کۆڕەکاندا...

ئێمە دوو کەسی جیاوازین....

دیسان تۆ دووبارە بڕیار لەسەر من دەردەکەیت:

ـ تۆ ژنە شاعیرێکی بە جەستە مینرێژەکەت، دژ بە هەموو هزرێکی نێرینەی رقی لە مێیەکان بێت، سەما دەکەیت، هەموو جۆرە سەربەستییەکی ناوێت و کەرامەتی خۆی لەبەردەم من دەپارێزێت...

بەڵێ، ژنە شۆرشگێرێکی وەک تۆ، بێگومان ئەگەر وا بڕۆیت ژنێکی تەنیا دەمینێیتەوە...

منیش ژنە شاعیرە شۆرشگێرەکەم و سوورم لەسەر سەماکردن، بە جەستە مینرێژەکەم سەما دەکەم لە دەرەوەی هەموو بازنەی هەناورەشەکان!

ئەوە منم، ژنە نەفرەتلێکراوەکە، نینۆکەکانی تەنها بۆ ئەوە ساز و باشە گۆڕ بۆ نێرەکان هەڵکەنێت، وا دەبەم من!

٥٠

لە قۆناخێکدا، لەبیرتە، من دەرچووم دژ بە ئەو و دژ بە ئەوان/ هەموو دیوارەکانی بێدەنگی بشکێنم.

لەو قۆناخەدا، دیواری تر هەبوون، دەبوایە بشکێندرێن و بێدەنگەکە نەمینێت:

نیشتمان، لەگەڵ ئەو و لەگەڵ ئەوان/ بریتی بوو لە...

زیندانێکی گەورەی ناوبانگ خراپ...

تاراوگەیەکی ناوەوەی ریسواکراو...

ئەو ئەڤینە، لەگەڵ تۆدا، هاوڵاتییەکی داماوی بێ مافە، بێ کەرامەتە، کە شەوێکیان گەیشتە ناو جەستەکەت و مایەوە، بەمردوویی و وەک تەرمێک دەچێتە دەرەوە!

...

من وامدەزانی...

ئەوەی لەنێوانماندا هەیە زۆرترە لە سۆز و بون، پاکترە لە برسیەتی و چێژوەرگرتن...

من بڕوام وابوو ...

ئەوەی لەنێوانماندا هەیە خۆشەویستییە، جەستەیە!

ئەگەر دانەیەکی شێواوی خۆشەویستی بێت تۆ، جەستەکە لەبەری دەناڵێنیت!

ئەگەر رۆمانەکە، بێجگە لەو کارەساتە بێت، بوونی نابێت!

تۆ نەبوویت، کە ئەڤین و هونەر و جەستەی منت، دەکردە نیشانەکانی شۆرش، بەهەڵە و چەواشە لێکدانەوەکانت دەکرد؟!

تۆ نەبوویت، کە یەکەم چەخماخەی شۆرش هەڵدەکرا، کێ بوو گەمارۆی ئەڤینی دەدا، پەلامار و دەستدرێژی دەکردە سەر جەستە، هونەری دووردەخستەوە؟!

ئەزیزەکەم...

ئەوە تۆ بوویت... بە شۆرشێکی تر نەک شۆرشەکەی من، بە بۆنێک نەک بۆنی من، تۆ بەردەوام بەوەیان تاوانباری، بۆ نکۆڵی دەکەیت، کەواتە، لەسەر جەستەی ژنێک جێگای هەموو فەلسەفەکانت نابێتەوە؟!

ئەزیزەکەم...

نەدەبوو برسیەتییم بەو جەستەیە تێر بکەیت، بەو ئەڤینە، بەو شۆرشە...

چ دەبوو ئەگەر بە تومەتی تەقینەوەی درۆکانت بگیرێم؟!

چ دەبوو ئەگەر بە تومەتی هەبوونی دەست و پلانێک، هەتا لەدوا قەسیدە خۆکوژییەکەشم حوکم بدرێم، هەتا دوا رۆمانە دژەباوەکەم؟!

چ دەبوو ئەگەر بوار نەدرێم لە سوودوەرگرتن لە مافەکانم بۆ رەوشەکانی تەناهی؟!

چ دەبوو لە کۆتایی و لەسەر تاوانی تەقاندنەوەی تۆ، چەندین میدالیای سوپاس و دەستخۆشی کە لێم دەوەشێتەوە وەربگرم؟!

...

ئەزیزەکەم...

ئەو ئێوارەیەش میوانم مەبە، هیچ ئێوارەیەک میوانم مەبە...

فێربووم لە دووری جەستەی تۆش مەست و سەرخۆش بم، بێ هەموو بۆنەکانت...

فێربووم چۆن باڵە درۆکانی سەربەستی ببڕم کە بۆ منت دەویست...

فێربووم کەی بیانبڕم، ئەوەش بەشدارییەک بوون لە پووچەڵکردنەوەی ئاسمانەکانت!

ئەزیزەکەم...

بەحەق تۆ تاکە پیاو بوویت لەسەر سیسەمەکەم شێت بیت، بەڵام شێتبوونەکە دەڕوات و سیسەمەکە دەمینێتەوە!

چیتر جێمەهێڵە، قەمیسی نووستنەکەت، بڵێسەی هەناسەکانت بێنە، چێژوەرگرتنەکانت...

چیتر نۆژەن مەبەوە، چیتر، بە دیاری مەکرەکانت، بە نامەکانی بۆنت ...

ژنێکم و دوور دەکەومەوە لە وەهمەکانی پیاوان!

...

ئەزیزەکەم

رەنگە ئەوەش روو بدات و تۆ سۆزت بۆ جەستەیەک هەڵبستێتەوە،

هەر جەستەیەک،

رەنگە ئەوە رووبدات.

ئەزیزەکەم... ئەگەر روویدا، وەرە!

وەرە و بە دڵێکی کەمترەوە خۆشتم دەوێت،

وەرە و بە دوو لێوی ماندوو لە لاوازی هاوڵاتیبوون ماچم بکە، لە خیانەتەوە بۆ بەردەوامی و بەیەکگەیشتنەوە!

وەرە، جەستەت بۆ دەکوشم...

هەتا دوا دڵۆپەی ئەڤین،

هەتا دوا دڵۆپەی ژەهر!

وەرە،

بەیەکەوە ئەو شەوە پیر نابین،

هەموو شتە جوانەکان ئەو شەوە لەگەڵ ئێمە، پیر دەبن...

وڵاتیش پیر دەبێت،

شۆرشیش،

هونەریش،

ئەڤینیش!

ئای... چەند ناخۆشە کە ئەڤینیش لەگەڵ ئێمە پیر ببێت!

بەڵێ، خۆشەویستی، ئەو بوو، تەنها بەس بوو فتیلەی نووسینی بۆ دادەگیرساندم!

لە نووسینگەکەی ئەو لە بالوێزخانەکە، لەسەر کورسییە خۆش و گەرمەکە، یان بێ ئەوانەش، بە هەموو ژان و برینەکانم لەنێوان دەستەکانی دادەنیشمەوە.

پاش داواکاری و پەلاماردانێکی درێژ داوەتەکەم قبووڵکرد. قبووڵم کرد و چەند جارێکیش جەختی دەکرد و هیچ لێبووردنێکیشی داوا نەدەکرد، فەرموون ئەوەش داوای لێبووردنەکە!

دەوڵەت هەیە بە هەموو دامودەزگاکانەوە و ئینجا سوورە لەسەر تاوانەکانی!

روویداوە و دەوڵەتەکە بەر لەوەی تاوانەکانیش بکات دەوڵەتێک بووە نێرانە!

لەو جارەدا خۆی بەتەنگاو نابینێت بۆ قۆرخکردنی ئەو زەمەنەی لە هەگبەمدا ماوە دەستەمۆ بکات.

من زووتر کوفرم بە زەمەن کردبوو.

پێویستم بەوە نەبوو کاتێکم هەبێت، هەموو ئەزموونەکانم لەگەڵ تۆ هەرەسی هێناوە و شکاوە؟!

ئیتر بەو شێوەیە و بەو هەستەوە، بەپەرۆشەوە، هەموو وردەکارییەکانی رووبەڕووبونەوەم لەگەڵ تۆ دەزانن، فرانسوا بەردەوام دەبێت لەسەر پەلامارەکانی و بە ریتمێکی ترەوە وتی:

_ شادمانم، ئەزیزەکەم، لە هەواڵەکانا دەزانم تۆ تێکەڵییەکت لەنێوان نووسینی بەهەڵوێست و خەباتی مەیدانی و کارە مرۆییەکان بەدڵسۆزییەوە بۆ خزمەتی کێشەکانی دۆزی میللەتەکەت دەکەیت.

_ کۆششێکە و دەیکەم...

_ لەدوای ئەو خەباتە، دەبێ کۆشش و خەباتەکەت بەردەوام بێت...

لەودەمانە نائومێدییەکانم بە تۆ بەبیرهاتەوە:

_ کۆشش و خەباتی ئایندەم بەپاکی و هەمووی بۆ بەرژەوەندی خۆم وەک ژنێک دەبێت، رزگاربوونی میللەت و نیشتمان بەندە بە سەربەستی و بەختیارییەکانی ژنان...

ئەو پیاوە زۆرتر لێم نزیک دەبێتەوە، تا بە ئارەزووە کەمەکانی، زۆرتر ئاگر لە جەستەم بەربدات و لەبەرامبەر ئارەزووە بەرزەکانم کە لەبن دەستت کوژانەوە:

_ بەڵێ، ئەزیزەکەم، زۆر لە سەنتەر و رێکخراوەکانی ئیمڕۆ، هەمان بۆچوون و غیرەیان هەبوو، کۆشش دەکەن بۆ قەڵاچۆکردنی ئەو رەوشە کارەساتبارییەی ناو ئامێزی باکووری ئەفریقیا.

ئەو بەشەی باکووری ئەفریقیا، زۆری نەماوە بگاتە ناو زەڵکاوێکی تری هەڵکشانی جیهانی ئیسلامی، بۆ بەتاڵکردنی ئەو ژمارە زۆرەی دوژمنەکانت...

بۆیە باسی ژان و برینەکانی ژن و مێنییەکانی میللەتەکەم کرد:

_ گەورەم، چەوساندنەوەی ژنان، واقیعێکی جیهانییە و ڕاستییەکی هەموو نێرەکانە، لەوانە ئێوەش کە بانگەشەی هەڵمەتی ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانیان دەکەن و کۆشش دەکەن، کەرامەتیان پارێزراو بێت. ئەگەرنا...

قسەکانی بڕیم، ویستی ئارامم بکاتەوە، بە هەڵچوونەکەم شۆک دەیگرێت:

_ بەڵام، خاتوونەکەم، ئێمە بەڕاستی...

_ بەڵام، گەورەم، موستەحیلە ئێوە، مەعشەری پیاوەکان لە هەر شوێنێک بن، بتوانن حەق بە ژنان بدەن!

بۆ ئەوەی بە ئینساف بن بۆ ژنان، دەبێ جوانی ئەڤین و جوانی شیعر و جوانی فەلسەفەتان هەبێت!

بۆ ئەوەی بە ئینساف بن بۆ ژنان، پێویستان بە هونەرەکانی بلیمەتی هەیە!

بۆ ئەوەی بە ئینساف بن بۆ ژنان، بەسادەییەوە دەبێ ببن بە ژن:

موستەحیلە جوانەکانتان و جوانییە موستەحیلەکانتان!

٥٢

ئەزیزەکەم...

ئەڤین چیایەکە بەرووخانی زنجیرە چیاکانیش دەرووخێت.

ئێستاش، پاش دارِمانی هەر چیایەک لە خۆشەویستی، منیش ئیفلاس دەکەم...

بێ نیشتمان،

بێ دۆست!

لەناو خێڵەکاندا هێشتا نێرەکانیان کێشەیان لەگەڵ جەستەدا هەیە،

ئەوانە لەو چەشنەن، لە باوەشیان هەموو جۆرەکانی هونەر دەشێوێندرێت... دەتبینم.

هەرگیز تۆ لە ئاستی قەسیدەیەک نەبوویت، لە ئاستی رۆمانێک نەبوویت!

تۆ تەنها لەو ئاستەدا بوویت کە خۆت تێدایت!

**ئەزیزەکەم...**

**ئەو بڕیارە یەکلاکەرەوەیە چەند بە ئینساف بوو!**

**...**

**ئەزیزەکەم...**

**ئێستا وا من گەورەترین تاوانی نیشتمانی دەرحەق بە ئەڤین تۆمار دەکەم...**

**دژ بە عاشقێکی دیار،**

**دژ بە نێرینەیەکی زۆردار،**

**دژ بە دروشمە درۆکان،**

**دژ بە کەلتوورێکی بەگومان لە عەقڵانیەت و مرۆڤایەتییەکەی...**

**ئێستا من لەبن زەبری ئازار و ئەشکەنجەکانی تۆدا، ئیمزای دەستلەکارکێشانەوەکەم دەکەم...**

**ئێستا من وا دۆسیە قوورسەکەت دادەخەم،**

**هەموو دۆسیەکانی تۆ قوورسن...**

**دەبینی چۆن بەیەکجاری دایاندەخەم، بەیەکجاری؟!**

**دەمبینی، بەئینسافم یان زاڵم، بەوەیان سوێندت دەدەم؟!**

لەکویێ، کەواتە، دەستلەکارکێشانەم لە تۆ لە کێ دابنێم:

لەناو زیانەکانم، یان لەگەڵ دەسکەوتەکانم؟!

ئەزیزەکەم، ببوورە لێم:

داخستنی دۆسیەکان نە ئاسانە و نە میانڕەوییە:

بۆ هەموو داخستنێک فرمێسک و گوڵی شیاویشی لەگەڵە!

بەڵام ببوورە، کەمترین بابەت لەسەر دۆسیەکەت قسەیەک بکەم، دەڵێم کۆششێکی فاشیل بوو، بۆ دەربازکردنی مومیای ئەڤینێک زووتر بوونی هەبووبێت!

ئەڤین، بە هەموو تاقەت و بەهرەکانی سەمای مەکربازی، لەسەر پەتەکانی نێرینەیی، هەموو دەسەڵاتەکانی کۆتایی دێت!

٥٣

لە دابڕان و دوورکەوتنەوە دەترسیت، ئازارت دەدات، ئینجا داوای لێبووردن دەکەیت:

_ ئیزا... چییە، ئەگەر خولێکی تری زیادیش هەبێت، جەستە لەسەر جەستە ئاشتمان بکاتەوە؟!

با جەستەکان لەگەڵ یەکتری ئاشت بکەینەوە!

با ئاشتیان بکەینەوە، ڕەنگە باڵی شیرینترمان لێ بڕوێت!

ئیزا... ئای... خاتوونە ئەزیزەکەم...

جەستەکە چەند لەتاو دوورکەوتنەوە لە برسیبوون، هاوارت بۆ دەکات!

چەند لە دووری جەستەکەت، جەستەم بەرەو بیابانبوونێکی تەواو هەڵدەکشێت!

تۆش... ژنەکە هاواری جەستەکە نابیستی؟!

گوێت لێی نییە، بە گێڵییەکی بکوژ جوانترین بۆنت لە دەستدا؟!

ئیزا بەهانا و داوای جەستەکەی دەچێت...

دووبارە ئیزا دەچێتەوە سەر سیسەمێکی نوێ، کە بەردەوام ئارەزووی هاوبەشیان نەبووە و نەیانویستووە.

کە گلەیی و گازاندەکانم لە زەوق و ویژدانت دەکرد، دەڕۆیشتیت، وەک چۆن فێربوویت، لە گلەییەکانی ئیزا خۆشدەبیت، چاوەکانی دەکاتەوە، داوای لێوەکانی دەداتەوە، سەر لەبنەوە ژانەکانی

هەڵگێڕ دەکاتەوە، بەردەوام و شێتانەیە بۆ ئەو جەستەیە دەگەڕێیت.

جەستەیەک جەخت دەکاتەوە تەنها ئاواز بۆ ئەو بچڕێت.

جەستەیەک دەیەوێ تەنها بەرەو داوا و ویستی ئەو بچێت و بەس!

ببوورە، لەسەر هەموو سیسەمەکان دەکشێیتەوە ئیزا:

لە تۆ نائومێدە!

...

دابڕان دەترسێنێت، ئازارت دەدات، بۆیە داوای لێبووردن دەکەیت.

دەگەڕێینەوە سەر مێزێکی ئاڵۆز و زەحمەتی دانوستانەکان:

تۆ، ئەو جۆرە سنووردارە تەواوەت بۆ ئەڤینەکەمان دەوێت...

پەرۆشم من...

پەرۆشم و دەمەوێ بە هەموو وردەکاری هونەرێکی راستگۆی مولتەزم...

بە هەموو هەستی هەر برسیبوونێکی تەواو...

با هەموو لایەنەکانی جەستە، سوود لە پێشوازییەکانی خۆشەویستییەکەمان ببینێت!

درزەکەی نێوانمان هێشتا قووڵە و نێوانمان تێکدەدات...

ئارەزووەکە زۆر کەم و قێزەوەنە، لە سەرەتاوە تۆم لێی ئاگادار کردەوە...

کێیە دڵمان بەرەو ئاشتبوونەوەیەکی ئاڵۆز دەبات و بەس...

کێیە تەنها بە ئاوێزانێکی سارد هەردوو جەستەمان ئاشت دەکاتەوە!

...

ئەزیزەکەم...

لەگەڵ زەمەنیش بەبیرت دەهێنمەوە، من چەند چرکەساتێک ململانێم لەگەڵ کردیت، من لەسەر ئەو ساتانەی خیانەتی لێمان دەکرد، بەزەییم پێت دەهاتەوە:

مێینەییەکی ئاسان، منی سەرئاو کرد، بەڵام مێینەییەکە بە قووڵی تامێکی تری پێ بەخشیوویت.

هیوادارم لەو شەپۆڵە حالی بیت و تێیبگەیت!

...

من هێشتا ڕەوشم لە لوتکەیە...

بەنزیکبوونەوەت ئەوجارە هەموو برسیبوونە کەم و پیسەکانت بۆ دەگێڕمەوە،

هەست دەکەم من مێینەییەکم بە سیحرێکی زۆرترەوە،

من لەسەر عەرشە گەورەکانی ڕەتکردنەوەم، بە هەموو خەسڵەتەکانییەوە!

تا لە خەسڵەتەکانم ببووریت، تا لەبیرم بکەیت، دەڵێت:

_ بۆ لەبیرکردن پێویستم بە نێوانێک هەیە...

من نامەوێ لەبیرت بچێتەوە..

فەلسەفەکەی ترم پێ ببەخشە...

بە من، تۆ ناوی شتەکان سەرلەنوێ فێر دەبیتەوە،

هەروەها فێری مانای وەرزەکانیش دەبیت!

...

ئێستا هەر چەند ئاوێتەی خەسڵەتەکانم دەبیت، نەفرەت لەو سەمایە دەکەیتەوە کە لەبن دەستەکانم دەتکرد،

بەڵام بۆ هەموو سەماکانی درزی یادگارەکانی سارێژ دەکردەوە، دەستخۆشیت لێ دەکەم...

بەڵام لەسەر هەموو رابوونێکی بەردەوام دەبم، ئەوانەی تۆڵەم بۆ لە دومڵەکانی جەستە دەکەنەوە...

بەڵام من ژنە عاشقەکەم و هەموو رێگاکانی ئەڤین راست دەکەمەوە!

منت وەک کەسێکی ناکۆک دەویست،

فەرموو من ژنە ناکۆکەکەم:

ئەوا من مێنییەکەم بە تامێکی خۆشترەوە لەدەمت دەکەمەوە...

شادمانم بە مێینییەکی ئەو قۆناخە، سەرفرازم!

چەپکە گوڵێکی دانا!

چەپکە گوڵێکی یەدەگ...

_ گوڵیش لەسەر سەکۆی ئەڤین سوودی نییە، کە بەیەکەوە تەرمەکەمان بەڕێکردبوو...

هەموو... لەگەڵ خوێی فرمێسکەکان،

هەموو ... لەگەڵ پێوەری کارەساتەکە،

هەموو... لەگەڵ جۆر و قەبارەی زیانەکان؟!

گوێم لەو ژنە نازدارەیە ئەوەی... کە پیاوەکان لەسەر سیسەمەکەی دەڕۆنەوە، ئەوانەی پیاوەتی لەدەست دەدەن و دەڕۆنەوە، گوێم لێبوو دەیووت:

_ جێیانهێشتی، چیتان ماوە، بێجگە لە چەپکە گوڵەکە...

_ دایە، تکایە، بێدەنگ بە! چەپکە گوڵەکەش یەکەم درۆ و دوا وەهمەکانیەتی...

_ بەو زەبروزەنگە گێڕانەوەکانت بەسەر داواکانت سەرناکەون، باشە چەند ونبوون و زیانت دەوێ تا ئاشتببیتەوە؟!

_ بەڵام بڵێ:

چەند نێرینەت دەوێ، لەبن ئەتلەس سەری ببڕیت، لەسەر سێدارەکەی نائومێدی و خەمەکانت دابنرێن، تا تۆ دروست دەبیتەوە؟!

_ سەرناکەویت بەسەریان بە وردوخاشکردنی پیاوەتییەکانیان...

_ دایە...!

_ ببوورە، تووڕە مەبە، دەمەوێ بڵێم... بە وردوخاشکردنی پیاوەتییەکانیان...

_ سەرکەوتن بەسەر نێرینەکانیان، تەنها مانای وردوخاشکردنی خراپی ژنانە، لە ژنانی وەک من بۆ نمونە...

بوارم بدە لەگەڵ پاشماوەی زەلیلییەکان هەموویان ئازاد بکەم،

بوارم بدە شادییەک بۆ چیاکە فەراهم بکەن، ئەوەی شایستەی شۆڕش و رابوون و ژنە شەهیدی زۆرە.

_ بەڵام... بۆنەکان داوای گەرانەوەی دەکەن، داوای پێکەنینەکەی دەکەنەوە!

بەڵام... رۆمانەکە داواکانی هەموو بۆنەکانت، لەسەر بەرز دەکاتەوە!

بەڵام... هەر بۆنیک ناڕەزایی بکات، هەر رۆمانێک گلەیی بکات، هەموویان سەرکوت دەکەیتەوە!

بەڵام... جەستەت جەخت دەکاتەوە، ئەو بۆ یاخیبوون لە تۆ کوفر بە جەستەکەی بکاتەوە!

**_ دایە...!**

**_ ببوورە، تەنها دەمەوێ ئاگادارت بکەمەوە لە لووتبەرزییەک، بەدڵنیاییەوە هەموو ئەڤینەکانت دەکوژێت!**

**٥٥**

**بەڵێ چەپکە گوڵەکەت دانا.**

**چەپکە گوڵێکی یەدەگ...**

**لەگەڵ ئەو چەپکە گوڵەدا... وا ئێمە ئاوێزانێکی تر بەیەکەوە دەکەینەوە، کە نەکرابێت...**

**وا ئێستا تێدەگەیت، ئەگەر گوڵەکەت هەمان بۆنی نەبێت، هەمان هەڵوێست، هەمان سەداشی نییە!**

**وا تۆ دەڕۆیت، منیش هیچ سۆز  و بەزەییەکم بەرامبەر گوڵەکانت نییە:**

**ئەوەی وەک تۆ برسی بێت، لە چەپکە گوڵ بێبەش نابێت،**

ئەوەی وەک تۆ پێداگری دەکرد، سیسەمی نووستنی لێ ڤالاّ ناکرێت...

لە بۆنە خراپەکان،

لە مێینە بەڕەلاّ و لادەرەکان!

بۆیە بڕۆ!

بڕۆ بەرەو هەموو جەستەیەک لە چەشنی برسیەتی تۆ، کۆچ بکە!

تۆ بۆ ئەو جەستە باشیت...

ئەو جەستەیەش بۆ تۆیە...

ئەو جەستەی باش و گونجاو تۆی حەواندەوە، بۆنەکانی مارکەکانیش تەواو بوون، جوانترین شووشەکان!

ئەو جەستەیەی ئیهانەی بۆنەکەی کرد، لەعنەت لە هەموو باخچەکان دەکات، نەفرەت لە هەموو گوڵەکانیش!

چیتر لە تۆ ماوە؟!

خۆشەویستییەک برسیەتییەکی بەقەناعەتەوە نەبوو، برسیەتییەک بوو بۆ دوای ئەڤینەکە دوادەخرا!

چیتر لە ئێمە ماوە؟!

ئاگربەسێکی شلۆق و کۆتایی دڵدارییە...

کۆششی تری زیادیش، رەنگە بەرەو شکستی ترت ببات...

پرۆژەی ئاشتەوایی لەنێوان سۆزەکان و بۆنەکەم، ڕەنگە نیەتە باشەکانیش دوابخات...

تیکیتەکانی ئەفسوسیش دەبنە ڕێبەری خەمەکانمان بۆ گەشتیاران..

بەو حاڵەش هەموو رووکارەکانی نیشتمان، تووڕەیە!

بەو حاڵەش تۆ عاشقێکی بێ ویژدان و چارەنووست ڕۆمانێکی بکوژە!

بەو حاڵەش بۆنەکەت رادەگیرێت تا ڕۆمانەکە ئیمزات بۆ دەکاتەوە!

ڕۆمانەکە... ئایا ئیمزات بۆ دەکات... بۆ تۆ؟!

ئەزیزەکەم یوبا...

لە چاوەڕوانی ئەوەی ڕۆمانەکە ئیمزایەکت بۆ بکات، باڵاترین نمونەکانی تووڕەیی منت پێشکەش، بەو بەشانەی مقەسی سانسۆریشم لێیان ئاگادار کردیتەوە..

ئەزیزەکەم یوبا...

لەو چاوەڕوانییەدا، خوێنی ئەو بانگخوازەی ئەوەی، ئەگەرچی لەسەر بانگەشەی گوتارێکی عەقلانیەت بۆ ئازادی، هیچ گەردێکی لەسەر نییە، بۆ ئەڤینش، بەڵام لەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکانی ئیقناعم ناکات!

ئیمزا

ئيزا